# DLANPAR

دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

ژمارە 1 خولی پێنجەم 1995.03.25



DLANPAR

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردســـــتان

ناونیشان KAPNK. P.O.BOX 533.00101HELSINKI.FINLAND
بانکگیرو 800024 - 12855719 PSP - HELSINKI. FINLAND
فـــاکس
ته له فون - 30 80 45 HELSINK. FINLAND

# له م ژمـــــاره یه دا

لاپه ره ئازاده کان

1 – ئافه رین پارتی ، عانفه رین یه کێتی .................... دلانـــــپار
2 – کاردانه وه ی بزاڤی نوێی گه لی کورد ............... کاروان هه ورامی
6– چه ند به ڵگه نامه یه ك ........................................ جه مال نه به ز

لێکوڵینه وه ی مێژویی

13– بیێ حیکمه ته ئه و میلله ته نه بووه به هیچ.................. سیروان
15– د ه ست له گه روی حه وت ملیۆن ............ به رێوه به راتی کۆمیته
16– لێکۆڵینه وه یه کی گشتی له بنچینه هزریه کان .........باوکی کاڵێ
21– لیکوڵینه وه یه ك له مێژوی کوردوکوردستان ............. م. ڕێبـــوار

کوردۆلۆجیـــا

23– کوردستان نیشتمان وگه لێکی ........... /جه واد مه لا /و/ شێرکۆ کۆیی
27 – هه ڵبژاردن له فه ڕه نسا.......................... سیروان سۆرانی
30 – خاتو ژیگالینا ....................................د . جه بار قادر

زانست وته ندروستی

33– ژن و ژنی ئاوس ، ڤایرۆسی HIV وئایدز ............... د. زاهیرسۆران
35– هه یاسه له ئه ورستان چباسه ؟ .............. به رسیڤی / هه یاسی خاس

که شکۆڵی ئاواره یی

38– خوێندنه وه ی ئه زمونی شکست له شیعری ............عه تا قه ره داغی
( په ریزاد و گوله که ی دوژمنی ) شیرکوبیکه سدا
41 – چاوپێکه وتنێك له گه ڵ ...... ز.عه بدوڵا/ئاماده کردنی/هه رێم.ك. بارام
هونه رمه ند وریا ئه حمه د
43– جوانناسی ............ بێنێدتۆ کرۆتشه /و/ سه ربه ست خه سرۆعارف
45 – ره خنه ی هونه ری ............گیرۆمی ستۆلێنتز/و/ ره هبه رجه لال
49 – خۆی خۆی ئه ناسیێ !(کورته چیرۆك ) ......................تـوانا توانـا
50 – چاوپێکه وتنێك له مه ڵبه ندی رۆشبیری کوردی ......... م . به رزنجی
52 – گۆرانی وهه ڵپه رکێی فۆلکلۆری کوردی ....../ر.سۆلیکی /و/ ر. جه لال
* په راوێزی دلانـــپار / چرپه ............................. کـاکه بـاس

## ئـــــــاگـــــــاداری

نامه کانتان له سه ر خواستی خۆتان بڵاوده کرێته وه. مه رجنییه ئه وه ی بڵاوده کرێته وه ده گه ڵ بیرو باوه ڕی ئێمه دا بگونجی . ده قنامه ونوسینه کانتان نانێردرێنه وه. له رویه کی لاپه ڕه بنوسن ده قی فۆتۆکۆپیکمراومان بۆمه نێرن . به باشتان زانی ره چاوی رێنوسی گۆڤاره که بکه ن . ناو و ناونیشانه کان به ریکو پیکی بنوسنه وه . خوێنه ران له به رهه می به پێز بێبه ش مه که ن .

گۆڤاوه رزی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستانه . به سه رپه رشی لیژنه ی بڵاوکردنه وه

ر.مامه ش . ر.محیێدین . ئـ.مسته فا . هـ.ئه کره م

## خوێنه رانی خۆشه ویست


ساڵێك له ته مه نی مێژو ماڵئاوایی کرد ! ساڵی نوێتان پیرۆز وا ساڵێك ماڵئاوای کرد ! ساڵێکیش رۆژباش ده کات !! به ڵام نه ماڵئاوایی له گه ڵ ئێمه یه و نه رۆژباشیشی ، که له نده ری ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردستان له سه ر ژماره ی سفر وه ستاوه ! له خانه ی شه ڕی خۆکوژیدا ، چه ند سه ده ساڵێکه مێژومان له و ساته و له و خانه دا قه تیسماوه ، جیهان له گۆڕان و گه ڕان دایه ، که چی ئێمه ی مێژو قه تیسماو ، ئێمـه ی به ره و لاپه ره کانی دواوه . چاوه ڕێ ده که ین چه رخی چه پگه رد جارێك به دڵــی ئێمه وه رسوڕێ و ئاوڕێ له ئێمه بداته وه ، تا پڕ به دڵ رۆژباشی لێبکه ین و تێر ده سته کانی بۆ راوه شێنین !

ویستمان بوو دوای هه ڵه بجه ، ئه نفال و کاره ساته دڵته زینه کانی ئه م بیست ساڵه ی دوایی ئیدی شان به وه وه باده ین و بڵێین ئه م جاره یان له مێژو شتێ فێربووین ، ئه م که ره ته یه که م که ره تـه له مێژوی درێژخـایه نی قه تیسماو دوژمن زه فه ری پێنه بردین !

وه لێ به داخه وه وا پێده چی ئه و ئـاواته مان هێشتا ته راویلکه و خه وی دوری شه وێکی نادیاربێ!

ئه رێ ! له گه ڵ ئه وه شدا دیسانه وه له باوه ڕ به پیرۆزی قوربانیه کان و گڕه نه کوژاوه که ی کوانی نه ورۆز ئاسمانێکی پڕ له هیـــوا هه ڵده ده ین و ئاواتی ئه وه ده خوازین ئه م جاره یان خانه ی سفری مێژو ره ت کـه ین !

*لیژنه ی بڵاوکردنه وه*



# ئـــافه رین پـــارتی
# ئافه رین یه کێتی !

چی مـــا ئه تکی نـه که ن ! ته رمی شه هیدانی سه ر سنور ! به ماچ ! په یمانه که ی پاریسیش به فرۆشتن و روشاندنی که رامه تی نه ته وایه تیمان ! راپه ر ین و ده ستکه ته کانیشی به جه نگی خۆ کوژی !!
به لای زۆربه ی هاوولاتیانه وه ده بێ ئه وانه (پارتی + یه کێتی )پشتگوێ بخرێن ئه مه رای هه موو ئه وانه یه که تا دوێنێ له باشوری کوردستانه وه تا ئه ورووپای ئازاد چه قاوانه یان بۆ پارتی و یه کێتی لێده داو ئێمه مانان نه مان ده وێرا بڵێین؛ هۆ برا برۆ به سه ر چاوانه وه ن ، ئیمرۆ چێتر ئه وانه ده ناسرێن که هه لوێستی دوێنێیان .... هه لپه رستی بوو هی ئیمرۆشیان هه ر هه لپه رستییه ! کوری رۆژ خۆ بژێنه کان ! رووداوه کانی ئه م دواییه نه بان ئه و هه لپه رستانه ئاوا رسوا نه ده بوون ، وا له هیکرا ئاشکرا نه ده بوون ده سته که یان نه ده که وته روو، ئاوا پوخت و خێرا نـاوه رۆکی پـوچه لیان نه ده که وته گۆرێ !!
به لام ئێمه هه روا واز ناهێنین ! نه خێر ئه وه ی رویدا و ئه وه ی له نگینه ، هـه روا روداوی رۆژانه ی ئاسایی نین و کرێمی لێوی به ره و په ر له مان و حکومه تی کوردستان نین که هه لپه رستان له گه ل رۆژ ده یان گۆرین ، ئیمرۆکه ش که به رژه وه ندیان تێدا نه ما تۆرپان ده ده نه زبڵگه ، نه خێر ئه وه ی رویدا په لّه یه کی ره شه به نێو چه وانه وه ! پێویستی به دادگایه کی نیشتمانی کوردستانییه هه موو ئه وانه بـه رداد کات که ده ستیان تێدایه .
رێکه وتنامه یه ك ! ده یان رێکه وتنامه ی ئاوا ها تاوه کو ئیمرۆ بونه به ردی بنـگۆمێ ، نه که س لێی پرسینه وه ، نه که س لێیان ده پرسێته وه ، وه لێ ئه م رێکه وتنامه یه ی ئاوا به رۆژی روناك فرۆشترا، شۆقلێك نه بوو مه فره زه یه کی چه کداری شره خۆره کان ئاودیوی کات و که س نه وێری لێی بپرسێته وه . نه خێر !
ئه مجاره یان ئه و ده لالانه پێویسته رسواکرێن ! بۆیه ئێمه به پێویستی ده زانین لیژنه ی بالای لێکۆلینه وه له و چه ند لایه نه پێکبێت ، یه کێتی پارێزه رانی کوردستان /هه نده ران ، کۆمیته ی مافی مرۆڤی کوردستان / هه نده ران ، که سانی پسپۆر ، نوێنه ری یـه کێتی پارێزه رانی باشوری کوردستان / بۆ به رداد کردن و لێپرسینه وه له :

- هه ردوو نوێنه رانی یه کێتی و پارتی و ئه ندامانی وه فده کانیان .
- سکرتێرانی هه ردوولا ( پارتی و یه کێتی )
- ئینستیتوتی کورد له پاریس . (بۆ رونکردنه وه و به ده ستهێنانی راستی )
- کاك نه جمه دین که ریم و کاك فوئاد حوسین . ( بۆ هه مان مه به ست )

فرۆشتنی ئه و به لگه نامه یه کارێکی هێند بێبایه خ نییه ، ئێمه ی هاوولاتیانی کوردستان هه روا سوك و ئاسان به سه ریدا رابورین و لێی نه پرسینه وه و بێده نگی لێبکه ین ، ئه مه کارێکه رێك که رامه تی نیشتمانی و نه ته وایه تیمان ده روشێنێ .
پێویسته رۆلّه هۆشیارو وریاکانی کوردستان له نێوو ده ره وه دا پشگیری له و دادگایه بکه ن .
له سه رتاسه ری جیهان ، له هه ر ولاتێکدا ، یاحکومه تێك یاخود له نێو هه ر بزاڤێکی نیشتمانی و پارتیکدا کاتێ کوکه ( گێت ) ی ئاوه هایی هه لده ستێ ، ده ستبه جێ لیژنه ی لێکۆلینه وه و دادگای بالا ده که ونه تۆژینه وه و به ردادکردنی هه موو ئـه وانه ی ئـه و کوکه یان لێهه لساوه .
کوکه ی ئه م دوایه په یوه ندی به چه ند پارت و داموده زگای دیاری کوردی وکوردستانییه وه هه یه ، که تاوه کو ئیمرۆ هه موویان له خۆیان بێده نگن ، ئه مه شه گومان ده خـاته سه ر هه موو ئه و لایه نانه ی به شداری دانیشتنه کان و گه لاله کردنی ئـه و پـه یمانه فرۆشراوه ی نێوان پارتی و یه کێتین .
ماوه ی چه ند مانگێك تێپه ری تاوه کو ئیمرۆ هیچ کام له و لایه نانه ، روون کردنه وه یه ك ، پاکانه یه ك یاخۆ هه لوێستێکیان دیارنییه ، ئه مه چی ده گـه یـه نێ ؟
بۆ چ ده بێ وا لـه خۆیان بێخه م بن ؟ بێگومان چونکێ دلنیان که س نـیـه لێیان بپرسێته وه .
چاره نوسی داموده زگایه کـی کـوردی وه ك ئینستیتوتی کورد له پاریس کـه به ره نج و ماندیبوون و یارمه رتییه کی زۆری هاوولاتیانی کوردستان پیگه یشت و به رده وام دووپاته ی له سه ر ئه وه ده کرده وه که ته نێ خه ریکی پارێزگاری کلتورو رۆشبیری کوردیه ، له ناکاو خۆی تێکه ل به زۆر روداوی رامیاری گه وره گه وره کرد ، دواترینیان گه لاله کردنی ئـه م پرۆژه ی نێوان پارتی و یه کێتی بوو له ئه نجام دوای فرۆشتنی په یمانامه که ، ریزی ئینستیتوتی کوردی پاریس داکشا . ئیمرۆ بۆ ده بێ لـه خوتوخۆرایی وه ك ده زگایه کی گومانلێکراو ئاماژه ی بۆ بکرێت ؟ ئه ویش له گه ل هـه موو لایه نه کانی تر به هۆی درێژه دان به بێده نگی و شاردنه وه ی روداوه که به ده ستی خـۆی خۆی له خانه ی گوماندا هێشتۆته وه .
هیواداریین به رێوه به رانی ئینستیتوتی کورد له پاریس چی زووه لـه و باره وه رونکردنه وه ی خۆیان بلاوبکه نه وه .
له کاتێکدا یه کێتی نیشتمانی کوردستان له چه ندین بلاوکراوه دا تومه تی کوکه کـه ی داوه ته پال پارتی دیمکراتی کوردســـتان / یه کگرتوو « پارتی هه ر له حه واوه په یمانه که ی فرۆشت » به ده ربرینی یه کێتی ........ به قسه ی هێندێ لایه ن گوایه لـه رۆژنامه ی « گولان » دا ، پارتی وای بـــلاوکردۆته وه ( بۆچی ده بێ رێکه وتنامه یه کی ئاواها لـه دۆستان بشارینه وه ....... ) مه به ست لـه و دۆستانه دیاره تورکیا و ئێرانه !! چونکێ وه ك باوه به لگه نامه کانی ئه م رێکه وتنه له لایه ن هه دوولادا بلاوکرایه وه !! تائێستا له ئه ورووپا ئه وه هه ر به قسه بیستراوه ، رونکردنه وه ی پارتی له وباره دا چییه ؟؟ ئه وه نده ی ئێمه ئاگادارین پارتی له و باره وه تا ئێسته بێده نگه ، وه لێ ئایـــا بێده نگی پارتی بـه لـگه ی راستی دوژمنه هاوپه یمانه که یه تی ؟؟ ئـــه وه شیان هه ر جیگه ی ، گومانه دکتۆر نه جمه دین که ریم سه رۆکی کۆنگره ی نه ته وه یی کورد له باکوری ئه مریکا ، هێنده ی ئێمه ئـاگادارین ئه مه یه که م هه نگاوی پراکتیکییه تی له گۆرپانی به رفراوانی رامیاری دا ، دوای پتر لـه سێ مانگ به سه ر مه زاتـکردن و فرۆشتنی په یمانه که و له گه رمه ی جـــه نگی پارتی و یه کێتی دا ، له پشکا کوردی رادیۆی ده نگی ئه مریکا بۆیه که م جار سه رزاره کی و بن لێوه کی باسی ئه و کوکه که ی هێنایه گۆرێ !!
باسکردنی ئه و کوکه یه له گه رمه ی جه نگی پارتی و یه کێتی ، به ئامانجی خۆشـکردنی ئاگری ئه و جه نگه خۆکوژییه بوو ؟ یـــــا مه به ست خۆ لێده رهاویشتن ، یا پاکردنـه وه و

تەکاندنی دامێنێ تێوەروچووی ؟ هەروەك بەئاشکرا لەو باسانەدا هەستی پێدەکرا کە ماوەیەك لەمەوبەر لەو کۆبونەوەدا خرانەروو ، دیسا لە شێوەی چاوپێکەوتندا لە بەرنامەی کوردی دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە ؟ هەڵوێستی فرەنسا و مێتران لەو کوکەیە داچییە ؟ بە گوتەی هێندێك گوایە مێتران فەرموویەتی « بە جێبەجێ کردنی ئەو پەیمانە لە لایەن یەکێتی و پارتییەوە کارێکی وا بۆکورد دەکا تەواوی جیهان دەخاتە سەرسامی » ئەو گوتەی مێتران و نانەوەی ئەو کوکەیە و ساردکردنەوەی دژایەتی کردنی رژێمی فاشی عیراق و نوێ کردنەوەی پەیوەندی فرەنساو عیراق دوای جەنگی کوێت ، چ پەیوەندییەکیان بەو کوکەیەوە هەیە ؟؟ ئایا فەرەنسا بەدوای روداوێکی وادا دەگەڕا بیکاتە بیانوی خۆنزیکردنەوە و نوێ کردنەوەی پەیوەندییەکانی بە رژێمی عیراقی ؟؟ ئەو فەرەنسایەی کە لە ئێوارەی کردنەوەی ئینستیتوتی کورد لە پاریس و مەقەس نانە بەر قرتێلەی پەیمەیی ئاهەنگی کردنەوەی ئینستیتوتی کوردی پاریس بە دەستوپەنجەی خاتو مێتران ، هەر لە هەمان ئێوارەدا بەڵگەی فروتنی نوێترین فڕۆجەنگی لەگەڵ رژێمی عیراقیدا بەدەست و پەنجەی مێتران ئیمزاکرد ، واتە یەك دوو ژمارە لە گۆڤار و بڵاوکراوەکە ئەستەمە ئەو جوتیارە هەژارانەی کوردستان ناویشیان ببیستن بەرابەر بە پۆلێك لەو فڕۆکانەی کە لە چاوتروکانێکدا سەدان گوند و هەزاران ماڵە جوتیاری کوردیان پێ کاولدەکرا ! لە بارودۆخی پتر لە دەساڵ پێش ئیمڕۆ پێویستمان بەو جۆرە دۆستایەتییە هەبوو ؟ ئایا ئیمڕۆ پێویستمان بە دۆستیایەتی ئاوەها هەیە ؟

بۆ رونکردنەوەی هەموو ئەو پرسانە بە پێویستی دەزانین دادگای باڵای نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی پسپۆڕانی لێهاتوو ئۆرگانە کوردستانییە پسپۆڕەکان چی زووە دەستبەکاربێت .

ئەو راپەڕینە مەزن و پڕشکۆیەی دامودەزگا گەندەڵەکەی بەعسی رامالی و شەپۆلی هەرەشەی گەیشتە دەروازەی کۆشکەکانی فاشیەتی ئانقەرە و مۆڵگەی ئایەتوڵڵاکانی تەهران و کۆشکی پیلانگێڕانی ئەمەوییەکانی دیمەشق و بەگشتت گەمارەکانی جیهان کەوتنە پەرە پێلوزەی رێبەستن لە تەشەنەکردنی ، لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای پارتی و یەکێتی بۆ دەستەمۆکردنی ، دوای چوار ساڵ هێشتان گیانی ئەوەندە هێزەی بەبەرەوە ماوە و وەك هێسکە ماسی لە قورگی ئەوانە گیربووە و بۆیان قوت نادرێت !!

ئەوە تا دوای دوو هەزار ساڵی پڕ لە ئەزموونی تژی لە کارەساتی مێژوویی ولە جەرگەی خاکی ئوربانی یەکەمدا ، لەو پەڕی ئۆقیانوسی ئەتڵەنتییەوە ، لە خاکی چەند ساڵەی تازە دۆزراوەی ئەمریکاوە ، نوێنەرێکی جڤاتی ئەو وڵاتە بە هەڕەشەیەکەی توند و تیژەوە بەرامبەر دوو سەرکردە پێشڕەوەکەی کورد دادەنیشێ و هەڕەگیفیان لێدەکات « چیدی یەکتری بکوژن و خۆ بە خۆ یەکدی بخۆن دوا رۆژتان باش نابێت و ئەو نیمچە ئازادییەی هەشە لەکیستان دەچێ » .

لۆتییەکی وەك عودەی سەدام لە رۆژنامە و رادیۆکاندا دەفەرموێ « ئامادەم بکەومە بەینی تیرە کوردەکانەوە و ئەو جەنگ و ئاژاوەیە رابگرم !! »

لە سەرێکی ترەوە ئێستەگانی جیهان و کەناڵەکانی تەلەفزیون ئەو راپۆرتەیان پیشانی خەڵکاندا کە تێدا دیتمان چۆن رۆڵەی کورد بەدەستی رۆڵەی کورد گولەبارانکراو ئازار و ئەشکەنجەی درابوو بە شێوەیەك دیمەنی رۆژانی بەعسی دێنایەوە پێشچاو .

لە ترۆپکی بەرەو رزگاری ، بۆ دامێنێ ژێردەستەیی و دیلیەتی ، لە ئابڕوکرینەوە بۆ کەرامەت فرۆتن ، لە هەڵگری پەیامی دیمکراتیەت و هەڵبژاردنەوە بۆ ئەنتیدیمکرات و خۆپەرستی لە نەتەوەیێك لە سەروبەری لەدایك بوونەوە بۆ چەند تیرەیەکی شەڕەنگیز ، لە ئازاردراو و ماف خوراو و قوربانی کیمیاوی و جەلادەکانی بەغدا بۆ بون بە جەلادی یەکتری !!

کۆمەڵێك بەوەوەخەریکن شۆڕشگێڕانی کوردستان بەدەستەوەی ئێمەم یا ئەو داگیرکارەوە دەدەن ، کۆمەڵێکی تر لە ولاوە دەستنیتە گەروی ئازادی پتر لە حەوت ملیۆن هاوڵاتیانی ژێردەستەی ئێران !!؟ چیتان بۆ ئەم نەوەیە هێشتەوە هەستی شانازی پێبەخشی و ئاسۆی رزگاری تێدا بەدی بکات ؟

گەر ئەو قسە سوك و چروکانەی نێوێنەران و لایەنگرانی ئەو دوو پارتییە لە نێو جەماوەردا ، بەتایبەتی لە هەندەران بڵاویدەکەنەوە بەلاوە یان بنێن ، ئەوەی دی هەموو ئەو دیاریانەیە کە دوای چوار ساڵی رەبەق لە قوربانی و شەونخونی و برسیەتی هاووڵاتیانی کوردستان ، یەکێتی و پارتی و پەرلەمان و حکومەتەکەیان بۆ هاووڵاتیانی کوردستانیان بەدەستهێناوە !

ئێمەش هەر ئەوەندەمان لە دەست دێ پێیان بێژین !!

هەی ئافەرین پارتی ، دەك عافەرین یەکێتی !!

دلانــــــــپار

کاروان هەورامی

# کاردانـ

ئیمڕۆ کێشەی کورد لە بیروباوەری خەڵکی جیهاندا جیگەی گرنگی خۆی گرتووە . وڵاتانی نەیاری دراوسێی ئەو وڵاتە بەخێر و بێرە نەختەی پوچەڵ کردنەوەی شۆڕشەکەی دادەرێژن .

وەك ئاشکرایە تورکیا زەبرو زەنگی دژ بە میللەتی ١٤ ملیۆن کەسی کورد لە بەشی باکوری کوردستان بە دوورەندانەترین شێواز بەکاردێنێت . راپۆرتەکانی وڵاتانی خۆرئاڤا و ئەمریکا ژ هەر وسا دبێژن :

« ..... لەم بەشەی جیهان لە کوردستان جەنگا بنەبڕکرن و ژینۆسدیێ رێك و پێکانەی بە پلانە لنالیا رژێما تورکیا دژ بەکورد و بهەنجەتا پاکتاوکرنا پارتا کرێکارێن کوردستان دێ رەچاو کرن »

دوای کۆتایی شەڕا دوویا گێتی تا ئەم ساڵانەی دوایش بەشی هەرە زۆری هێزا سەربازی تورکیا لە سەرجەمی ٥٠ بەتالیۆنی لشکەری تورکا ٣٠ بەتالیۆن لە کوردستان ژبۆ رووناناکەندو کۆسپ لەهەمبەر گەشەکرنا بزاڤی نیشتمانی کورد مەلۆس درابو. بۆ ئەوەی ئەم بەشە لە میراتی پاشماوەی جێماوی سەردەمی عوسمانییەکان لە دەست حکومەتا ئیرۆ ئەنکارا دەرنەکەڤی .

لە چاخی شەڕیسارد دەسەڵاتدارانی رەگەزپەرستی تورك زۆر بەقنجی سودیان لە پەیمانی ناتۆ و بەتایبەتی ئەمریکا وەردەگرت ، ئەمەش بەمەهانەی جەنگی قورس و نغرۆکردنی هزرو بیری چەپ و وشیاری و ئاگاهی گەلی کورد دەکرا و . گوایە بەم ئارمانجانە پیشگرتنێك بۆ لەدەست رۆیشتویی و دەسەڵاتی سۆڤیەتستانا بەری لە ناوچەکەدا دێ ئاڤاکرن.

ئاشکرایە ماوەی بیستودوو ساڵا رەبەق بوری ، لە ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٦٣ سەرجەم ٢٠٨,٠٠٠ ملیارد مارك لە لایەن ئەوروپا خۆرئاڤا بەتایبەتی ئەڵمانیا ، هەموو ساڵێکیش لەوماوەیەدا پێنج ملیۆن دۆلار

# بزاڤی نوێی گه لی کورد له باکوری کوردستان به ره و ترۆپکی رزگاری پێشڤه ده چێت!

## ـــــه وه ی

له ئه مریکاوه به م بروپیانویانه ی که باسمان لیۆه کرد و له پێناو مه به ستی سه ره کی، واتا فه وتاندن و تواندنه وه ی نه ته وه یه ك ده ست ژنرالێن تورك که تیبه .
له واری دیپلۆماسیشدا له نێوان سالانی ١٩٧٦ - ١٩٨٣ دا ده یان هه ڤپه یڤین و هه ڤدیتن له بۆ رێکه وتنی دوور له ویستی خه لکی کوردستان ، بۆ نه هێشتنی شۆرشی رزگاریخوازی نه ته وا کورد له ( به غدا + سلۆپی + ئانکارا + بورجا تاران + کانی ماسی ) پێکده هات ، تاکو هه نوکه ش تورکیا له سه رینه مای ئه م په یمانانه ئه سمانا کوردستان به فرۆجه نگیه کانی ده برێت و ئاخا کوردستان بوردمان ده کات ، سه ره رای ئه وه ی کو خاکی کوردستان له بن ده ستا تورکیا داگیرکار دایه ، هاوولاتیانیش تووشی کوشتنی ئه سته م ، راگوێزانی به کۆمه ل ، کوچبه ری بوون ، ئاخی نیشتمانیش له شه وتان و کاولکاری له لایه ن هێزی سه ربازی نه یاری تورکیای روو ره ش دایه ، گه لیش له پێناو به رخۆدان له ماوه ی کورتی ده سالێن بوری پتر له ١٣ هه زار که س قوربانی داوه .
لێ به لێ نه ته نیا ئه م خوێنانه هۆکاری بوژانه وه ی هه ست و گیانی دامرکێنراوی چه ندان ساله ی گه ل بووه ، به لکو بونه ته هۆی په یدا بونا په تانسیلیکی نوێتر ژ بۆ رێکخستن و وشیاری سه رده م له ناو ریزی خه لکاندا، بۆ وێنه که سێن زانا و به ئه مه ك بۆ ته له ندانه وه ی ئه م خوێنانه خۆیان ئاماده کرد و به گورجی که وتنه ناو جه رگه ی کۆرێ خه بات و خۆیان له ناو کۆر و کۆمه ل و رێکخراوی به رگری له مافیمرۆڤ دۆزیه وه .
له کۆتایی سالا ١٩٨٦ له لایه ن ولاتپارێزانی چه له نگ و چالاك رێکخراوا « کۆمه لا مافا مرۆڤا کوردستان » هات ئاڤاکرن ، له کاره کانی ئه م کۆمه له یه کۆکردنه وه ی راپۆرت - به لگه - وێنه له ژیانی خه لکی لێقه وماوی کوردستان ، هه روه سا ئاماده کردنی لیسته ی که سانی پاکتاوکراو له داموده زگه یێن باژێرا باکورا کوردستان ، وێنه گرتن له گوند و شوێنه گشتیه کاولکراوه کان ، هه روه ها رونوسکردنی ژماره ی که سانی ئه شکه نجه کراو - سوربگومکراو ، ئو ئه ژمارا کۆچه ران و روپه رو ئالۆزبونا ژیانا هاڤوه لاتێن کوردستان .
که سانی ئه م رێکخراوه له ناوه راستی مانگی ٦ ی ١٩٩٤ له بۆ لێکۆلینه وه له گرفتی کۆچبه رانی کوردی باکوری کوردستان که له چوار ئۆردگای نزیك باژێره کانی زاخۆ - دهۆك - ده ژین ، گه یشتنه ده ف « قایم مه قامی » شارا زاخۆ و به کۆششی خۆیان له چۆنیه تی ژیانی سه ختی ١٥ هه زار که سی له وێ ده ڤه رێن راپۆرتیان ئاراسته ی کۆمه له ی نه ته وه یه کگرتووه کان کر ، خویایه له هه ردوو ئالیانه وه به ره ی رزگاریخوازی شۆرشه که به چه ك و خه باتی نه هێنی ، هه روه ها وه ده ستهێنانی تریبیۆنی پارله مان و چاندن و بلاوکردنه وه ی بیری نه ته وایه تی له راگه یاندی رۆژنامه گه ریدا نه سره وتیان و خه بات به پێش برن ، بیری به سته لۆکی جارانیش که له خزمه تی شۆڤینیزمدا بوو نه ماو تاوایه وه و نه ترسانه په یڤداران و ده مراستانی خه لك سنگیان له هه مبه ری رۆمی ره شدا کره قه لغانی به رگری و رامیاری پارته تورکه کانیش هه ر له پارتا دایکی نیشتمانی تورکۆت ئوزال و پارتا سۆسیال دیمکراته سلێمان دیمرێل و پارتا ره فه هی ئیسلامیی نه جمه دین ئه ربه کان و هه تا پارتی رێیا نوێیی تانسوا چیله ر هه ر یه ك له وان به ناڤێ به لێنی به کورد دا که شتێکی بۆ جێبه جێ ده که ن !!

## پرۆسه ی دامه زراندنا پارتی لانگیری کورد

له سالا ١٩٨٦ که سانێك ، واته حه فت په رله مانتار له سه ر کێشه ی کورد بۆ کۆنفه رنسا « مافا مرۆڤ » له پاریس بانگهێشتن کرابوون ، ئه م پارله مانتاره کوردانه دوای گه رانه وه یان ، به گوناها په یڤ ده ربرین له سه ر که سایه تی نه ته وا کورد و پێشێل کرنا مافا مرۆڤ

به پێی برپار و فه رمانی لشکه ری تورك له په رله مان ده رکران . هۆکاری کاردانه وه ی ئه م ره فتاره فاشستیانه یه بۆیه ئه نجامی ده ربرینی هه لوێستی رامیاری - رێکخستن له لایه نی که سانی دلسۆزی گه لی کورد کو پێشان له سه ر لیسته ی پارته تورکه کان ده که وتنه پارله مانی ئانکاراوه و ده مراستی سیاسه تی تورکه کانیان ره چاو ده کرد .
له ٧ ی حوزه یرانی ١٩٩٠ « پارتی ره نجده رانی گه ل HEP دامه زرا . له ده ستپێکا دامه زراندنی ئه م پارته « فه همی عشقیلاز » بو به سه رۆکی پارتی نێوبراو ، به لام له ترسی هه ره شه و گفه ی حکومه ت رێگای پال دان و سه رشۆرێ بۆ حکومه ت گرته به ر . چه ندان هه ڤالێشی له رێبه رانی ئه و پارته ده گه ل خۆی خست و سه ریان بۆ ده سه لاتداران و فه رمانبه رانی ئانکارا چه مانده وه . به لام که سانی قاره مان و به جه رگ سل نه بوونه وه و درێژه یان به خه باتی خۆیان دا . ئالای ئه م پارته نه و نه مامه هه ر شه کاوه راگیرا . به ئاوه دان کردنه وه ی بنکه ی ئه م پارته پارته کانی تورك له سه رانسه ری تورکیا و کوردستان له واری رێکخستن و سیاسیدا توشی قه یران و ئالۆزی بوون .
پارتی HEP له یه که م ساته کانی ته مه نی خۆی دا به پێناسه ی به رگری له مافی کورد و ئاشتی و دیمکراسی لیۆه شاوه یی خۆی پاراست و هه لوێستی دژی شه رێ قرێژ و نا به رامبه ری ده سه لاتدارانی ئانقه ره له دژی کورد ده ربرێ . به لام له بواری رێکخستن و په ل هاویشتن بۆ ناو ریزه کانی گه ل هێش ساوا و که م ئه زموون بو . له یه که م هه لبژاردنی گشتی ١٩٩١ دا HEP ده نگ و باوه رێ باشی له نێو خه لك به جێ هێشت ، په نجا له سه دی خه لك پشتی پێبه ست ، فه رمانبه رانی تورکیا که ئه م ئه نجامه یان زانی هه ندێ لێکدانه وه ی تریان بوو ، هه رچی سۆسیال دیمکراسی بو له بۆ کێشی زێده تری له نێو داموده زگای حکومه ت پتر خۆی له پارتی HEP نزیك کرده وه وتا وه های لێهات هه ژده په رله مانتاری کورد له سه ر لیستی سۆسیال دیمکرات له په رله مانا ئه نکارا جێگایان گرت ، به لام کاتی سوێند خواردن له هۆلی په ره له مان بۆ یه که م جار له مێژوی گه لی کورد هه لوێستێکی دن هات خویا کرن ، چونکی وان په ر له مانتێر به ناوی گه لی کورد ئو ته بایی له نێوان هه ر دوو گه ل سوێندیان خوارد .
رۆژا ١٦ ی خه رمانان به رابه ر به ٧ ی ئاوگۆستی ١٩٩٢ پارتی HEP دوای دوو سال ئو دوو مانگ کارکرن لئالیا دادگای بنگه هی

توركیا داخرا ، هۆیه كه شی پڕوپاگه نده دژی سیاسه تی كورد كوژی بووه ، به لام ڕێڕه وه ی ئه م پارته قه ده غه كراوه له لایه ن جێگیرێكی تره وه له رۆژی ٧ی گولانی سالی ١٩٩٣ دا به ناوی پارتی دیمكراسی DEP شین بـوه وه ئه م پارته ش ته نیا سالێك و سیٚ مـانگ رێگای چالاكی پێدرا ، تاكو ئه وه ی حكومه ت له ٢٠ی پوشپه ر به رابه ر به ١٦ی حوزه یرانی ١٩٩٤ ئه م پارته شی داخست و قه ده غه ی كرد ، به پێی قسه ی سـه رۆكی شـانـازی ئه م پارته « یاشاركایا » لـه هه ڤپه یڤینا خۆ لـه رادیۆی « به رنامه ی هه نگاو » لـه باژێرا ستۆكهۆلمی رۆژا ٣٠ مانگی ته موز ١٩٩٤ ( ٩ ی خه رمانان ) به دلێكی پڕ لـه زاری و كه سه ر ، وتی « ..... هـه ر دوو پارتیمان HEP وDEP له ماوه ی كـورتی ژینا خۆ پتر له هه شتا كه س له نوسه ر مینا موسیٚ عه نته ر ، رۆژنامه وان خوشكه ژیـان ، سیاسه ت وان موحسین مه لیك ئه نداما كۆمیته ناوه ندی DEP ، موحه مه د شه نگار پارله مانتاری كورد و هتد ......... شه هید كه تنه .

ئه مه ش بلێین چ كاتێك و ده مێك مه یدانی تێنوی رامیاری بۆ سیاسـه تمه داران و ولات پارێزان ڤالا نه بوویه ، وه لیٚ دیسا ئاسته نگی نه بوونه هۆی پاشه كشه ، هه ر بۆیـه دوای داخستنی دووه م پارتی قه ده غه كراو واتـا DEP بنكه ی جێگرێكی ترHEDEP ( پارتا دیمكراسی گه ل ) له رۆژا ٢٦ ی حوزه یران ١٩٩٤ به پشكداری ١٥٠٠٠ هه زار كه س و چه ندان بالیۆزی ولاتانی هه نده ران لـه یه كه م كۆنگره ی خۆیدا شاهیدی هه لبژاردنی سه رۆكی خۆی به ناوی « موراد پـوزلاك » ده بێت . به هه زاران كه سیش له ده ره وه ی هۆلی به ستنی ئه م كۆنگره یه به كـه یف خۆشی و دیلان و گۆڤه ند زه ماوه ندو چۆپیان گرت . له هه نده رانیش چه لاكی دیپلوماسی و رۆژنامه گه ری له به رده وامی دابوو، هه ل ره خسا كو باوه ڕی خه لكانی ئه وروپا بگاته ئاستی راسته قینه كان و چیتر به پڕوپاگه نده ی حكومه تی ئانكارا باوه ڕ نه كه ن كو هاڤوه لاتێن كوردستان تیرۆركارن .

* * *

دلانـــــــپار
بخوێنه وه ، بلاوی بكه وه ،
به بابه تی به پێز به سه ری
بكه وه ، ولات له یاد مه كه ،
هاوولاتیانت له یادت ناكه ن
!

# نه هامه تی سیاسه تی ده ره وه ی ده وله تی توركیا

تا دوێنیٚ پیاوانی سیاسی توركیا لـــه لایه نی ولاتانی ئه وروپاوه بـه كه سانی چالاك و لێهاتوو له ناوچه كه دا له واری پێشكه وتن و په ره سه ندوویی پیشه سازی و نزیكایه تی له ولاتێن خۆرئاڤا ده ناسران و ناسرابوون ، به لام له كه س شاراوه نیه كو به هۆی مافی ئه ندامییه تی توركیا له NATO دا ئه م ولاته بۆته مه یـدانی گۆرەپانی رمبازی ئه سپانی ئه مریـكا و ولاتانی خۆرئاڤا و ده سه لاتدارانیشی بوینه گوێرایه لی هاوپه یمانانی ناتۆ ، هه روه ها له توركیادا ولاتێكی وه ك فره نسه لـــه خستنه كاری پاره و دراو له بـازاره كانی به ش به حالی خۆی یه كه م ولاتی جیهانه ، ئینجا به م په یوه ندی تێهالاوی ناو به ریان باوه ڕ ناكرێت و چ هه لوێستێكی ئه و تۆ بۆ سزادانی ئابوری و به ته نگه وه كردنی سیاسی له سه ر فه رمانبه رانی تـوركیـا به دی بكرێت ، لێره دا بـــه م تیرِوانینه گه ره كه چه ماوه ر پتر چالاكی لـــه خۆ نیشاندات ، هه روه ك چۆن له م چه ند ساله ی رابردوودا ده ركه وت و بینیمان خه بـات و توره یی و كه یف وجه نگ و خۆڕاگری و چالاكی و ئۆپراسیۆنی له پسان نه هاتووی گه له كه مان له سه ر ئاخی كوردستان و له ولاتانی غه ریبی هه نده راندا بـه جیهان سه لمێندراوه كو هه تاهه تایه بۆ ولاتـــانی خۆراڤا كه چه ند هه زار سه ده و نـــه وه ك له كوردستان دوورنین نالوێت هه ر چـاو پۆشی له ئاكار و ره فتاره كانی توركیا دژ به نه ته وه ی كورد بكه ن .

هاوكات له ته ك گرتنی ٦ پارله مانـــتاری كورد ، له سه ره تای ئازاری ١٩٩٤ دا به گشتی پارله مانتارانی « پـــارلـــه مانی راوێژكاری ئه وروپا » به بیستوشه ش ولاتی ئه ندامیه وه له دژی سیاسه تی ئـانقه ره سه باره ت به گرتنی ئه م كه سانه ی بـه ند كراون راوه ستان ، یه كه م ، دووه م له سه ر برِیاری داخستنی ده رگای بنكه ی پـارتی دیمكراسی DEP و قه ده غه كردنی گـه لیٚ بێزاری و توره یی خۆیان ده رخست . نـامه یه كی پڕ له ره خنه ی پارله مانی ئه وروپایی كاربه ده ستانی ئه نكارای خسته بـــه ر شه پۆلی هێزی توره یی و په لاماری ره خنه گرانه و داواكاری سه ربه ست كرنی ئـه ندامانی په رله مانی زیندانی كراو ، بـه لام رامیاری توركیا زۆر به ناره وا و ناشیرینی و دوور لـه هه موو داب و نه ریتێكی گشتی و نێو ده وله تی و به رسیڤی ئه م داخوازیه یان به جوێن و قسه ی ره ق و ناحه ز دایه وه .

نمونه یه كی تر له م باره وه گه ر باسی ئـاستی كێش و بارگرانی سیاسه تی توركیا بكرێت ، ده بیٚ ئاگاداری گه شته كه ی خانمی تانسـوا چیله ر بین كو له ناوه راستی هاوینی ١٩٩٤ چو بوه فره نسا و له جیگه ی پێشوازی لـه سه رۆك وه زیرێن توركیا، خانمی دانیال مێتران هاوسه ری فرانسوا مێتران ســه ردانه كـه ی به تاوان دایه قه لـه م و نامه یه كی پڕ له گازه نده و هه روه سا هه ندیٚ له مه ر ژیان و بارودۆخی نائاسایی پڕ له مه ینه تی كوردی ئاراستـه كردبوو ، لــه وه لامدا ســه رۆك شالیارانی توركیا ، وتویه تی :

« له زانیاری وه رگرتنی پڕ لـه فروفیشالی هه ندیٚ لایه ن و ده و له تان گویٚ مه گرن كه ئێمه چ ده كه ین ، ئه وه ی پارتی كرێـكارانی كوردستان ده یكات خه لك كوشتنه و ئه وه ی ئێمه ش ده یكه ین ئه مه یه كو نایه لین خه لكی سڤیل و بێده سه لات به ده ستی ئه م پـارته بكوژرێن »

نوسه رێكی ئه مه ریكیش هه ر لـه ســه ر ره فتاری توركیا له رۆژنامه ی واشنیـتۆن پۆست دا نوسیبوی : « سیاسه تـی كوشت و برِی و له ناو بردنی كورد له ئالیا ده ولـه تی تورك له دژایه تی كردنی پـارتا كرێكارێن كوردستان گه له كی كه ڤن تره » .

دوای گرتنی بنكه ی پارتی دیمكراسی پێنج هه ڤالی سه رۆكی ئه م پارته « خه تیب دجله » وه ك جێگری شانازی هه ڤال یاشاركـایا و زوبێر حه یده ر ، خۆیان له چه نگ حكومه تی تورك رزگا كرد و گه یشتنه شاری برۆكسـێل پێته ختا بلژیكیا و بیرۆی ئه م پارته یان بــه یارمه تی چه ند سیناتۆری ئه م ولاته كرده وه ، ئه م پێنج كه سه له دژی سیاسه تی چه په ل و ره گه زپه رستانه ی حكومه تی تورك گه لێك خه باتیان له بواری ریسواكردن و به ته نگه وه كردنی فه رمانبه رانی ئانكارا بـــه گرێدانی سمینار و كـۆنفه رەنسـی رۆژنـامه گه ری و هه ڤپه یڤین و هه ڤدیتن له ده زگای رادیـۆ و ته له فزیۆنی شاره كانی له نده ن و پـاریس و رادیۆی ئه مریكا جوامێرانه خه باتیان بـه ر ده وام كر ، ئه مه ش كارێكی وه هـای كرده سه ر هزر و بیری خه لكێن ئه ورو‌پـــا كو به ده یان یاسازان و سیاسه ت وان وپارله مانتار و پارێزه ر له به ردادكردنی ٦ په رله مانتاری كورد له ئانكارا چاوه دێریان ده كرد .

ئه م داداگایه له رۆژی ٣ ی مانگی ئـابی ١٩٩٤ له ژێر سیبه ری پۆستالی سه ر بازه كانی ئه نقه ره و ٤٠٠ روپه ل بوختان له بن ده ستی قازیه كانی دادگای تورك به رێوه چوو .

قازی ئه م تاوانانه ی خسته بـه ر سـنـگی كه سانێكی وه ك له یلا زانا نوێنه ری شـاری

دیاربەکر بە تاوانی نوسینی وتارێك لە هەفتەنامەی مەیدان ، گوایە ئەم وتارە بۆنی جیاوازخوازی لێدەهات ، تاوانی پەرلەمانتارێکی تری کورد مینا ئۆرهان دۆگان نوێنەری شاری شرناخ « شاری نوح - شاری نوح » ئەوە بو کە گوایە بۆ وتوویژ لەتەك عەبدولائۆجلان چۆتە دۆڵی بەقاعی لوبنان ، بەلام نێو براو لەتەك کانالێکی تەلەفزیۆنی تورکان SUTF وتویەتی ئەم هەڤپەیڤینە ی من لە سەرداوای تۆرگۆت ئوزاڵ بووە ، بەم چەشنە سزای ئەمانەی بەرگریان لە مافی رەوای کورد کرد بە پێنج تا پانزدە ساڵ برایەوە .

ئەوەی کە بەلای خەڵکی کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش سەیرو سەمەرە مایە تاکو ئێستە چ هەڵوێستەکی ئەوتۆ لە ئالی هێزەکانی خۆرهەلات و باشور لەسەر وی رووداوا گرنگ نەهاتیبە دیارکرن ، لەکاتێکدا گشت جیهان بەتیرو تەسەلی باسی لێوەدەکر و وێردی سەرزمانی خەڵکان بوو ، هێزە کوردیەکان قدت لە بارەی وی تشتەك نەپەیقینە .

یەکێتی ولاتانی ئەورووپا کە لە پازدە ولات پێکهاتونە ، لەکاتی خۆی دا پەیمانێکی هاوکاری و نزیك بوونەوەیان لەتەك تورکیا مۆرکرد بوو و بەپێی ئەو پەیمانە بۆ پەسەند کردنی ئەندامیەتی تورکیا لەو رێکخراوە دا سێ مەرج و قۆناغی تاقیکردنەوە لەبەرامبەر دەسەلاتدارانی ئانکارا شێن بوبە :

١- بەرفراوانکرنی پەیوەندی بازرگانی .

٢- پێکهاتنی لیژنەیەکی ئالوگۆڕی ئازادانەی ئابوری کەلوپەل و کالا .

٣- پێکنانینی کۆمیتەیەکی بەشی گومرگی لە نێوان ولاتانی ئەندام و تورکیا .

ئەوەی شایانی لێدوان بێت تاکو ئێستا بەرێوە چوونی ئەم خالانە دواخراون ،ئەمەش بێ زانین تورکیا لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە داوای مافی ئەندامیەتی دەکات ، بەلام دوای ساڵێك واتا ١٩٨٨ کۆمیتەی پەیوەندی بازرگانی ئەم رێکخراوە لە برۆکسێلەوە دوای مشت و مڕێکی رێك و پێك وەلامی « نا » ی ئەندامەتیان بە تورکیا دایەوە هۆی سەرەکیش بەپێی قسەکەرێکی ئەم رێکخراوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بووە دژ بەنەتەوەی کورد لە لایەن تورکیاوە ».

دیپلۆماتەکانی ئیمرۆی ئەورووپاش گەیشتونەتە ئەم باوەرە کە هەوڵ و کۆششەکانی سۆسیال دیمکراتی تورکیا نەتەنیا چارەگرانی لە ئالۆزی پرسا کوردان کەم نەکردۆتەوە ، بەلکو بەپێچەوانەوە لە چۆنیەتی ئیدارەکردن و بەرێوەبردنی کاروباری دەولەتەکەیان هەتا ئیرۆ زاف نەکۆکیان ناوەتەوە هەرچەندە ئەمیش وەك پارتێکی هاوچەرخی ولاتێن ئەورووپا خۆ دەدا نساندن .

لە جڤینا سێ قولی سەرۆکی پارلەمانی ئانکارا - جێگیری سەرۆکی شالیاران و نوێنەری پێوەندی بەشی هەندەرانی تورکیا لەتەك ولاتانی ئەورووپا لە شاری پاریس لە کۆنفەرانسێك دوای مشت و مڕ ئەمەیان درکاندووە کە سیاسەتیان بوهایە پێنج پارەی نەبووە و نۆپۆزیسیۆن گەلێ لەوان هێزاتر بویە. هەرچی سیاسەتمەدارانی ولاتانی ئەورووپای خۆرئاڤاش هەن دوای ئەم دۆخەی لە تورکیا بەرئارا بووە ، بیر و بۆچونیان وەها دەردەخەن :

« بەپێکهاتنی دەولەتی ئێستای لە سەر کاری تورکیا بەسەرۆکاتی سلێمان دیمرێل ، سەرۆکی پارتی دیمکراسی ئێمە پێمان وەها بو کێشەی کورد لە رێگای وتووێژی رامیاری چارەسەر دەکرێت » هەروەك داواکاریەکەی ئەمریکا کە پرسی کورد لەم بەشەدا بەخۆش خۆشکە بەئەنجامێك بگات . بەلام بینیمان چۆن سیاسەتی ژنراڵەکانی تورك لە رێگای دەمراستی خۆیانەوە بەتانسوا چیلەر رەچاوەدە کرێت ، کورد کوژی و ژینۆسیدی گەلی کورد بۆتە سیاسەتی رۆژانەیان ، ئەم ناوبراوە تانسوا چیلەر وتی تاماوەیەکی نزیك هەتا کۆتایی پایزی ١٩٩٤ شۆرشا چەك داری نغرۆدەکات .

هەروەك بۆ هەمیا رون و ئاشکرایە ئەم داواکردنە لە ئانکارا لە رۆژەکانی یەکەمی دا بە ٤٠٠ روپەڵ بوختنان خرایە ستۆیە خەتیب دجلە ، ئەو لە رۆژی ٣ ی ئابی ١٩٩٤ لە دادگا ئانکارا وتی :

« لە روانگەی ئێمەوە گەلی کورد لە خۆرهەلاتانافین گەلێکی هەرێکەونە و زانستی مێژوناسی و کۆمەلناسی زۆر دەمێکە ئەمەیان سەلماندووە ، چ کەس نتوانێت حاشا لێبکات ، ئەم حاشا لێکرنە لەم سەردەمەدا باوی نەماوە ، ئێمە لە زمان ، مێژو و کلتوری گەلەکەمان گەرەکە پارێزگاری بکەین » .

لە بەر وان هەلوێستا بوو کو خانمی مێتران سەرۆکی رێکخراوی پارێزگاری لە مافی ئازادخوازان لە ئەنجومەنی پاریسەوە نامەکی لە لایەن دەستەی پارلەمانتارێن فرەنسی کو لە داداکردنا یەکەم لە ئانکارا بەشداربوون ، لە دوو روپەلاندا بە سۆزێکی دایکانەوە ژ لە یلازانا را دەنوسی :

« ..... لە بلای من و پەرلەمانتارێن گەلا کورد ئێوە سەرفیرازن ، ئەوەی پارتی DEP کردوویەتی بۆ بەدەست هێنانی مافی گەلی کورد و سەربەخۆیی و دیمکراسی بووە و بەرخودان و خۆڕاگرتنتان لەهەمبەر حکومەتا تورکیا ئێوە مەزنتر و پڕ شکۆ تر دەکات ، بزانن کە زاف لە خەلکێن جیهان پشگیریتان دەکات »

لە ئەنجامی ئەو رۆژانەی بەسەر چوون ، رۆژێن بوری سەردەما دەورانا کالوکرچی و گەرەلاوژە لە هزر و بیرو رای گەلی کورد رادمالێت و رۆژێك ها کو بۆهەمیشە فایلەکانی دادگاکانی ولاتانی نەیاری دراوسێی دژ بەنەتەوەی کورد کەبونەتە ئارشیفی سوری نەیاری و دوژمنایەتی دراوسێیەتی کردنی نەتەوەی کورد و ئارشیفی نەگبەتی ، هەر رۆژ لەبەر دەستی قازیەکان ئەستورتر دەبن ، کۆکرانەوە و بەئیمزای خۆیان رەوانەی تاریکەی بن زەوی کران و کەرو لێدان و جارێکی ترسەیر ناکرێنەوە و هاوولاتیانی کوردستانیش ئازادانە ئالای خۆیان بەبەرابەر ئالای ئەوان شەکاوە بەرز کردەوە .

پەراویزەکان

١- رۆژنامەی ولاتا سەربەست ، چاپی ئەستەمبول ، ژمارەکانی رۆژی ٧ ، ٨ ، ٠ ی تەموزی ١٩٩٤ ، لەسەر بابەتی پارتی HEP و DEP ، زمانی تورکی ، نوسینی سەردار چەلك .

٢- هەڤپەیڤینی تەلەفۆنی رادیۆیی « بەرنامەی هەنگاو » ستۆکهۆلم لەتەك یاشار کایا ، کە لە برۆکسێل دەژیت ، رۆژی ٣٠ ئاگۆست ، بە هاوکاری کارگێرانی رادیۆ ، بێکەس ، سالار ، کاراون هەورامی .



Jemal Nebez
Fax. 030/8615706
Berlin - Deutschland

بەرلین ١٧/١/١٩٩٥

بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود

پاش سڵاو و ڕێزی گەرم

بەرلەوەی بچمە سەر کاکڵی باسەکە دەمەوێ ئەوە ڕاگەیەنم پێتان کە پاڵنەری ڕاستەقینەی نووسینی ئەم نامەیە هەستکردنمە بەو مەترسییە مەزنەی هاتووەتە پێش دوارۆژی نەتەوەی کورد سەبارەت بەم شەڕوشۆڕە خوێنڕێژی و براکوژییەی بەداخەوە لە باشووری وڵاتدا دەگێڕدرێ و ئەنجامەکەشی بە ماڵوێرانییەکی گەورەی گەلی کورد و مردنی سیاسیی هەردوولاتان تەواو دەبێ.

بێگومان ئەگەر ئاگری ئەم شەڕە تەنێ هەردوو حیزبەکەتانی بگرتایەوە، لەوانە بوو هەر لە دوورەوە خەفەتێکم بخواردایە بۆتان و دەستم نەخستایە کاروباری نێوخۆییتانەوە، بەڵام ئەم شەڕە هەر شەڕی ئێوە نییە، بەڵکوو بەدبەختییەکە کە کاری کردووەتە سەر چارەنووسی نەتەوەی کورد، و لەم ڕووەوە هەموو کوردێک و هەموو کوردستانییەک مافی ئەوەی هەیە بتانهێنێتە بەر پرسیاری دادگە و لێتان بپرسێتەوە، بە تایبەتی چونکە خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستان شێوە بەشێوە دەنگی داوە بۆتان بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و بیپارێزن، ئادەی وچا کە موکوڕییەکانتان پۆشیوە، بەڵام ئێستە سەرەڕای هەموو پەرستنی وی کاری یەک چاوی لەسەرچی نیشانەی تانە و تراجی دوژمنەکانی.

ڕۆژێ گەیشتووەتە ڕۆژێک کە ڕۆژنامەکانی بیانی دەگوازێن و بڵاوی دەکەنەوە بە بارەوە کە کوردستان وڵاتی جەنگی بێ ملێتن کە کورد ئێستە یەکەی ئێوە سێ ساڵی ڕەبەق کاتتان هەبوو کە بە خەڵکی کوردستان و هەموو دوژمن و دەتوانن هەمووی دابڕێنە ڕێکی کوردستان دڵخۆش بکەن، بەڵام ئێوە بە داخەوە تانووتی هەموو دەیانتوانی خۆی خۆتان بیپارێزن بەڵام ئێوە ئەوەی ئەمڕۆ کوردەکان ناتوانن سێ لیوا ببەن بەڕێوە، زیانێکی نامەرد و ملهوڕتان بە کوردان ئەسپاند کە دەڵێن ئێوە هەموو توڕەیی تەقینەوان و بە هەموو خوێنێ قسەی خۆتان لێ بەرم هەموو ... چۆن دەتوانن سەر بە خۆ بژین؟ "

دەی چۆن دەتوانن سەربەخۆ بژین؟ ... ئێستەش وەک کوردستان، کە ڕکوک و مووسڵ ڕزگار دەکران... هەردوو شارە خۆشەویستەکەی کوردستان، بە خوێنی ڕۆڵەکانتان و بێزاری دەربڕین و ڕژێنران، هەردوو دەنگی دابوو بۆتان، بە خۆتان دەبینن هەر ئەوە خەڵکی دووەمی بەر ئەوە ئێوەش پێویستە لەسەرتان ڕێزی خۆتان دەبینن ... ئێوەش پێویستە لەسەرتان ڕێزی دەنگی هەڵبژێرن دەربخستووە کە شەڕی خۆکوژی ناوەوە، لەبەر ئەوە ئێوەش بکەن، چونکە لە نێو پارتی و یەکێتیدا ئێرەشیوێن و مردوی تێچێن وفیتنە بازی بکەن، بەدەردی خەڵکەکە بگرن و بە قسەی ئێرەشیوێن و مردووی ... ستراتیژی تاکتیکە وە نییە. لەبەر ئەوە هەموو پێکهاتەی ... لەبارەی ستراتیژ و تاکتیکەوە نییە. جا لەم ڕووەوە داواتان پێکەوە دا هیچ جیاوازییەکی بنچینەیی لەبارەی هۆی دیموکراتی و پێشکەوتنی فیدراڵیەوە. جا لەم ڕووەوە داواتان بەیەکدادانێک سەرەڕای تادانباری بێ سوود و بێ هۆی ... دانوستاندن ڕازی نەبوو، ئەگەر وایی سێ وردوو لێ لەگەڵ دەستپێکی شەڕ بووەستێنن، هەرکەسێکیش بە شەڕ و دانوستاندن ڕازی نەبوو، ئەگەر وایی، ئەوەتان لەسەر بەندی دەرگرتنی هەموو لێ لەگەڵ دەستپێکی شەڕ بووەستێنن، زۆرکردنی ئەندامانی حیزب لەسەر بنەڕەتی دەرگرتنی هەموو لە ڕیزەکانی خۆتان بیکەنە دەرەوە. زۆرکردنی ئەندامانی حیزب لە شەڕ گوێشتە بتوانێ. ئەمە بۆیە ئەو ئەرکی شەڕ و گرتنی دەشەوێ. ئەمەش لە ڕیزەکانی خۆتان بیکەنە دەرەوە.

جۆرەکە ئەستێک بێ لێ هەموو بووە دەوڵەت گەورە داز بابەتێ کە ئەمە ئامادەیی ... ئامادەیی گرتنی ڕەشگوێشتە بتوانێ. ئەمەش بە شەڕ و دانوستاندن جۆرەکە کەسێک بێ لێ هەموو بوونە دەنگی گەورە دا دەستی. بەڵام دیارە هەر بە شەڕ و دانوستاندن گوزەشتە نە خۆشییە، نەک بەحیزب بوون وگەشە کردن دەستی نەداوەتە. ئەمەش بەو پێکدێ کە جاری کێشەکە ئەوەدانایە، بەڵکوو دەبێ کارێکی وابکرێ کە شەڕ کە سەرەکی نەداوەتە. ئەمەش بەوە پێکدێ کە جاری لۆ مادەی شەش مانگێک حکومەتێکی نوێی بهێننە سەرکار کە ئەندامەکانی مرۆڤی ژیرهاتی و کارزانی بن و لۆ مادەی شەش مانگێک حکومەتێکی نوێی بهێننە سەرکار کە ئەندامەکانی لێیان ڕازی بن و لە لای جەماوەری خۆشەویست بن. ئەو سەرەڕای هیچ لایەکتان نەبن، بەڵام هەردوولاتان لێیان ڕازی بن ولە لای جەماوەری خۆشەویست بن. ئەم سەرەڕای هیچ لایەکتان نەبن، بەڵام هەردوولاتان بە سەرۆکایەتی هەموو پارتییەک بدرێن تا بتوانن بەکردەوە جۆرێکە سەربەرزیی هەموو یارمەتییەک سەرەڕای هێزێکی وەک دەبێ وەک ئەمانە سانەش هەن.

← > ←

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر ئێوە ئاشتیتان بگێڕنەوە و لە ماددەی فەرمانڕەوایییاندا چارێکی بنچینەیی و بەکاری بکەن و دڵە پاک

سەرۆکێکی گشتی و دانانی دەستوورێکی بنچینەیی بۆ کوردستان و یاسایەکی تازە دا کە پەرلەمان دەبێ

بۆ بڕیاردانی شۆڕشی بۆ ئەو ئیدارەیەکی نوێ خۆشی بکەن و لە هەمان کاتدا دەبێ دەستگیرییەکانی هەردوولاتان

هێزەکانی پێشمەرگە هەڵبوەشێننەوە و لە بریتی ئەوە سوپایەکی کوردستانی مۆدێرن و هێزێکی پۆلیسی

پتەو و دەزگایەکی پاراستنی بەدەسەڵات دروست بکەن، بە جۆرێک چەکی هەر لە دەستی تەمانەوە بێ

نەک بە دەستی هەموو کەسێکەوە. ئەوجا هەموو جۆرە باجێک و گومرگێک لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا

دەبێ بچێتە سندوقی وەزارەتی دارایییەوە. هیچ حیزبێک مافی ئەوەی نییە باج و گومرگ وەربگرێ.

ئەوجا هەموو دەستگەی ڕادیۆکان و تەلەفزیۆنەکان دەبێ بدرێنە دەست حکوومەت. بەڵام پەرلەمان

دەتوانێ لەسەر پێشنیاری حکوومەت یاسایەک (قانون) دەربکات بۆ دامەزراندنی دەستگەی ڕادیۆ و

تەلەفزیۆنی تایبەتی. کاک خۆتان ئەم پێشنیارانە و هەندێک پێشنیاری (دیکەم) بە ناوی تۆ کاک مەسعوود

نووسی، بەڵام کاک مەسعوود – حاجی ئاوایی – ئاگادارت هێنایە زەحمەتی نەدایە بە خۆی

وەڵامی نامەکەم بداتەوە. هۆی ئەوەیە کە دووبارەی

ئێستەیش کە ئەم نامەیە دەنووسم بۆتان – وەک لە سەرەوە گوتم – بە پرسیارێتی (دەکەم) برایەتی و چارەنووسی

ڕەش نەتەوەی کورد دەهێنە بەرچاوی خۆم دەست ، ڕاستە سالانی ساڵ هاوڕێتی و دۆستی

خەڵکی کوردستانی، ئێستاش هیچ نیازێکی تایبەتیم لەمدا نییە . بەڵام بۆمن هەموو

کاک جەلال بووم دۆستایەتی زۆرم هەبووە برایەر بە بادی کاک مەسعوود، بەڵام بۆمنی هەموو گۆڕاوە زۆر دەڵێتە

خۆشە دڵتە و دۆستایەتییەک لە مەسعود و کەدەشەی خزمەت بە مرۆڤایەتی بە شکۆ

لەبەر ناچاری کە نەتەوەی کورد بەشێکە لێی. بۆیە چاوەڕوانیم لە هەردوولاتان ئەوەیە دەستبەجێ

ئاگربەست ئاگادار بکەن و لە مەولاشی لە هەردوو هۆنگاوەکانیاندا پرسی بەیەکدی بکەن و هەردووها

ئاوێتە بن، دەبێ ئێوەش بیبیستم

بەنوێنەرانی ویکەی خەڵکی کوردستان، ئەوجا بڕیار لەسەر ئەو هەنگاوانە بدەن. خۆشتان لەم ڕووەوە

بە شێوەیەکی دادوەرانە، خەڵکی کوردستان پێشەوای لە ئێوە دەوێت و لە ئەکینە و هیچ

کەسێک بادەی کرداریی بە داگیرکەرانی کوردستان پیرۆز و لە ئەوەی

بەسەرهاتی خاکی کوردستان فرە زۆرە. هەروەها هەموو بەستێکی خاکی کوردستاندا بکات، بابێگانەکە

هیچ بێگانەیەک مافی ئەوەی نییە و نابێ سەرو بەرێتی بە سەر هیچ بەشێکی کوردستاندا بکات، با بێگانەکە

هیچ بەستێکی کوردستان نابێ بدرێتە دەستی هیچ

دۆست و هاوپەیمانیش بێ، بە ئێوەش بۆ هیچ بەستێکی کوردستان ناکرێ بکەن.

ئاکوردستانییەک ئاگادارت بۆ مادەی چاودێریی و کاندیدێکیش.

لەگەڵ سڵاوی برایانەمدا بۆ هەردووکتان

جەمال نەبەز

ئێوەش: تکایە ئەم نامەیە بنێرن بۆ ڕۆژنامەکانی خۆتان

بۆ بڵاوکردنەوە، زۆر سوپاس.

JAN-23-1995 12:18 P.01

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكردستاني
الامين العام

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General

برای دێرینم د. جەمال نەبەزی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشحاڵیتانم داوایە.

نامەکەتان کە لە ١٧/١/ دا نووسراوە و لە ڕۆژنامەی
کوردستانی نوێی ژمارە [illegible] ٢٢/١ دا بڵاوکراوەتەوە
خوێندەوە و باشەکانی [illegible] / دەمەوێ
بە گیانی برایەتی دێرینمان و بە سەربەستیی خۆتان ڕابگەیەنم
کە ناوەرۆکی نامەکەتانم بە دڵ بوو و پەسەندە.
هیوادارم تێکۆشن وەک نامەکەی ئەم جارەتان هەمیشە
بە شێوەی ئاڵایەن و ئامۆژگار و دەربڕینی
هەڵوێستەکانتان دەربڕن. هەروەها
ئەم جارە هەمیشە دەوری ناوبژیوان و ڕێنوێنی
ببینن و لایەنگیری هەق و ڕاستی بن
و چی باشە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری ئەوە و
هەر ئەوە بەرچاو بگرن)

ئیتر هەر جیا بن
برای دێرینتان
مام جەلال

کۆیە
١٩٩٥/١/٢٢

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

بەڕێز کاک جەمال نەبەز

سڵاوێکی گەرم

نامەی ڕۆژی ١٩٩٥/١/١١تان بە خۆشحاڵییەوە بە دەست گەیشت، سوپاسی هەستی کوردپەروەریتان دەکەین. دیارە ئێمە هەمیشە بە بەرزی یەوە بۆچوون و بیروڕای هەموو دڵسۆزێک، بەهادارو وەبەرچاو دەگرین و هەرگیز فەرامۆشیان ناکەین.

ناوەرۆکی نامەکەتان داخوازی هەق و بەجێیەتی تێدایە و دیارە لەبەر دووری جەنابتان دەشێت هەندێ ڕووی ڕاستی ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دوایی یەتان بە دەست نەگەیشتبێت و ئەو لایەنەی ئاگری فیتنە و شەڕی خۆکوژی هەڵگیرساند لای جەنابتان دیارە، چونکە لە ڕاستیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ شەڕ و پێکدادان و خوێن ڕشتنی جەولەی دووەمیان لە ١٩٩٤/١٢/١٥ دا، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە کۆبوونەوەیەکدا لە قەڵاچوالان، بڕیاری هەڵگیرساندنەوەی ئەم شەڕە و لەبارچوونی ئەزموونی نوێی کوردستان و دەستکەوتەکانیان دا و لە پێناوی سەپاندنی دیکتاتۆریەتی تاکە حزبی، کە ئەوەش لەلایەن گەلەوە ڕەت دەکرێتەوە، بۆیە ئاشکرا هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی پارتی و بە ئینقلابی شێوە دراکەوتوی سەربازییان لە شاری هەولێر کردوە و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان پەکخستوە و ئەنجومەنی پەرلەمانیان ئیفلیج کردوە و ژیانی ئاسایی شاری هەولێریان شێواند.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی پارتی بۆ چەندین جار بەتایبەت لە شەڕی پێشمەرگشتنی ١٩٩٤/٥/١ بەرژەوەندی خۆی کردە قوربانی بەرژەوەندی گشتی کورد و کوردستان و ئەمەش لەلایەن (یەنک)ەوە بە خراپی ئیستغلال کرا، بۆ پێشێلکردنی ئازادی و ماڵ و کەرامەتی میللەتەکەمان و ئەمەش قبوڵ ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەین بە شێوەیەکی ئاشتییانە تا چیتر خوێنی ڕۆڵەی کورد نەڕژێت، چونکە لەم شەڕە ناڕەوایەدا کەس بە سەرکەوتوو نازانین جگە لە دوژمنانی گەلەکەمان نەبێت.. (یەنک) دەیەوێت خواست و بەرژەوەندی حزبایەتی خۆیان بە مەبەستی شەڕ وەستاندن بسەپێنێت و ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکە نی یە و دەیەوێت سیاسەتی ئەمری واقیع بسەپێنێ و ئاشتی ڕەت دەکاتەوە.

دووبارە ڕێزمان.

براتان

مەسعود بارزانی
١٩٩٥/١/٣١

9

Jemal Nebez
Berlin-Deutschland
Fax-Nr: 8615706

١٩٩٥/٤/١٦

برای خۆشەویست مام جەلال
برای خۆشەویست کاک مەسعوود

پاشان سڵاوێکی گەرم

سوپاسێکی زۆر بۆ هەردووکتان کە وەڵامی نامەی ڕۆژی ١/١٧مانتان دابووەوە، نامەکەی من بانگەوازێکی خێرخوازانە بوو بۆ وەستاندنی شەڕ و هێندێک پێشنیاری دڵسۆزانەشی تێدابوو بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕی خۆکوژی. زۆرم پێ خۆشە کە ئێوەش هەروا لە نامەکەم گەیشتوون.

مام جەلال نووسیبووی: "... نامەکەتان کە لە ١/١٧دا نووسراوە... خوێندمەوە و پاشان لەگەڵی وردبوومەوە، دەمەوێ بە گیانی برایەتی دێرینمان و بەڕاستی پێتان ڕابگەیەنم کە ناوەڕۆکی نامەکەتانم بەلاوە پەسندە"،

کاک مەسعوودیش نووسیبووی: "... ناوەڕۆکی نامەکەتان داخوازی هەق و ویستانەی تێدایە... ئێمە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەین بە شێوەیەکی ئاشتییانە تا چیتر خوێنی ڕۆڵەی کورد نەڕژێت، چونکە لەم شەڕە ناڕەوایەدا کەس بەسەرکەوتوو نازانین جگە لە دوژمنانی گەلەکەمان نەبێت."

بەمدا دەردەکەوێ کە ئێوە هەردووکتان شەڕتان پێ باش نییە و بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێن. بەڵام دیارە ئەوەش هەروا هاسان نییە و پێویستتان بە یارمەتییە. ئەوا زۆر بە داخەوەم کە لەم کاتەدا و لەبەر چەند هەلومەرجێکی ناهەموار کە لابردنیان لە دەسەڵاتی مندا نییە، ناتوانم بگەڕێمەوە کوردستان. ئەز وەک برایەکی هەردووکتان لە خزمەتتاندام. بەڵام ئەگەر ئێوە بفەرموون و هەردووکتان سەرێکی برای خۆتان بدەن، ئەوا دڵنیابن لەوەی کە هەموو وزەی خۆم دەخەمە کار، ئەوجا نەک هەر لە بنیادی ئاشتبوونەوەدا، بەڵکوو پێککەوتنەوەی ئێوە و نەخشەکێشانی ئاشتییەکی وادا کە ئەمن نەیەوتێمەوە، بەڵکوو گەڵاڵەی بەرنامەیەکی هاوکاریش دەخەمە بەردەستتان بۆ دڵتوێژ کردن لەسەری و لێکۆڵینەوە، کە هەموو لایەکمان سوود لەم هەلومەرجەی ئێستە ببینین، تا بتوانین بە تێکۆشین و هەرەوەزی هەموو لایەکمان بگەین بۆ هێنانەدی دوواڕۆژێکی خۆش بۆ خەڵکی ئاوارە و هەژاری کورد و کوردستان، دوواڕۆژێک - بە دڵی دۆستان و بە کوێرایی چاوی دوژمنان.

هەربژین

برای هەردووکتان
جەمال نەبەز

سەرنج: تکایە ئەم نامەیە لە ڕۆژنامەکانتاندا بڵاو بکەنەوە. زۆر سوپاس

... ئاشتی و ... کوردستان

١٩٩٥/٢/١٣

[illegible]

بەرلین ١٧ / ١/ ١٩٩٥

بەریزان مام جەلال و کاك مەسعوود

پاش سڵاوێکی گەرم

بەر لە وە ی بێمە سەر کاکڵی باسەکە دەمەوێ ئەوە رابگەیەنم پێتان کە پاڵپێوەنەری راستەقینەی نوسینی ئەم نامەیە هەستکردنمە بەو مەترسی یە مەزنەی هاتووەتە پێش دوواڕۆژی نەتەوەی کورد سەبارەت بەم شەرو شۆرو خوێنرێژی و براکوژی یەی بەناڕەوا لەباشوری وولاتدا دەگێڕدرێ و ئەنجامەکەشی بەماڵوێرانی یەکی گەورەی گەلی کورد و مردنی سیاسی هەردوولاتان تەواو دەبێ .

بێگومان ئەگەر ئاگری ئەم شەڕە تەنێ هەر دوو حیزبەکەتانی بگرتایەوە ؛ لەوانە بوو هەر لەدوورەوە خەفەتێکم بخواردایە بۆتان و دەستم نەخستایە کاروباری نێوخۆیی تانەوە ، بەڵام ئەم شەڕە هەر شەڕی ئێوە نی یە ؛ بەلکو بەدبەختی یەکەو کـاری کردووەتە سەرچارەنووسی نەتەوەی کورد ، و لەم رووەوە هەموو کوردێك و هەموو کوردستانی یەك مافی ئەوەی هەیە بتانهێنێتە بەرمێزی دادگەو لێتان بپرسێتەوە ، بەتایبەتی چونکە خەڵکی رەشورووتی کوردستان نیوەبەنیوە دەنگی داوە بۆتان بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و بیپارێزن ، و ئەوجا سەرەرای هەموو برسێتی و بێکاری یەك چاوی لەسەرجەمی کەموکورتی یەکانتان پۆشیوە ، بەڵام ئێستە رۆژی گەیشتووەتە رۆژێك رۆڵەکانی بـــە ناڕەوا دەکوژرێن و بووشەتە نیشانەی تانەو توانجی دوژمنەکانی .

راستی یەکەی ئێوە سێ ساڵی رەبەق کاتتان هەبوو کە بەخەڵکی کوردستان و گشت جیهانی بسەلمێنن کەکورد دەتوانێ خۆی خۆی ببابەرێوە ، بەڵام ئێوە بەداخەوە تانووتی هەموو داگیرکەرێکی کوردستان و هەموو دوژمن و نەیارێکی نامەردو ملهوڕتان بەسەر کورد دا سەپاند کە دەڵێن « کوردەکان ناتوانن سێ لیوا ببەن بەرێوە ، دەی چـۆن دەتـــوانن سەربەخۆ بژین ؟ » . قسەی خۆمان بێ بەم هەموو تۆپەی تەقێنران و بەو هەموو خوێنەی رژێنران ، هـــەر دوو شـــارە خۆشەویستەکەی کوردستان ؛ کەرکوك و مووسڵ رزگار دەکران . ئێستەش وەك خۆتان دەیبینن هەر ئەو خەڵکەی دوێنێ دەنگی دابوو بۆتان ؛ بەخۆپیشاندان و بێزاری دەربرین و دەنگ هەڵبرین دەریخستووە کە شەری خۆکوژی ناوێ ، لەبەر ئەوە ئێوەش پێویستە لەسەرتان ریزی بیروڕای خەڵکەکە بگرن و بەقسەی گێرەشێوێن و مرۆڤی تێچین و فیتنەباز نەکەن ، چونکە لەنێو پارتی و یەکێتی دا هیچ جیاوازییەکی بنچینەیی لەباری ستراتیژی و تاکتیکەوە نی یە . لەبـەر ئەوە هەموو تێکرژان و بەیەکدادانێك سەرەرای تاوانباری بێ سوودو بێ هۆیەو هەولێکی فیڕۆیە . جا لەم رووەوە داواتان لێ دەکەم دەست بەجێ شەڕبوەستێنن ، هەرکەسێکیش بەشەڕ وەستاندن رازی نەبوو ، ئەوا بێ سێ و دوو لەریزەکانی خۆتان بیکەنەدەرەوە ، زۆرکردنی ژمارەی ئەندامانی حیزب لەسەر بنەڕەتی وەرگرتنی هەموو جۆرەکەسێك بـێ هوردبوونەوەو گوێ دانە بابەتی ئەوکەسە ، وەك گرتنی رەشەگۆشتە بۆ لەش . رەشەگۆشت نەخۆشی یە ، نەك بەهێزبوون و گەشەکردن و تەندروستی . بەڵام دیارە هەر بەشەڕ وەستاندن کێشەکە تەواو نابێ ، بەلکو دەبێ کارێکی وا بکرێ کە شـــەڕەکە سەر هەڵ نەداتەوە . ئەمەش بەوە پێکدێ کەجارێ بۆ ماوەی شەش مانگێك حکومەتێکی نوێ بهێننە سەرکار کـــە ئەندامەکانی مرۆڤی ژێهاتی و کارزان بن و سەربەهیچ لایەکتان نەبن ، بەڵام هەردوولاتان لێ یان رازی بن و لـــەلای جەماوەریش خۆشەویست بن . ئەو جۆرە کەسانەش هەن ، ئەمانە دەبێ وەك هێزێکی سەروەرێتی هەموو یارمەتی یەك بدرێن تا بتوانن بەکردەوە لەگەڵ یەك ئاشتان بکەنەوەو لەماوەی فەرمانرەوایی یاندا چارێکی برسێتی و بێکاری بکەن و لەپاڵ سەرژمێریکی گشتی و دانانی دەستوورێکی بنچینەیی بۆکوردستان و یاسایەکی تازەدا کەپەرلەمان دەنگی بـۆ بدات رێ و شوێن بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ خۆش بکەن و لە هەمانکاتدا و بەپشگیری ی هەردوولاتان هێزەکانی پێشمەرگە هەڵبوەشێننەوە و لەبریتی ئەوە سوپایەکی کوردستانی مۆدێرن و هێزێکی پۆلیسی ی پتەو و دەزگەیەکی پاراستنی بـــە دەسەڵات دروست بکەن ، بەجۆرێك چەك هەر بەدەست ئەمانەوە بێ نەك بەدەست هەموو کەسێکەوە . ئەوجا هەموو جۆرە باجێك و گومرگێك لەهەموو شوێنێکی کوردستاندا دەبێ بچێتە سندوقی وەزارەتی دارایی یەوە . هیچ حیزبێـــك مافی ئەوەی نی یە باج و گومرگ وەربگرێ . ئەوجا هەموو وێستگەی رادیۆکان و تەلەفزیۆنەکان دەبێ بدرێتە دەست حکومەت . بەڵام پەرلەمان دەتوانی لەسەر پێشنیاری حکومەت زاگۆن ( قانون ) دەربکات بۆ دامەزراندنی وێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی تایبەتی . کاتی خۆی ئەم پێشنیارانەو هێندێ پێشنیاری دیکەم بەنامە بۆ کاك مەسعوود نووسی ، بەڵام کاك مەسعود - ماڵی ئاوابێ - تەنانەت هێندە زەحمەتی نەدایە بەر خۆی وەرامی نامەکەم بداتەوە .

ئێستەش کەئەم نامەیە دەنووسم بۆتان - وەك لەسەرەوە گوتم - هۆی ئەوەیە کەدوارۆژی رەشی نەتەوەی کورد دەهێنمە بەرچاوی خۆ و هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەم بەرامبەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان ، ئەگەنا هیچ نیازێکی تایبەتیم لەمەدا نی یە . راستە ساڵانی ساڵ هاورێ و دۆستی مام جەلال بووم و ریزێکی زۆرم هەبووە بەرامبەر بەباوکی کاك مەسعوود ، بـــەڵام بۆ من هەموو خۆشەویستی و دۆستایەتی یەك لەسنوری کەوشەنی خزمەت بەمرۆڤایەتی ی بەشخوراو و ژێردەستەدەرناچێ ، کەنەتەوەی کورد بەشێکە لێ ی . بۆیە چاوەڕوانی من لەهەردووکتان ئەوەیە دەستەبەجێ ئاوێك بەم ئاگرە دابکەن و لـەمەولاش لەهەموو هەنگاوێکدا پرس بەیەکدی بکەن و هەروەها بەنوێنەرانی دیکەی خەڵکی کوردستان ، ئەوجا بڕیار لەسەر ئەم هەنگاوە بدەن . دەبێ ئەوەش بێژم کەهەموو باوەڕکردنێك بەداگیرکەرانی کوردستان پەژیوانی لەدوایە ، خۆشتان لەم رووەوە بەسەرهاتتان فرە زۆرە . هەروەها هەموو بستێکی خاکی کوردستان پیرۆز و نەتەکینەو هیچ بێگانەیەك مافی ئەوەی نی یە و نابێ سەروەرێتی بەسەر هیچ بەشێکی کوردستاندا بکات، با بێگانەکەدۆست و هاوپەیمانیش بێ . بەرێوەبەرێتی هیچ بستێکی کوردستان نابێ بدرێتە دەست هیچ ناکوردستانی یەك ، تەنانەت بۆ ماوەی چاوترووکاندنێکیش .

لەگەڵ سڵاوی برایانەمدا بۆ هەردوکتان

جەمال نەبەز

ئیمزا

سەرنج : تکایە ئەم نامەیە بنێرن بۆ رۆژنامەکانی خۆتان بۆ بڵاوکردنەوە ، زۆر سوپاس .

برای دێرینم د. جەمال نەبەزی بەڕێز
سڵاوێکی گەرم
شادی و خۆشیتانم داوایە .
نامەکەتان کەلە ١٧ /١/١٩٩٥ دا نوسراوە و لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی ئیمرۆدا ٢٢/ ١ / دا بڵاوکراوەتەوە ، خوێندمەوە و باش لێی ورد بوومەوە ، دەمەوێ بە گیانی برایەتی دێرینمان و بە سەربەستی پێتان رابگەیێنم کە ناوەرۆکی نامەکەتانم بەلاوە پەسەندە .
هیوادارم تۆش وەك نامەکەی ئەمجارەتان هەمیشە بە شێوەی بێلایەن و ئامۆژگاری و رێنوین هەڵوێستەکانتان دەربڕن . هەقە وەك ئەمجارە هەمیشە دەوری ناوبژی و رێنوینی ببینیت ولایەنگری هەق و راستی بن وچی باشە بۆ کوردایەتی و کوردەواری ئەوە و هەر ئەوە رەچاوبکەن ،

ئیتر هەر بژی بۆ
برای دێرینتان مام جەلال
ئیمزا

کۆیە ١٩٩٥/١/٢٢

پارتی دیمکراتی کوردستان
سەرۆك

هێژا کاك جەمال نەبەز
سڵاوێکی گەرم
نامەی رۆژی ١٩٩٥/١/١١ تان بە خۆشحاڵی یەوە بەدەست گەیشت ، سوپاسی هەستی کوردپەروەریتان دەکەین ، دیارە ئێمە هەمیشە بە پیرۆزی یەوە بۆچوون و بیروڕای هەموو دڵسۆزێك ، بەهادارو وەبەرچاو دەگرین و هەرگیز فەرامۆشیان ناکەین .
ناوەرۆکی نامەکەتان داخوازی هەق ویستانەی تێدایە و دیارە لەبەر دووری جەنابتان دەشێت هەندێ راستی رووداوە خوێناویەکانی ئەم دوای یەتان بەدەست نەگەیشتبێت و ئەو لایەنەی ئاگری فیتنە و شەڕی خۆکوژی هەڵگیرساند لای میللەت دیارە ، چونکە لە راستیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو شەڕو پێکداداان و خوێن رشتنی جەولەی دووەمیان لە ١٩٩٤/١٢/١٥دا، مەکتەبی سیاسی (ینك) لە کۆبونەوەیەکدا لە قەڵاچۆلان بڕیاری هەڵگیرساندنەوەی ئەم شەڕە و لە بارچوونی ئەزموونی نوێی کوردستان و دەستکەوتەکانیان دا و لە پێناوی سەپاندنی دیکتاتۆریەتی تاکە حزبی ، کە ئەوەش لەلایەن گەلەوە رەت دەکرێتەوە ، بۆیە ئاشکرا هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی پارتی و ئینقلابی شێوەدواکەوتوی سەربازیان لە شاری هەولێرکردووەودەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان پەك خستوە و ئەنجومەنی پەرلەمانیان ئفلیج کردوە و ژیانی ئاسایی شاری هەولێریان شێواند.
ئەمەسەرەرای ئەوەی پارتی بۆ چەندین جار بەتایبەت لە شەڕی پێنرۆشتنی ١٩٩٤/٥/١ بەرژەوەندی خۆی کردە قوربانی بەرژەوەندی گشتی کوردوکوردستان و ئەمەش لەلایەن (ینك) وە بە خراپی ئیسغلال کرا ، بۆپێشێلکردنی ئازادی ماف وکەرامەتی میللەتەکەمان و ئەمەش قبوڵ ناکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەین بە شێوەیەکی ئاشتیانە تا چیتر خوێنی رۆڵەی کورد نەرێژرێت . چونکە لەم شەڕە نارەوایەدا کەس بەسەرکەوتوو نازانین جگە لە دوژمنانی گەلەکەمان نەبێت...(ینك) دەیەوێت خواست و بەرژەوەندی حزبایەتی خۆیان بەمەبەستی شەڕوە ستاندن بسەپێنێت وئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکەنی یە و دەیەوێت سیاسەتی ئەمری واقیع بسەپێنێ و ئاشتی رەت دەکاتەوە .
دووبارە رێزمان

براتان
ئیمزا
مەسعود بارزانی
١٩٩٥/١/٣١

١٩٩٥/١/١٥
برای خۆشەویست مام جەلال
برای خۆشەویست کاك مەسعوود
پاش سڵاوێکی گەرم
سوپاسێکی زۆر بۆ هەردوکتان کەوەرامی نامەی رۆژی ١/١٧ منتان دابووەوە . نامەکەی من بانگەوازێکی خێر خوازانە بوو بۆ وەستاندنی شەڕو هێندێك پێشنیاری دڵسۆزانەشی تێدابوو بۆ رێگرتن لە هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شەڕی خۆ کوژی زۆرم پێ خۆشە کە ئێوەش هەروا لە نامەکەم گەیشتوون .
مام جەلال نووسیبووی : «..... نامەکەتان کەلە ١٧ /١ دانوسراوە .... خوێندمەوە و باش لێی وردبوومەوە . دەمەوێ بەگیانی برایەتی دێرینمان و بەسەربەستی پێتان رابگەیەنم کە ناوەرۆکی نامەکەتانم بەلاوە پەسەندە » .
کاك مەسعوودیش نوسیبووی : « .... ناوەرۆکی نامەکەتان داخوازی هەق ویستانەی تێدایە ....... ئێمە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەین بە شێوەیەکی ئاشتی یانە تا چیتر خوێنی رۆڵەی کورد نەرێژرێت . چونکە لەم شەڕە نارەوایەدا کەس بەسەرکەوتوو نازانین جگە لە دوژمنانی گەلەکەمان نەبێت » .

# سیروان

# بێ حیكمه‌ته‌ ئه‌و میلله‌ته‌ نه‌بووه‌ به‌ هیچ

4

له‌ بازنه‌كانی پێشه‌وه‌ی ئه‌م نوسینه‌دا كه‌م و زۆر قامكمان خستۆته‌ سه‌ر هه‌ندی له‌ فاكته‌رو لایه‌نه‌كانی جه‌وهه‌ری مه‌به‌سته‌كانمان .

نه‌ته‌وه‌ی كورد زه‌مانێكی دوورودرێژه‌ به‌بێ پسانه‌وه‌ له‌ خه‌بات كردن دایه‌ بۆ گه‌یشتنه‌ ئازادی و سه‌به‌رخۆیی ، به‌ڵام ئه‌وه‌ته‌ هه‌تا ئه‌مرۆكه‌ش هیچی به‌هیچ نه‌كردووه‌ و له‌ زۆرحاڵه‌تدا پیاو ده‌كاری خۆزگه‌ به‌بار و دۆخی رابردوو بهێنێته‌وه‌ كه‌ هه‌ندێ به‌شی كوردستان وه‌ك ئیمرۆكه‌ نه‌كرابوون به‌ عه‌ره‌ب و فارس و تورك ، یاخود خه‌ڵكێكی زۆری كورد وه‌ك چۆن هه‌نوكه‌ په‌ره‌وازه‌ و په‌ریده‌ی وڵاتان نه‌ببوون كه‌ هه‌ر یه‌ك له‌مانه‌ش بۆ خۆیان ئه‌وه‌ هه‌ڵده‌گرن لێتۆژینه‌وه‌ی تیرو پڕیان سه‌باره‌ت بكرێ .

له‌ بازنه‌ی ئه‌م جاره‌دا پێ له‌سه‌ر ئه‌م فاكته‌ره‌ داده‌گرین :

**فاكته‌ری مێژویی**

شێواوی دروست بوون و مانه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی كورد ، دیاره‌ له‌ دێر زه‌مانه‌وه‌ خه‌ڵكانێك هه‌بوون له‌سه‌ر ئه‌م خاكه‌ ژیاون كه‌ ئه‌مرۆ ناوه‌كه‌ی له‌سه‌ر نازناوی كورده‌وه‌ « كوردستان » ناسراوه‌ { مه‌به‌ستی من لێره‌دا ئه‌نجامدانی هیچ جۆره‌ نوسینێكی مێژویی ، یاخود هه‌وڵدان بۆ چونه‌ بنج و بنه‌وانی نه‌ته‌وه‌ی كورد نیه‌ ، به‌ڵكو ته‌نیا لێدوانێكه‌ بۆ چونه‌ ناو ناوه‌رۆكی مه‌به‌سته‌كانی نوسینه‌كه‌مه‌وه‌ }.

به‌ پێی ئه‌و سه‌رچاوانه‌ش كه‌ هه‌تا ئێستاكه‌ كه‌وتونه‌ته‌ به‌ر ده‌ست ، هیچ سه‌رچاوه‌ و نوسراوه‌یه‌ك له‌ به‌رچاوان دانیه‌ له‌ به‌رگی دیكۆمێنت ، سه‌ربرده‌ی دروست بوونی كورد و سه‌ره‌تای ژیان له‌سه‌ر خاكی كوردستانمان بۆ بگێڕێته‌وه‌ ، دیاره‌ ئه‌وه‌ش مانای وانا گه‌یه‌نی كه‌ له‌ نه‌ته‌وه‌كه‌مان به‌گومانین ، چونكه‌ به‌ ڕای من مه‌سه‌له‌ی مێژویی سه‌رجه‌می نه‌ته‌وه‌كانی جیهان ، به‌تایبه‌ت زۆر نه‌ته‌وه‌ی وڵاتانی ئاسیا و ئه‌فریقیاوئه‌مریكای لاتینی ئه‌گه‌ر له‌ نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌م باره‌یه‌وه‌ ده‌ست كورتر نه‌بن ، ئه‌وه‌ هه‌رگیز زیاتریان به‌ده‌سته‌وه‌ نیه‌ ، هه‌ر بۆ نمونه‌ سه‌یرێكی چۆنیه‌تی نه‌ته‌وه‌ و وڵاته‌كانی ئه‌فریقیا و ئه‌مریكی لاتینی بكه‌ین ، ئه‌و دڵسوتانه‌ مێژوییه‌مان له‌لا كه‌م ده‌كاته‌وه‌ .

به‌ كورتی فاكتی مێژویی سه‌ره‌تای دروست بوونی نه‌ته‌وه‌ی كورد تابلێی شێواو ناهه‌مواره‌ ، نه‌ته‌وه‌ی كورد هه‌ر له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای كاروانی ژیانه‌وه‌ پێده‌چی به‌دوژمن و نه‌یارگه‌ماڕۆ درانه‌وه‌ فرچكی گرتوه‌ ، وه‌ك ئیسماعیل بشكچی پرۆفیسۆری سیۆسیۆلۆجی توركیایی گوته‌نی ، ئه‌وانه‌ی به‌ درێژایی مێژوو قه‌له‌مڕه‌وی به‌ ڕێوه‌ بردنی كوردستانیان به‌ ده‌سته‌وه‌ بووه‌ ، مه‌سه‌له‌ی فه‌رهه‌نگ و كه‌لتوری كورده‌ واریان له‌ جێی خۆیه‌وه‌ خنكاندوه‌ و نوزه‌یان له‌به‌ر بڕیوه‌ ، بۆیه‌ شتێكی سه‌یر نیه‌ ، نه‌ته‌وه‌كه‌مان خاوه‌نی هیچ جۆره‌ شارستانیه‌ت و فه‌رهه‌نگێكی مێژویی كوردانه‌ نه‌بێت .

مێژوی نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌گه‌ڵ شێواوی یه‌كه‌ی « كه‌ زۆرتر بۆ ده‌ست تێوه‌ردانی نه‌یاره‌كانی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ » زۆر ئه‌لقه‌ و بازنه‌ی كاروانی سه‌رهه‌ڵدان و دروست بوونی نه‌ته‌وایه‌تی بزره‌ و بنبووكراوه‌ ، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ درێژایی رۆژگاری ناوچه‌كانی كوردستان به‌سه‌رچاوه‌ مێژویه‌كانی ده‌وروبه‌ر دابچینه‌وه‌، چه‌ندان ده‌ساڵ و ماوه‌ی زیاتریش هه‌ن سه‌باره‌ت به‌ مێژوی نه‌ته‌وه‌كه‌مان شتێكی ئه‌وتۆمان له‌ هه‌بگه‌دا نیه‌ !!

ئه‌وجا ئه‌م جۆره‌ مێژوه‌ ناته‌واو پچڕپچڕه‌ش كه‌ هه‌تا هه‌نوكه‌ هیچ دام و ده‌زگه‌یه‌كی كوردانه‌ بۆی نه‌كراوه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی دروست بینوسێته‌وه‌ و بیخاته‌ به‌رده‌ست نه‌وه‌كانی داهاتوو ، به‌ ڕای من خۆی له‌ خۆیدا یه‌كێكه‌ له‌و خامۆشیانه‌ی به‌ ته‌وێڵی خه‌باتی گه‌له‌كه‌مانه‌وه‌ جێی دیاره‌ و دوژمنان كه‌م و زۆر رۆڵی كاریگه‌ریان دیوه‌ له‌ به‌رپێنه‌دانه‌ به‌ر هه‌بونی هه‌ر جۆره‌ هه‌وڵدانێكی له‌م جۆره‌ ، هه‌ر بۆیه‌ش ده‌بوو هێزه‌ سیاسی و فه‌رهه‌نگی و ئه‌ده‌بی یه‌ خۆیه‌ به‌ رپرسیارزانه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی كورد به‌شێوه‌یه‌كی واقیعی بیریان لێ بكردایه‌وه‌ و لێی بكه‌نه‌وه‌ ، چونكه‌ هه‌بونی تروسكایی له‌سه‌ر مێژوی نه‌ته‌وه‌كه‌مان كۆڵه‌گه‌یه‌كی بنه‌ڕه‌تی به‌ره‌وپێشه‌وه‌ چوون و زیاتر سه‌قامگیربوونی كه‌سایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی كورد ده‌گه‌یه‌نێ ، پێ‌تان سه‌یر نه‌بێ له‌ناو حیزبه‌ سیاسه‌ته‌مداره‌كانی كوردستاندا زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری ئه‌ندامه‌ پێشكه‌وتوه‌كانیان شتێكی ئه‌وتۆ له‌ مێژوی نه‌ته‌وه‌كه‌یان نازانن و پێی ناسیارنین .

ئیتر ئه‌مه‌ ره‌هه‌ندێكی هێجگار تاڵ و تفتی بۆ چۆنایه‌تی خه‌بات كردن له‌ناو نه‌ته‌وه‌ی كوردا سازداوه‌ ، به‌ڵام نه‌وه‌ك به‌ شێوه‌یه‌كی دیار و رووكه‌ش كه‌ هه‌موو كه‌س هه‌ستی پێ كردبێ ، به‌ڵكو له‌ رووی ناوه‌وه‌ی پرۆسه‌ی خه‌بات كردندا ئه‌و كه‌له‌به‌ره‌ دزه‌ی كردوه‌، كه‌ دیسانه‌وه‌ دوژمنان سودێكی زۆریان لێ بینیوه‌ و زۆر لایه‌نی خه‌ره‌كی تورك و فارس و عه‌ره‌ب هه‌ن له‌م روانگه‌یه‌وه‌ مه‌سه‌له‌ی گێڕانه‌وه‌ی كوردیان بۆ ناو نه‌ته‌وه‌كانی خۆیان قۆستۆته‌وه‌ .

**رۆڵی كورد له‌ مێژودا**

وه‌ك گوتمان ئێمه‌ تا هه‌نوكه‌ خاوه‌نی مێژویه‌كی پوخت كراو و نوسراوی خۆمان نین ، به‌ڵام به‌ هه‌ڵدانه‌وه‌ی ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی تایبه‌ت به‌ خۆمانن و ئه‌وانه‌ی نه‌ته‌وه‌كانی ده‌وروبه‌رمانه‌وه‌ ، بۆمان روون ده‌بێته‌وه‌ كه‌ كورد هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای گه‌ڵاڵه‌ بوونی نه‌ته‌وه‌كانی ناوچه‌كه‌و په‌یدا بوونی ئاین و داگیركردنی ناوچه‌كان له‌ لایه‌ن عه‌ره‌به‌كانه‌وه‌ له‌ ژێر ئالای ئاینه‌كه‌یان ( ئیسلام) و رووبه‌ڕووبونه‌وه‌ی گه‌لانی به‌ ئیسلام كراو له‌گه‌ڵ شارستانیه‌تی ئه‌وروپا و شه‌ڕو

ئه وه ی هه تا هه نوکه مایه پوچی کردوین و له رووی ده ره کیشه وه بووه ته مایه ی ئه وه ی کـه زۆربـه ی دۆست و رای گشتی جیهانی به شێوه یه کی په راوێزی و مه رج کـاری ده وڵه ته داگیرکاره کانی کوردستانه وه سه یری مه سه له ی کورد بکه ن و بگره به ناچاری بـۆ مه سه له ی نـاوه کی وڵاتـانی تـورکی و عیراقی و ئێرانی و سـوریـاری بگه رێننه وه ، چونکه نه ته وه ی کورد وا خـۆی به سوك و سانایی نایه وی٘ بانگی حه قی ره وای خۆی بدات ، له دروست کردنی ده وڵه تی سه ر به خۆی ئه و جا چجای خه ڵکانی دیـکه له ده ره وه ی کوردستان و نـه تـه وه ی کورد ئـه م زێده رۆیه به خۆیان بده ن و به خۆرایی ئێسکی خۆیان لـه به رچاوی رژێمه کانی داگیرکاری کوردستان گران بکه ن. بۆیه ئـه گه ر سیاسه ت مه دارانی تیکرای پارچه کانی کوردستان بله زانه ئه م سـنوره ده ستکرده نه به زێنن و به یداخی سه ربه خۆی کوردستان هه ڵنه که ن . دره نگ و زوو لـه گه ڵ ره وتی رووداوه کان به جیی٘ده مێنن و چیدی نکارن ئـه و کاروانه بـه رێوه به رن .

---

# ده ست له گه روی حه وت ملیۆن هاووڵاتیانی کوردستانی چه وساوه و ژێرده سته ی رژێمی ئایه توڵاکانی فارس هه ڵگرن !!

هاووڵاتیانی به رێز !!

له رۆژگارێکدا که له هیچ سه رده مێکی مێژووی هاووڵاتیانی کوردستاندا یه کێتی ریزو هاوکاری و یامه تیدانی یه کتری و گونجاندن له نێوان پارت و رێکخراو و به شه داگیرکراو لێکدی دابراوه کانی کوردستان ئاوه هایی پێویست و شیلگیرنه بووه ، له سه رده مێکدا که به هیچ جۆری٘ هـاووڵاتیانی کوردستان ئه و هێنده پێویستیان به ده نگی ئازادی نوسراو بیستراو دیتراوی دوور له ده ستی سانسۆر و مۆره ی داگیرکاران نه بووه ، هـه واڵـی ده ست خستنه بێنه قاقه و خنکاندنی ده نگی رادیوی پارتی دیمکراتی کوردستان ( ئێران ) وه ك کوڵه مستێکی توند له که له ی هاووڵاتیانی دا !!
یه کێتی نیشتمانی کوردستان که چه ندین ساڵ دژایه تی پارتی دیمکراتی کوردستان ( عیراق ) ی کرد له سه ر ئه وه ی گوایه به گژ پارتی دیمکراتی کوردستان ( ئێران ) دا دێته وه ، بگره ماوه یه کی درێژخایه ن هه موو گفتوگو و په یوه ندیه کی به لایه نه کانی دی به هه ڵوێستی نێوان ئـه و دوو پارته ده به سته وه و به رگریکردن له پارتی دیمکراتی کوردستان ( ئێران )ی کردبوه به شێکی خه بات و ململانیی نێوان خۆی وهێزه کانی تری گۆره پانی رامیاری ، ئیمرۆ کارێك ده کات که هه رگیز هیچ کام له و هێزانه هه رچه نده ش نێوانیان باش نه بووبی پێیان نه ناوه ته ریگه ی ئاوا پر له مه ترسی، بگره ئه و ره فتاره ی یه کێتی کتومت ئه و کاره یه که چه ندین ساڵه ئایه توڵاکانی تاران زره خه ونی پێوه ده بینن وبۆیان مه یسه رنابی٘ ؟؟
ئێمه ی ئه ندامان و دۆستان و لایه نگرانی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان سه رتاسه ری ، ئه و کاره ی یه کێتی بـه رداد ده که ین ، ده نگمان ده خه ینه پاڵ ده نگی هه موو ئه و رۆڵه روومه تمه ندانه ی داوای ئازادکردنی ده نگی ئازادی و خه باتی هاووڵاتیانی کوردسـتان لـه ژێـر چه پۆکی مێرده زمه ی یه کێتی ده که ن .
ئه م ره فتاره ی یه کێتی کارێکی لێنه وه شاوه یه له هێزێکی باشوری کوردستان که لافی خه بات له پێناو مافیچاره نوس و دامه زراندی ده وڵه تی یاسا لێده دات !! هه نگاوێکی پرمه ترسیه بۆتیێوه گلان له تۆری داگیرکارانی کوردستان و ئاڵۆزکردنی پتری ره وشی بزوتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان .
هۆوهۆکاری ئه م کاره ناره وایه به رابه رحه وت ملیۆن له هاووڵاتیانی ژێرچه پۆکی رژێمی ئیسلامی فارسه ره گه زپه رسته کان هه رچیبی٘ وهه رچینه بـی٘، ئاکام هه ربه سودوبه رژه وه ندی داگیرکلرانی کوردستانه ، به هیچ جۆرێك راژه ی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان ناکات ، بۆیه داوا ده کـه ین چی زووه یه کێتی نیشتمانی کوردستان ده ست له بێنه قاقه ی رادیۆی ده نگی کوردستانی پارتی دیمکراتی کوردستان ( ئێران ) هه ڵگری٘ وه ك مه رجی یه که می چاره سه رکردنی گیروگرفته کانی نێوانیان به رێگه ی گفتوگۆی ئاشتیخوازانه که ته نیا رێبازی ره وا و راست و دروسته و مه حه کی راسته قینه ی بێغه لوغه شی هه ر هێزێکی نیشتمانی کوردستانه .

**هه ر ده نگێکی ئازاد له سه رهه ر بسته خاکێکی ئازادکراوی کوردستاندا**
**ده نگی ته واوی هاووڵاتیانی ئازادیخوازی کوردستانه**
**دژایه تی کردنیشی ، دژایه تی ته واوی ئازادیخوازانی کوردستانه !**

*به رێوه به رایه تی*
*کۆمیته ی ئاشتی وپشگیری نیشتمانی کوردستان*
*١٩٩٥/٣/٢٣ / ئه ورووپا*

باوکی کاڵێ

# لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی گشتی له بنچینه هزرییه‌کان ! سه‌رهه‌ڵدان ! تێکشکان ! چاره‌سه‌رێکی بابه‌تیانه‌ی پارتێکی کۆمۆنیستی سه‌ربه‌خۆی کوردستانیدا

ده‌وڵه‌تی عیراق به‌ درێژایی مێژووی خوێناوی و پڕ تراژیدی ده‌یان و سه‌دان هۆکاری ده‌ستدرێژی جیاجیای رامیاری وه‌ك سه‌ربازی ، ئابوری ، راگه‌یاندن به‌ هه‌موو شێوه‌کانییه‌وه‌ ، په‌روه‌رده‌ و فێرکردن ، دروستکردنی ده‌یان رێکخراو و مه‌ڵبه‌ندی شۆڤێنیزمی هه‌مووی به‌ نیازی گۆڕینی سایکۆلۆژیه‌تی مرۆڤی کوردستان و تێکشکاندنی که‌سایه‌تی سه‌ربه‌خۆی گه‌لی کوردستان به‌ که‌سایه‌تییه‌کی شێوێندراو عیراقی و خۆ به‌ عیراقی زان ، به‌کارهێناوه‌ .

## رێکخراوی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیست و مارکسی پێزه‌ی بیری سۆسیالیزمییه‌ له‌ کوردستاندا

هه‌وێنی بیری پێکهێنانی رێکخراوه‌یه‌کی کۆمۆنیستی یا مارکسی له‌ کوردستاندا سه‌رچاوه‌ که‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ مێژووی ئه‌و سه‌رهه‌ڵدانه‌ سه‌ربه‌خۆیه‌ی بیری سۆسیالیستی نوێ و که‌سایه‌تی گه‌لی کوردستان .

دیاره‌ ئه‌مه‌ش وه‌ك شتێکی زانستی په‌یوه‌ندی نێوان قۆناغه‌ جیاجیاکانی په‌ره‌سه‌ندن به‌گشتی و هه‌ردوو قۆناغی سه‌رهه‌ڵدانی بیری سۆسیالیزمی و گه‌ڵاڵه‌بوونی بیری رێکخراوه‌یی ئه‌و ئایدۆلۆژیایه‌ ، به‌تایبه‌ت ، په‌یوه‌ندییه‌کی دیالیکتیکی و ئۆرگانی به‌هێزیان له‌ نێوان دایه‌ . دروستبوونی شانه‌ کۆمۆنیسته‌کان له‌ سه‌ره‌تای چله‌کانه‌وه‌ له‌ رێگای هۆکارێکی ده‌ستکردی ناوه‌کی یا فاکته‌رێکی نائاسایی ده‌ره‌وه‌ی بیری سۆسیالیزمی له‌ کوردستان له‌ دایك نه‌بوه‌ یا موتوربه‌ نه‌کراوه‌ ، به‌ڵکو پێکهاته‌یه‌کی بابه‌تیانه‌ی سروشتی بووه‌ !! بۆیه‌ مێژووی سه‌رهه‌ڵدانی رێکخراوه‌ی کۆمۆنیسته‌کانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و خزانه‌ نێو کۆڕی خه‌باتی چینایه‌تی ، بۆ دروستبوونی ئه‌و شانه‌ کۆمۆنیستیانه‌ و دواتر کۆکردنه‌وه‌ و رێکخستنیان له‌ رێکخراوه‌یه‌کی تایبه‌تی کوردستانی دا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ساڵی ١٩٤٥ . مێژووی ئه‌و رێکخراوه‌ کۆمۆنیستییه‌ کوردستانییه‌ و قوربانییه‌ که‌ڵه‌که‌بووه‌کانی له‌ ته‌واوی بواره‌ جیاکانی تێکۆشاندا ، به‌ هه‌ردوو شه‌قڵی ئه‌ری و نه‌رییه‌وه‌ به‌ مێژووی پڕ له‌ شانازی کۆمۆنیسته‌کان ده‌ژمێردرێت . دیاره‌ ئه‌و هه‌ڵکه‌وته‌ ، وه‌ك شتێکی ریالیزمی شۆڕشی مێژووی سه‌رهه‌ڵدانی بیری سۆسیالیزمی و دروست بوونی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، وه‌لێ ئه‌وه‌ش پرسیارێکی تره‌ که‌ ناکرێ خۆی لێبدزینه‌وه‌ ، ئایا ئه‌و رێکخراوه‌ وه‌ك پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی سه‌ربه‌خۆ ، له‌ ماوه‌ی ئه‌و په‌نجا ساڵه‌ی تێکۆشاندا خه‌باتی کردووه‌ ؟؟

لێره‌دا گه‌لێك پرسیارو کێشه‌ و هۆی رامیاری رووبه‌ڕوی کۆمۆنیسته‌کان ده‌بێته‌وه‌ ، وه‌ك : ئایا له‌ خشتبردانی ئه‌و رێکخراوه‌ کۆمۆنیسته‌ کوردستانییه‌ به‌ بیروباوه‌ڕی عیراقیزم ، یا به‌ مێژووی نیشتمانی عیراقی ، نکۆڵی کردن نییه‌ له‌ مێژووی سه‌رهه‌ڵدانی بیری سۆسیالیزمی و پێکهاتنی ئه‌و هۆکاره‌ شۆڕشگێڕیه‌ چینایه‌تییه‌ی کوردستان ؟؟

### دانپیانه‌نان به‌ سه‌ربه‌خۆیی ئه‌و هۆکاره‌ رامیارییه‌ چینایه‌تییه‌ له‌ ناوه‌ڕۆکدا نکۆڵی کردنی تایبه‌تمه‌ندی روده‌کی داگیرکراوی کوردستان و گه‌له‌ ژێرده‌سته‌که‌یه‌تی !

- دوژمنانی سه‌رسه‌ختی ئه‌و گه‌له‌ ، له‌ ره‌گه‌ز په‌رستانی بورژوای عه‌ره‌ب و کۆلۆنیالیزمی عیراقی ، هه‌رده‌م کۆشش و هه‌وڵوته‌قه‌لای بێسنوریان داوه‌ ، له‌ پێناو له‌ ناوبردنی هه‌رچی شوێنه‌وار و بونێکی نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی کوردستانه‌ ، له‌ مێژو و زمان ، که‌لتور ، وێژه‌ و هونه‌ر ، ره‌وشت ، یا هه‌ر دابونه‌ریتێکی تری کۆمه‌ڵایه‌تی و نه‌ته‌وایه‌تی که‌ ماکی شارستانییه‌ت و، ره‌سه‌نی ئه‌و گه‌له‌ ده‌سه‌لمێنێ ، نه‌یهێڵن ، به‌ڵکو روده‌ی چه‌وساوه‌ی ئه‌و گه‌له‌ سته‌مدیده‌ بگۆڕن و به‌ خۆی نامۆکه‌ن ، به‌مه‌به‌ستی ره‌نگوروی ده‌وڵه‌تی عیراقی کۆلۆنیالیزمی عه‌ره‌بی ، بۆ ئه‌نجامدامی ئه‌و پیلانه‌ کۆلۆنیالیزمیه‌ هه‌موو رێبه‌کیان گرتۆته‌به‌ر.

هاوکات له‌گه‌ڵ ئه‌و رامیارییه‌ کۆلۆنیالیزمییه‌ی ده‌وڵه‌تی عیراق ، سۆسیالیست و کۆمۆنیست و دیمکراسه‌ پێشکه‌وتوخوازه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی باڵاده‌ستی عه‌ره‌ب له‌ په‌نای بیری شۆڤێنیزمی ده‌وڵه‌تی عیراقی به‌شداری رژێمه‌ کۆلۆنیالیزمییه‌کانی کردووه‌ ، به‌هه‌مان ناوه‌رۆك به‌ڵام به‌ شێوازی تر وه‌ك . داکۆکی کردن له‌ یه‌کێتی نیشتمان و گه‌لی عیراقی پێکهێنانی پارتی سه‌رانسه‌ری و خه‌باتی نێونه‌ته‌وه‌یی !! و چه‌ندان دروشم و پروپاگه‌نده‌ی دیماگۆگی تری له‌و بابه‌تانه‌ بۆ گه‌یشتن به‌و ئامانجه‌ ، له‌وکاته‌دا ده‌بوایه‌ سۆسیالیزمه‌کانی عه‌ره‌ب به‌ر له‌ کۆمۆنیسته‌کانی کوردستان وه‌ك داکۆکی کارێکی راسته‌قینه‌ ، داکۆکیان له‌ سه‌ربه‌خۆیی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق وه‌کو پارتێکی سه‌ربه‌خۆی چینایه‌تی گه‌لی کوردستان بکردبایه‌ ، به‌ڵام به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ، هه‌ر کرێکار و جوتیارێکی کۆمۆنیستی کوردستان باسی ئه‌و کێشه‌ هزریانه‌ بکات به‌ که‌رتخواز و ده‌مارگیری نه‌ته‌وه‌ی کورد له‌ قه‌ڵه‌م ده‌ده‌رێ !!؟

- له‌ناو هه‌ناوی ئه‌و ئێش و ئازاره‌ زۆره‌ی چه‌وساندنه‌وه‌ی دولایه‌نی نه‌ته‌وایه‌تی و چینایه‌تی که‌ ده‌یان ساڵه‌ له‌ لایه‌ن رژێمی کۆلۆنیالیزمی عیراقی و سۆسیالیسته‌کانه‌وه‌ پیاده‌ ده‌کرێ ، ئیمرۆکه‌ شتیکی ئه‌وه‌نده‌ نامۆنییه‌ که‌ که‌سانێکی « رۆشنبیر و سیاسه‌تمه‌دار » ی کوردستان نکۆڵی له‌ بونی خۆیان ، جوگرافیای سیاسی و فه‌لسه‌فی و مێژووی سۆسیالیزمی و خه‌باتی سه‌ربه‌خۆی ئه‌و گه‌له‌ بکه‌ن !؟

### کێشه‌ی نێو پرنسیپه‌ لینینیزمییه‌کان

کێشه‌ی لینینیزم و پرنسیپه‌کانی ، له‌ نێوان کۆمۆنیسته‌ کوردستانییه‌کان و عیراقچیه‌کاندا ،کێشه‌کی سه‌ره‌کی نه‌بووه‌ ، له‌

به پله ی یه که م دۆزی نیشتمانی بـوه ، شتێکی ئاساییه که کۆمۆنیستێك بڕوای به لێنینیزم و پرنسیپه کانی لێنینیزم هه بێت له ژیانی پـارتایه تیدا و لـه هه مانكاتدا كوردستانی بێت ، یا عیراقی بێت لـه روی نیشتمانییه وه و بـڕوا شی به لێنینیزم و كۆمۆنیزم نه بێت ، لیٚ دوای كۆنـگره ی پێنجه می پارتی كۆمۆنیستی عیـراق و تۆرِدانی لێنینیزم له پرۆگرامی ئه و پارته دا، ئه و كێشه هزریه لاوه كییه ی كۆمۆنیسته كوردستانییه كان بنبرِ بوو ،یا باشتره بگوتریٚ ئه م كاره ی پارتی كۆمۆنیستی عیراق بوه هۆی ئه وه ی كه كۆمۆنیسته كوردستانیه كان له سه ر داواكاری خۆیان سوربن ، گومانیش له وه دانییه كه پارتی كۆمۆنیستی عیراق وه ك هه ر رێكخراوه یه كی وابه ستـه ی ئه و پارته عیراقییه بۆ یه كخستنی په یرِه و پرۆگرامه كانیان ، ده بیٚ هه مان هه نـگاو بنیٚ ، هه رچه نده ئه و پرۆسه بیریه گه وره پێویست بوو كۆمۆنیسته كانی كوردسـتان خۆیان له كۆنگره ی دیمكراسی و سه ربه خۆی خۆیاندا بگه نه ئه و برِیاره ، هاوكات له گه ڵ تۆرِدانی ئه و پرنسیپه لێنینیزمییه ، به پێی پێودانگ و تێگه یشتنی كلاسیكی رابـردوو ، كـه برِوابوون به لێنینیزم مه رجێكـی بنه رِه ت بوو بۆ هه ر پارتێكی كۆمۆنیست، ئه و پرسیاره خۆی سه پاند ؛ دوای نه مانی لێنینیزم له پرۆگرامی پـارتدا ، پێویستی مانه وه ی نـاوی كۆمۆنیستی چییـه ؟؟ دیـاره شێوه و ناوه رۆك رۆڵی كاریگه ریان به سه ر یه كه وه هه یـه ، رونیشه وه ك شتێكی بابه تی ناوو ناوه رۆكی ئه و پارتـه هه ڵقولاوی هه لكه وته ی پێشكه وتوخوازی جه رگه ی گه ل و نیشتمان له لایـه ك و ، وابه سته بـه تیۆری ماركسیزمییه كـه ی له لایه كی تره وه بێت و بـه س ، واتـه برِیارێكی دابرِ بدرێت كۆتایی به و دوورِووییه له برِواهێنان به لێنینیزم لـه پـرِاكتیك و به رنامه دا .

## هۆیه كانی سه رهه ڵدانی بیری سه ربه خۆیی كۆمۆنیسته كوردستانییه كان

* عیراق یه كێبه تیه كی جیۆلۆجـی و جوگرافی نییه . لـه هه مانكاتدا یـه ك نه ته وه ی عیراقی به ناوی « نـه ته وه ی عیراق » نییه ، بۆیه هه ر لـه كۆنـه وه هاوكاری و بـرایه تی لـه نێوان ئـه و ره گه زانـه ی كـه رۆڵـی سیا سیان له ناو كۆمه ڵگه ی زۆره ملی عیراقـدا هه بوه ، نه وندە نه بوون ، به رامبه ر بـه و كێشه سه ختو و خوێناوییه ی ، كه هه ر له رۆژگاری دروست بوونی ده وڵه تی عیراقییه وه تاوه كو ئه و ساته به رده وامن .

باشوری كورد سـتان وه ك بـه شێكی ئۆرگانی له گه ڵ پارچه كانی تری كوردستاندا داگیركراو به كۆڵۆنی كراوه لـه لایـه ن ده وڵه تی عیراقییه وه ، ئه و چوارچێوه ی عیراقی ئێسته ش ، چـوارچێوه یـه كـی دروستكراو و دا سه پێندراوی زۆره مـلـی كۆلۆنیالیزمی به ریتانیایه .

بۆیه خه باتی ئه و دوو گه له له بنه رِه تدا جیاوازن ، به یه كدی به ستنه وه ی هۆكـاری هزری و رامیاری و رێكخستنه كانی ئه و دوو نه ته وه یه جیاوازه ، له لایه ن كه سانی سۆسیالیست و خۆ به كۆمۆنیست زان هه مان ئۆباڵی كۆلۆنیالیزمییه به رابه ر به گـه لی كوردستان ، جـا سه ر چاوه هزریه كانی هه رچی ده بیٚ با ببێت .

* تیٚرِوانینی سـه ركردایـه تـی پـارتی كۆمۆنیستی عیراق بۆ بزاڤی رزگاریـخوازی گه لی كوردستان ، روده بیٚ نه بووه ، جا به ڵگه و به هانه هزریه كانی هه رچی بێت، خه باتی رزگاری نیشتمانی نه ته وه یی ئه و گه له ی به بزوتنه وه یه كی نه ته وه په رست و برژوا و ده ره به گی كورد زانیوه ، بیٚ له به رچاوگرتنی دیمكراسی و ره وایی خه باتی ئه و گه له سته مدیده .

* سه رهه ڵدانی بیری شۆڤێنیزمی عه ره بی و رۆڵی به رچاوی له به رێوه بردن و بـه پرِاكتیك كردنی رامیاری پارتی كۆمۆنیستی عیراق .

* بێده سه ڵاتی و ده سته پاچه یی سه ر كردایه تی رێكخراوی كۆمۆنیستـه كانی كوردستان به رابه ر به سه ركردایه تی پارتی كۆمۆنیستی عیراق و بێده نگیان ، یـا بێهه ڵوێستی و جێمانی پارتی كۆمۆنیستی كوردسـتان لـه زۆر قۆناغی مێژوی و نیشتمانی كه پێویستبوو ئـه و رێكخراوه رۆڵی كاریگه ری تێدا ببینیٚ .

* هۆشیاری هه ستی نـه تـه وایه تـی و نیشتمانی ، هه ر ده م رێگه ی ئـه وه ی نه ده دان كه بێده نگبن لـه به رامبه ر رامیاری ناوه كی پیٚرِه وكراوی شۆڤێنیزمی عه ره بی ،كه به گوێره ی خه باتی نیشتمانی ئه ركێكی سه ره تایی كۆمۆنیسته كانه .

* گۆرِانكاریه كانی بـلۆكی ئه وروپای خۆرهه ڵات ، ئه و راستیانه ی ئاشكراكرد ، كه پارته كۆمۆنیسته كانی ئه و وڵاتانه پارتی نه ته وه ی باڵاده ست بوینه . بـزوتنه وه ی كۆمۆنیستی و پـارتـه كۆمۆنیسته كانیش پـه روه رده ی هه مان ئایدۆلۆژیا و ئاوه زی ستالینیزمی بوون ، لـه وانیشه وه سروشیان وه رگرتووه، یه ك له وانه ش پارتی كۆمۆنیستی عیراقیه ، هه ر بۆیـه پێـداچونه وه و هه ڵوێستـه كردن له سه ر رامیاری ئه و پارته كۆمۆنیستانه بوه شتێكی پێویست و بابه تی كه نـه كریٚ لیٚی بێده نگ بیٚن .

### هۆیه كانی تێكشكانی بیری سه ربه خۆیی

* ده سه ڵاتی بێبه ربه ستی یه كێتی سۆڤیه ت و ، ژێررِكێف كردن و رێنمایی كردنی بـزاڤـی كۆمۆنیستی جیهان ، بوه هۆی ئه وه ی پارتی كۆمۆنیستی عیراق ، وه ك هـه ر پـارتێكی بیرۆكراتی خاوه ن ده سه ڵات خۆی بـه میراتگری خه باتی چینایه تی بزانی ، هه ر كه سانێك یـا هـه ر رێكخراوه یه ك ، لـه چـوارچێوه ی بیروبۆچونه كـانی هێڵی سۆڤیه ت و پـارتـی كۆمۆنیستی عیراقی ده رچو با ، بیٚـگومـان به هه مو شێوه یه ك دژایه تی ده كرا تـاوه كو ده خزێندرایه به ره ی برژوای نه ته وه په رست و جێبه جێكاری پیلانه كانی ئه م و ئه م ، جا ئه و ته وژمه سه ربه خۆیه لـه نێو رێكخراوه ی كۆمۆنیسته كانی كوردستان بوایه یاخود لـه ده ره وه یدا .

* بیری كۆسموپۆلیتی كورده كانی نێو سه ركردایه تی پـارتی كۆمۆنیستی عیراق و بیری شۆڤێنیزمی عه ره بی .

* لاوازی بیری سـه ربه خۆیی و هۆشیاری نه ته وه یی و نیشتمانی گه لی كورد ستان و به ستنه وه ی بـزاڤـه رزگاریـخوازیه كـه ی به بزاڤی كۆمۆنیستی و تێگه و بوچونه كانی سه رده می جه نگیسارد .

* دواكه وتنی چینی كارگه ران و جوتیارانی كوردستان ، له پێشكه وتن و په ره سه ندنی سروشتی خۆیدا ، له ئه نجامی هۆكـاره كانی دواكه وتنی ئابوری كوردستان و پێشنه كه وتنی كۆمه ڵگه ی كوردستان .هۆكاره سه ره كییه كانی ئه و دواكه وتنه ش ده گه رِێته وه بۆ رامیاری ره گه زپه رستی ده وڵه تی عیراقی بـه رابه ر به كورد ستان .

* پـر هێزی ده ره بـه گ و پا شـماوه ی په یوه ندییه كانی كۆچه ری نێو كۆمه ڵگه ی كورده واری ، ره نگدانه وه یه كی سروشتی داكه وتنی قۆناغی كۆمه ڵگه ی كوردستانه ، لـه بواری كۆمه لایه تی و ئابوری ، فه رهه نگی و باڵكێشانی به سه ر خه باتی چینی كرێكار و جوتیار و ئایدۆلۆژیای خه باتی چینایه تی .

* به لاوه نانی هاورِێیانی هۆشیاری ئه و بواره بیرییه له لایه ن سـه ركردایـه تـی پـارتـی كۆمۆنیستی عیراق چونكیٚ ده گه ڵ رامیـاری ناوه ندی پارته كه نه گونجاون ، بگره چه ندان ناو و ناوتۆره یان بۆ دۆزیونه ته وه .

بـه پێچه وانه ی ئـه مـه ش ئـه و هـاورِێیانه وه پێشخراون و رۆڵی سه ركردایه تیـان گیرِاوه

کە هەردەم دەروێشی دڵسۆزی « یەکێتی عیراق » و یەکێتی « گەلی عیراق » و رامیاری و رێنمای ئەو پارتە یان بێچەندوچون جێبەجێکردووە .

* تەوژمی برژوای نەتەوەیی هەڵپەرست ، کە لە ئەنجامی تێشکانەکانی ئەورووپای کۆمۆنیست لە نێو رێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی کوردستاندا بوو ، بەتایبەت لە ریزی بزاڤە کۆمۆنیستە کوردستانییەکەدا سەریهەڵدا ، لە ئاکامدا ئەو توێژە رامیارییە هەڵپەرستە ، توانی بزوتنەوە کۆمۆنیستە کوردستانییەکە کۆنترۆڵبکات و بەرەو مەبەست و ئامانجە رامیارییەکانی خۆی ببات .

## ئەوپارتەی ئیمرۆ ناوکیبرا ، بەر لە ساڵێک بڕیاری لە دایکبوونی لە ئارادابوو

لەو وەرچەخانەی سەردەمی ئێستەماندا ، سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کوردستانی ، وەک تەوژمێکی هزری جیا ، لە رامیاری ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، بەدیاردەیەکی ئاسایی و ناناموٚ و بەرتەکدانەوەیەکی بابەتی بەرابەر بەتەوژمی کلاسیك و بیرۆکراتی خۆسەپێنەر بەسەر دەزگاکانی بەڕێوەبردنی ئەو پارتە دەزانرێت ، توێژی کۆنزەرڤاتیڤ و کۆسمۆپۆلەتیك ، جێماو لە جیهانی گۆڕان و ئەو سەردەمە پڕ لە گۆڕانکارییە . ناکۆك و دژەرۆدەی نێوجەرگەی کوردستان و خودی نێوە خۆی رێکخراوەکانی ، بەرپرسیارەتی ئەو پەرشوبڵاوییەی کۆمۆنیستەکان و لەتلەتی رێکخراوەکانیان و سەرهەڵدانی چەندین تەوژمی هزری جیا ،دروستبوونی بزاڤی کۆمۆنیستی و مارکسی لە بری بونی تاکە پارتی مارکسی کرێکارانی کوردستان ، دەکەوێتە ئەستۆ . تەوژمی کۆمۆنیستە کوردستانییەکە ، وێڕایی جیاوازی پێگە و هەڵکەوتنیان لە نێوان ئەوانەی هەتاوەکو ئێستەش بەردەوامی بەخەباتی هزری دەدەن ، لە چوارچێوەی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی - عیراق ، کە بەراوبۆچونی ئەوان دەبێ هەر لەوێوە درێژە بەو تێکۆشانە کوردستانییە بدرێت ، لەگەڵ ئەوانەی لەدەرەوەی رێکخستنەکانی ئەو پارتییە کارە هزرییەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن . هەردوو پێگە بیریەکە ، وەك دیاردەیەکی هەڵکەوت ، یەك بەرەی ماکی و مینۆکی ئەو تەوژمە سەربەخۆییە کوردستانییە پێکدێنن ، یەك ستراتیژی پێك دێنن ، بەپێی زۆر قەبڵاندن و رامان دەبوو بونی بەشێك لە کۆمۆنیستە کوردستانییەکان لە دەرەوەی پارتی کۆموتیستی کوردستانی عیراق » بەر لە دروستبوونی « پارتی کار » زەمینەیەکی لەبار و گونجاوتر پێك بهێنن وەك هاندەرێك بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی ئەو بەشە کوردستانییەی کە هەر لە ناو رێکخراوەکانی ئەوپارتەدا کارە هزرییەکانی خۆیان ئەنجامدەدا . هاوکات دەگەڵ ئەوەدا خەباتی کۆمۆنیستە کوردستانیەکانی دەرەوەی پارتەکە وەك فاکتەرێکی پاڵنەر ئەوەندەی تر قەیرانە بیری و رامیارییەکانی نێو پارتەکە قولتر دەکەنەوە و زەمینەی بەرەوپێشبردنی ئەو خەباتە ئەوەندەی تر زێتر بەرەو نزیك بونەوە دەبەن ، بەتایبەت گەر کۆمۆنیستە کوردستانیەکان « کار » گوێڕایەڵی بیری سەربەخۆیی پاراستنی ئەو رێبازە کۆمۆنیستییە کوردستانییەبان ، بۆیە دەرچونی « کار » لەو رێبازە کە زۆراسی کۆمۆنیستە کوردستانیەکان بوون ، هێندەی تر شێلەو بێلەی هزری کۆمۆنیستە کوردستانیەکانی ئاڵۆزکرد و تەمەنی درێژی بەتەوژمی کۆنزەرڤاتیڤ بەخشی .

بەزاندنی سنوری ئاقاری هزری رێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنسیتی کوردستان عیراق ، بەنیازی دروستکردن و دارشتنی فۆرمیکی رێکخستن ، وەك دروستکردنی پارتی «کار » جیا لە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان عیراق لە شێوە و ناوەرۆکدا ، لێدانێکی کوشندە بوو بۆ پوکاندنەوە و لەنێوبردنی کێشەی سەربەخۆکردنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان / عیراق ، بەرەو بەکوردستانی بوون کە بازنەی سەرەکی و ستراتیژی کۆمۆنیستەکانی کوردستانە ، لە هەمانکاتیشدا پێویستە ئەو راستیەش بگوترێ کە دروستکردنی پارتی « کار » نەك هەر زیادە رۆیی و کەرتخوازی بوو لە رێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی - عیراق ، بەلکو دەرچون بوو لە خودی رێبازە کۆمۆنیستییە کوردستانییەکەش ، لە ئەنجامی ئەو لادانەی هاورێیانی « کار » کێشەی سەربەخۆیی هەرێم و بەکوردستانی کردن بوە قوربانی جوانکاری و شێوە و بەرژەوەندی خودی و تاکەکەسی ، نوێکاریش لە شێوەی دوگماتیزمی ، لە هەمان بازنەی سواوی باوی کەرتخوازی نێو ریزەکانی بزاڤی کوردستانیدا، داننان بەو راستییەکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو تەوژمە کۆمۆنیستییە کوردستانیە، تۆی لە باربردن و هەرەس پێهێنان، یا لاواز کردنی ئەو خەباتە کوردستانییە لە ناخیدا ، پرسیکی بەڵگەنەویستە،لەوانە بیری ئەنتی کۆمۆنیزم ؛ پاکانەکردن لە مێژووی پەنجا ساڵەی خەباتی سەختی هەرێم ، شەرم بەخۆبون بەکۆمۆنیست و ناوی کۆمۆنیبزم ، هەڵپەکردن بۆ پێڕاگەیشتن بەکاروانی ئەتەوەپەرستی و بیری نەژادپەرستی ، دەستبەرداربوونی لە سەرەخۆی خەباتی چینایەتی و ئایدۆلۆژی کرێکاران و جوتیاران و سەرجەم لەشکری بێکاران ، دواتر بازدان لەو پەری چەپرەوی بۆ ئەوپەری راسترەوی ، لە پێڕی نێونەتەوەیی و عیراقچیەتییەوە بۆ دوێنێ کۆمۆنیستی کوردستانی سەربەخۆ، یا ئیمرۆی « چەپی نوێ » و سبەیش پارتیکی بچوکی بورژوای کوردستان !! ئەوانە و چەندین چەمکی هزری تری چەواشە ، لە سەرەتاوەك پەلە هەورێکی تەنك بەئاسمانی بیرکردنەوە و پەیڤ و نوسینی ئەو توێژەی نێو سەرکردایەتی « پارتی کار » وە دیاربوون ، ڤایرۆسی بیرکردنەوەیان وەك پەتایەکی هزری کوشندە بڵاوبوەوە و توانیان جڵەوی بەڕێوەبردنی ئەم تێکۆشانە بخەنە ژێررکێفی هزری رزیوی خۆیان . ئەم بارە نائاسایی و هزریە نەرێیە بوە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە کۆمۆنیستە کوردستانیەکان ، لەوانەی بڕوایان بەسەربەخۆیی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان - عیراق و بەکوردستانی کردنی هەبوو ، ریزەکانی ئەو پارتە جێبهێڵن ، پێشبینی و تەلەزەنگیان لەوە دەکرد . کە بزاڤە کۆمۆنیستە کوردستانییەکە بەو سەرئەنجامە بگات کە پێیگەیشت ، هەر بۆیە مانەوەیان لە چوارچێوەی داش عیراقی پێباشتر بوو لە دەرچون ، لەگەڵ ئەوەش ژمارەیەك لە کۆمۆنیستە کوردستانیەکان لەکاتی بەستنی کۆنگرەی « کار » دا بەبڵاوکراوەیەك بێلایەنی خۆیاننیان راگەیاند و ریزەکانی ئەوانیان جێهێلا ، لەلایەکی تریشەوە سەرکردایەتی کۆسمۆپۆلەتیکی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق هێرشێکی توند و تیژ و ناڕەوای کردە سەر بیری سەربەخۆی « بزاڤی کۆمۆنیستی سەربەخۆی کوردستان » لە نێو جەماوەردا وەك کەرتخوازوگێرەشێوێن بۆی لە قاودان .

ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە لێکۆڵینەو هەڵوێستەی لەسەربکرێت ، ئەوەیە : ئایا مێژوی کەرتخوازی نێو بزاڤی نیشتمانی گەلی کوردستان بەگشتی و مێژوی بەشخوازی لە نێو بزوتنەوەی چەپدا بەتایبەت بەچ ئەنجامێك گەیشتووە ؟

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لە نێو ئەو رودە مێژویەدا خۆدە بنێتەوە ؟ ئایا چارەسەرکردنی پرسە هزریەکان لە هەر بوارێکی نیشتمانی یا چینایەتیدا بەپێی بەرژەوەندی گەل ، یا بەرژەوەندی راستەقینەی خەباتی چینایەتی بووە ؟ یاخۆ

بە پێچە وانە وە ؟ هە ڵکە وتی مێژووی رامیاری هە ر دوو بواری نە تە وە یی و چینایە تــی ئە وە ی سە لماندووە کە ئە و پارت رێکخراوە رامیارایانە کۆتاییان هاتووە و تە مە نیان بــە سە رچووە بە پێی بە رژە وە ندی خودی ئە و رە گە زانە ی رۆڵی سە رە کیان لە دروستبوونی ئە و پارت یا ئە م گروپانە هە بووە نە ك بە پێی بە رژە وە ندی گشتی نیـشـتـمـانی یـا چینایە تی کارگە ران .

دە کرێ بۆ پێداچونە وە و بە یادهێنانە وە ئاماژە یە کی کورت و خێرای ئــە و بوارە رامیارییە بکە ین :

* رێـــکخراوی کۆمە ڵــە ی رە نجـدە رانــی کوردستان ، لە ماوە یە کی مێژوویدا ، رۆڵێکی زۆری بینی لە خزمە تکردنی بیری مارکسیزم و گە شە پێدانی خە باتی چینایە تی ، لـــە هە مانکاتدا ، داکۆکیکارێکی دڵسۆز و سە ر سە ختی بواری نیشتمانیش بوو، بە لام لـە و ماوە یــە دا کۆمە ڵـە نە یتوانی لـــە رووی ئایدیالۆژیا مارکسیە کە ی و دارشتنە رامیارییە کانییە وە سە قامگیربێت ، بە ڵکو چـە نـدان سە ردە می هە ڵچون و داچون و تێکشکانی بە خۆە دیت ، دیارە هۆیە کـــانی دە ستبە ر داربوونی ئـــە م رێکخراوە یە لە و رێبازە مارکسییە نیشتمانییە گە لێکن ، هە رچۆنێبێ و هۆیە کانی هە رچی بوبن ، ئاکامە کە ی هە ر ئە وە یە کە ئە م رێکخراوە نە یتوانی ببێتە پارتێکی سە ربە خۆی کارگە ران و بە ردە وامی بە رێبازە مارکسیە کە ی بدات . تــە وژمی برژوای نیشتمانی نێو سە رکردایە تی یە کێتی نیشتمانی کوردستان ، توانی کێشە هزریە کە بە بە رژە وە ندی خۆی رابکێشی . لە نـــاو هە ناوی ئە و کێشە و ململانە هزریە دا تە وژمی چاککاری ئالای شۆڕش بە مە بە ستی گێڕانە وە ی کۆمە ڵە بۆ رێبازە مارکسیە رە سە نە کــە ی خۆی !! ماوە ی چە ندان ساڵ خە باتــی کرد ، بە ڵگە و راستیبونی ئە و تە وژمە هە رچی بـوبێت ، لـێ ئاکام و بە ختی لە رێکخراوی دایکانە ی باشتر نە بوو ، هە ر بۆیە بـە ئـاڵا یە کی سپی شکاوە وە ، بـــە رە و هـــە مـان مە نزلگە ی سە رکردایە تی و رێـــکخـــراوی یە کێتی نیشتمانی گە ڕانە وە .

* دوای هە رە سهێنانی شۆڕشی ئــە یـلول ، سە رکردایە تی کاتی . وە ك رێکـــخراوێــکی مارکسی - لینینیزم خۆی بە کۆمە لانی خە ڵك ناساند ، چە ند سالێك هە ر بــە و شێوە و ناوە رۆکە مارکسیە خە باتی کرد ، لە کۆنگرە ی نۆیە می پارتی دیمکراتی کورد ستان - عیراق ئە و سە رکردایە تییە کۆتایی پێهات ، بە گێرانی بە رپرسی یە کە می سە رکردایە تی کاتی ، پە رشوبڵاوبونە وە ی زۆربە ی کادرە کان ، بـۆ نێو ریزی پارتە رامیاریە کانی تر ، کۆمە ڵێك کادرانی سە رکردایە تی کاتی دوای ماوە یە ك لە دە رە وە ، پارتی گە لی کورد سـتـانیـان پێکهێنا ، لە سە ر هە مان رێبازی مارکسی سە رکردایە تییە کاتییە کە ، بـــۆ مـــاوە ی چە ند سالێك توانیان بونی خۆیان بسە لمێنن، بە لام بە ر لە سالێك و چە ند مانگێك بە بە ر چاوی هە موو خــە ڵـکی سـتـە مدیـدە ی کوردستان ، دوای ئە و هە موو قوربـــانی و ئێش و ئازارە زۆرە ، سە رکردایە تی ئـە و پارتە مارکسییە ، ئاهە نگی گـــە ڕانە وە ی بۆ نێو پارتی دیمکراتی کوردستان بـــە شانازییە وە گێرا ، لە هە مانکاتدا دڵسۆزی و گوێڕایە ڵی خۆی زیاتر لە وە ی کە لــە شۆڕشی ئە یلولدا باوە ڕی پێبوو بۆ پارتی دایکانە دووپاتە کردە وە !!

* کێشە ی هـــزری تە وژمی مارکسی نێو پارتی سۆسیالیستی کوردستان « حسـك » بە دروستبوونی پارتی زە حمە تـکێـشانـی کوردستان کۆتاییپێهات ، ئە و پارتە ش لـە گێژە نی هزری رامیاری و هە ڵچون و داچوندا ، بە رادە یە ك توانیویە تی ساقامگیری خۆی بپارێزێ،بە لام تاوە کو ئێستە نە ی توانیوە چوارچێوە ی تە نگی بژاردە ی خۆی بـبـرێ و ببێتە پارتێکی جە ماوە ری و رۆڵی دیاری خۆی لە خە باتی نیشتمانی و چینایــە تیدا بگێرێ ، بە ڵکو وە ك گروپێکی بـچوکی قە تیسماو ماوە تە وە .

* دیارە رووی مە بە ستمان لە و پارت و گروپە سە رچڵە مارکسیانە نییە کە بە هۆی هە لومە رجی نا لە باری باشوری کورد ستان و هۆکاری دە رە وە ی باشوری کورد ســـتـان پێکهاتوون ، چونکێ بـــاری چۆنییە تی کارکردن و بڕیارە رامیارییە کانیان هە ڵقوڵاوی پارتی دایکانە یە ، بۆیە رە نگدانــە وە یـان لە و بە شە ی کوردستاندا ، نامۆیە ، ئە گە ر بە شێك یا لقێکی راستە وخۆی ئـە و پارت یا رێکخراوە دە رکیانە نە بن ، شتێکی تـر نین .

## له پێناو به پراکتیکردنی ئه و بنچینه هزریانه بۆ سه رزه مینه ی هه ڵکه وت

بە مە بە ستی گۆڕینی ئە و هە ڵکە وتە سە خت و جیۆپـۆلـە تیـکییە دژوارە ی نیشـتـمانی کوردستان و، گێڕانە وە ی بۆ رودە ی سروشتی سە ربە خۆیی و ریشە کێشکردن و بنبرکردنـی هە موو جۆرە چە وساندنە وە یە کی چینایە تی کرێـــکاران و جوتیـــاران و ســـە رجە می زە حمە تکێشان و رزگاکردنی لە بیر و ئاوە زی لە خشتبرِدراوی پیرۆزو داسە پێندراوی سـە ر دە می جە نگیسارد و نە زمی ستـالینیزمی ، گونجان لـــە گە ڵ رە وتـــی گۆڕانکاریە کانی جیهان و بە رە و پێشە وە چون و پە رە سـە ندنی کێشە ی رە وای نە تە وایە تی و نـیـشـتـمانی گە لی کوردستان ، لـێکـۆڵیـنـە وە یـــە کی زانستیانە ی مێژوی دێرین و سە ردە می قۆناغـە مێژوویە کانی خە باتی هە مە لایە نی نیشتمانی و چینایە تی گە لی کوردستان و ئە نجامـدانی پێویستییە کی بابە تیانە یـــە ، وە ك مـێـژوی نە تە وە یە کی بە کۆلۆنی کراو و کۆمە ڵگە یە کی چینایە تی ، پێکە وە :

- لە ناو هە ناوی ئە و پرۆسە نیشتمانییە وە ، کێشە ی بە رنامە و پرۆگرامی پارتی چینایە تی کرێکاران و جوتیاران دابرێژرێت ، پـــارت وە ك هۆکارێکی تێکۆشان و دە ربڕینێکی راستە قینە ی خە باتی زە حمە تکێشانی ئە و گە لـە بێت و سە رچاوە بیریە کە ی لە وێوە هە ڵبگرێ نـە ك بکرێتـــە هۆکارێکی پیـــرۆز و نە گـــۆڕ و داسە پاندنی یە کە م و دوایین ، پە رە ســـە ندنی کۆمە ڵ و گۆڕانکاریە کانی سە ردە م بـکرێنە قوربانی توێژێکی بچوکی و خاوە ن دە سە لات و کاتبە دە ر لە سە رووی دامودە زگای پارتە وە. لە پێناو رزگاربوونی پارت لە و هە موو تە نگانە هزری و رامیـــارییە و گــە ڕانـــە وە ی پـــارتی کۆمۆنیستی کوردستان - عیراق بۆ گۆڕە پانی رامیاری بـــە رۆڵێکی کاریـــگە رانـە وە وە ك پارتێکی مارکسی کوردستانی سە ربە خۆ لــە هە لومە رجی ئیمڕۆدا ئە و خاڵ هــە نگاوانە ی پێویستە :

١- رزگارکردنی رێکخراوە ی هە رێمی کۆمۆنیستە کانی کوردستان ئە و رێکخراوە ی لە ســالی ١٩٩٣ لە کۆنگرە یە کی بە روکە ش دیمکراسی و دارێژراوی بیر و ئاوە زی ســە رکردایە تی پـــارتــی کـۆمـۆنـیـسـتـی عیـراق و کوردە کۆسمۆپۆلیتە کە کانی ناو ئە و پارتە رێکخراوە کە یان ناو نا پارتی کۆمۆنیستی کوردستان - عیراق ، لە پابە ندیە تی بە بیری ناسیۆنالیزمی عە رە بی ، بۆ پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی سە ربە خۆ ، کـــە دە ربڕی راســتـە قینــە ی کۆمۆنیستە کانی کوردستان بێت .

٢- سە رکردایە تی ئە و پارتە پێویستە دان بە و هە ڵە مێژویە دا بنێ . کە هە ڵوە شا نـــدنە وە ی کۆنفراسە کانی بە هاری سالی نە وە دوسێ بــوە هۆی دە رچونی بە شی هە رە زۆری بزوتنە وە ی کۆمۆنیستە کوردستانییە کان لە نێو پارت و خودی ئە و سە رکردایە تییە نە یتوانی بە پێی پێویست کێشە و ململانێیە هزریە کان بە رێوە بیا .

٣- سازدانی کۆنگرە یە کی بە رفراوان ودیمکراسی ، کە تە واوی تە وژمە هزریە رامیاریە جیـــا جیاکانی کۆمۆنیست بگرێتــە خـــۆی ، وە ك کۆنگرە ی هـــە ر پارتێکی ســـە ربە خــۆ ، بیـگە ڕانـــە وە بـۆ سە رکردایە تی پـــارتـی کۆمۆنیستی عیراق .

لــــه کۆنگره دا ئــــه و ته وژمانه بـه شداری بـــکه ن :

ا - هاورێبانی به ته مه ن ، وه ك چاودێر و بینگویدان به رێژه و بار و پله و پایه یـان.

بـ - ته وژمی کۆمۆنیسته کورد ستانیه کان وه ك کاکلـه ی هزری رامیاری سه ربه خۆ و ئازادانه ش داکۆکی له بیر و بۆ چونه کانیان بکرێت ، به مه رجی گوێـرایه لی بـــه ده ستگیری و کاری رێکخراوه یی نـه کرێته مه رجێکی به شداری بوون له کۆنگره .

جـ - هه موو ئه و هاورێبانه ی که به هۆی جیاوازی هزر ، یا هه ر هۆیه کی تر ریزه کانی ئه و پارته یان جێهشتوه و چـاوه ڕوانـی گۆڕانکاری نوێخوازی ئه و پارته ن بۆ کۆنگره بانگبکرێن .

د - هاورێبانی ده ره وه ی وڵات به گوێره ی رێژه یه کی دیاریکراو به شداری کۆنـــگره بکه ن ، له چوارچێوه ی هــه لبــژاردنـێکی دیمکراسی لــه نـێـــوان کۆمۆنیسته کانی کوردستان نه ك چوارچێوه ی رێکخستنه کانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق .

و- به شداریکردنی رێکخراوه کانی پـــارتی « کار » له کۆنگره دا به هه مان رێـــژه ی به شداری رێکخراوه کانی پارتی کۆمۆنیستی کوردســـتـــان - عیراق ، بــه و گوێـره ی رێکخراوه کانی هه ر دوو پارته که رێکخستن و که ســانی کۆمۆنیستی کورد ستــانیـن و مێژوی ده یان ساڵه و قوربانیه زۆر و یادگاره کانی نێو جه رگه ی خه باتن ، لـــه هه موو بواره جیاکانی تیکۆشاندا بـه گه لێك لـه و دوو چوارچێوه نا بابه تـیـیه ی هــــه ر دوو ته وژمی کلاسیك و کۆنزه رڤاتیڤی و توێژی هه لپه رست و خۆبه ده سته وه ده ر ، زێـترو گه وره تره ، ئه و جوت باره هزریه نـــا ئاساییه که له ئه نجامی تێکشکان و هه ره سی ده وڵه ته کۆمۆنیست و سۆسیالیسته کانی ئه وروپا دروستبووه ، شتێکی کاتی ئـه و قۆناغه ی خه باتـــی کۆمۆنیسته کـــانـه ، پێویستی به چاره سه رێکی بــــا به تیانه ی بنه ڕه تی هه یه .

له پێناو ئه نجامدانی ئه و ئه رکه شۆڕشگێڕیه و ده رچون به ئه نجامێکی ره واو دیمکراسی، پێویسته کۆمیته ی هاوبه شی لایه نه هزری و پێگه پارتایه تییه جیاجیاکان پێکبهێندرێت ، به نیازی سه رپه رشتیکردنی چۆنییه تی ئه نجامدانی کۆنگره له گشت رویـــه کی به ڕێوه بردن و هونه رییه وه .

٤- دارێژتنه وه ی ســـــه رجه می مێژوی خه باتی کۆمۆنیسته کوردستـانیه کان هه ر له سه ره تای چله کانه وه تاوه کو به ستنی کۆنگره ، هه ر بوارێکی رامیاری گرنـگ ، له هه ر قۆناغێکی مێژودا ، به جیـــا ، به گیانێکی دلسۆزانه و بیرێکی سه رده مانه ی کوردستانی ، چینایه تییه کی سه ربـــه خۆی چوارچێوه ی یه کێتی گه لی کـــوردســـتـان ، پاکسازی له گشت بیروبۆچونێکی شۆڤینیزمی عه ره بی و کۆلۆنیالیزمی ده وڵه تی عیـراقی له سه ر که سایه تی ســـه ربــه خۆی مێژوی چینایه تی ئه و پارته بکرێت ، رزگـــارکردنـی له تێگه ی جێماو و بیری چه واشه ، پێکهاتـه ی شێوێندراوی ئه و پارته ، لـــــه گشت بواره جیاجیاکانی رێکخستن ، بیر ، رامیـــاری ، کاری پێویستن و ده بێ بێنه دی .

٥- هه لسه نـــگاندنی رامیاری پـارتـــی کۆمۆنیستی کوردستان - عیراق ، له ته واوی قۆناغه جیاجیاکانیدا ، به گیانێکی وردبین ، بـــه له به ر چاوگرتنی هـــۆکاره بابه تـــی و خۆییه کانی نێوه وه و ده ره وه ی ئه و کێشـه هـزریـــانه ، لـــه هـه ر قۆناغێك به جیا و ده ستنیشانکردنی هۆکاری به ر پر سیاریه تی و شێواندن و لاوازکردنی ئـــه و رێکخراوه کۆمۆنیستییه له ماوه ی ئه و په نجا سالـه ی خه باتیدا .

٦- دارێـــژتنـه وه ی بـــه رنامه ی چـه پی مارکسیزم له کوردستان ، خه باتکردن بـــۆ یه کێتی یا به ره ی مارکسیزم ، به له به ر چاوگرتنی رۆڵی مێژویی و ده ستپێشخـه ری ئه و پارته، بیندووبـــاره کردنه وه ی بیره کلاسیکییه به سه رچوه کان ، له مه ڕ ئـــه و گروپ و رێکخراوه چه پانه ، ئه وه ش خۆی له خۆیدا پێویستییه کی مێژوی بـــابـه تـی ئه و گۆڕانه نوێیه یه .

١٩٩٤

دلانپار

# بخوێنه وه
# بلاوی بکه وه
# به سه ری بکه وه
# کۆمه کی بکه

دلانپار

# ده نگی سه رده مه
# ده نگی ئێوه یه
# چاوه ڕێی ئێوه یه
# هه مه ره نگه

# هاوکاریتان به گـۆڤاری

دلانپار

# ئالیکاری و به ره و پێشه وه‌بردنی بزاڤی نیشتمانی کوردستانه

# درێغی لێمه که ن .

پاشماوه ی چاپی به لگه نامه کان ..............

به مه دا ده رده که وێ که ئێوه هه ردوکتان شه رتان پێ باش نی یه و بـه دوای ئاشتی دا ده گه ڕێن ، به لام دیاره ئه مه ش هه روا هاسان نی یه و پێویستیتان به یارمه تی یه .
ئه وا ئه ز وه ك برایه کی هه ردوکتان له خزمه تتاندام ، زۆر بـه داخه وه م که له م کاتـه دا و له به رچه ند به رهه لستیکی ناهه موار که لابردنیان له ده سه لاتی مندا نی یه ، نـــاتـــوانـــم بگه ڕێمه وه کوردستان ، به لام ئه گه ر ئێوه بفه رموون و هه ردوکتان سه رێکی برای خۆتان بده ن ، ئه وا دلنیا بن له وه ی که هه موو وزه ی خۆم ده خه مه کار ئه وجا نه ك هه ر له پێناو ئاشت بوونه و رێك که وتنه وه ی ئێوه و نه خشه کێشانی ئاشتی یه کی وادا که ته مه نی نه ڕه وێته وه ، به لکوو گه لاله ی به رنامه یه کی هاوکاریش ده خه مه به رده ستتان بـــۆ وتـــو وێژکردن له سه ری و لێکۆلینه وه ی تابتوانین به تێکۆشین و هه ره وه زی هه موولایــه کمان سوود له م هه لومه رجه ی ئێسته ی خۆرهه لاتی نێوه راست و جیهان وه ربگرین بۆ هێنانه دی دواڕۆژێکی خۆش بۆ کورد وکوردستان ، دواڕۆژێك - به دلی دۆستان و به کوێرایی چاوی دوژمنان.

هه ربژین

برای هه ردوکتان
جه مال نه به ز
ئیمزا

سه رنج : تکایه ئه م نامه یه له رۆژنامه کانتاندا بلاوبکه نه وه .
زۆرسوپاس .

م . ریبوار

لێکۆڵینەوەیەك لە مێژوی

# کوردوکوردستان

## لە روانگەی ماتیریالیزمی مێژوییەوە

بەشی حەوتەم

## کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغی سێهەمی مێژو

### سەرەتا

لە دوای روخانی هەخامەنیشەکان بە دەستی مەکدۆنییەکان ، ناوچەکانی کۆمەڵگای کوردەواری « کوردستان » کەوتنە ژێر دەستی فەرمانرەوایانی مەکدۆن ، هەرچەندە ئاترۆپات ، بەجۆرێ ویستی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بپارێزێ ، وەلێ لە کوتایدا بێئەنجام بوو ، بەشی زۆری ژوورو واتە هۆزەکانی کوردستان « زۆزانەکانی سەرووی وڵاتی ئاشور » و لۆرستانی ئێستە نەچونە نێو لەشکری ئاترۆپات، کە دەگەڵ ئەسکەندەر جۆرێ رێکەوتنی هەبوو ، بەڵکو بەشێك بوون لەو خەڵکەی دژ بە لەشکری مەکدۆنییەکان جەنگان ، هەرچەندە لە ئاکامدا سەرنەکەوتن .

لە ساڵی ۳۳۱ - ۲٤۷ پێشزاینی ئەم ناوچانە وەکو زۆربەی کێشوەرەکانی تر کەوتنە ژێردەستی مەکدۆنییەکان ، بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەك لە ژێر فەرمانرەوایی ئەواندا مانەوە ، دوا بەدوای ئەوان بووە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی « فرسیەکان » واتە پارسەکان ، کە دووبارە لەو ناوچانە دەسەڵاتیان گرتەوە دەست ، واتە لە ۲٤۷ - ۲۲٦ دوازاینی ، ئەو داگیرکردنە ماوەی ٤۷۳ درێژەی کێشاوە ، هەر لە ساڵی ۲۲٦ زاینییەوە ساسانییەکان بەو پەرِی دڕاندایەتییەوە فەرمانرەواییان دەگێرِا .

لە ساڵی ۲۲۸ زاینی دەوڵەتی رۆمانی رووەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسان کشا و چەند ناوچەیەکی داگیرکرد ، ساڵی ٦۳٦ کە بەرابەر بە ساڵی ۱٦ ی کۆچی عەرەبییە، سەرەتای هێرشی موحەمەدییەکان رووەو ناوچەی کوردستان دەستپێکرد ، لە نێوان ئەم ماوەیەدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا لە هەموو لایەکەوە ئەرێتی کۆیلەتی هەڵوەشاوەتەوە ، قۆناغی سێیەمی مێژو دەستپێکردووە ، بە پێی رەوتی مێژو چەسپاوە .

هەرچەندە نوسینی ئەوتۆ تێرو تەسەلمان بەردەست نییە کە بەمانا زانستییەکەی لە جۆری فەرمانرەوایی و شیوەی پێیکهاتەی کومەلایەتی ئەو سەردەمە بەتەواوی روونمان کاتەوە ، ببێتە بنچینە بۆ رونکردنەوەی شێوەی ژیانی ژێردەستەیی کۆمەڵگەی ئەوسا ، بەجۆرێ بە شێوەیەکی ریکوپێك لە جۆری شێوازی بەرهەمهێنان و دەسەلاتی چینایەتی ببێتە بنەمای لێکۆڵینەوەکەمان ، بەڵام دیسا لەسەر بنچینەی هەندێ بابەتی باسی مێژوویی و ئەو کەمە سەرچاوانەی بەردەستن و ، تێبینییەکانی زانستی مێژو و کۆمەڵناسی کە بە هۆیانەوە دەتوانین گەلێ شیکردنەوە ئەنجامبدەین ، بەردەوامی بە لێکۆڵینەوەکەمان دەدەین .

دروستبوون و یا هەڵوەشاندنەوەی ئەم قۆناغە ، بەهیچجۆرێ نابێ بدرێتە پاڵ هێز و کاریگەریە دەرەکییەکان ، لەبەرەوەی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە ، دەبێتە هۆنکۆڵی کردنی یاسا بابەتییەکانی ماتیریالیزمی مێژوویی ، ئەمەش نکۆڵیکردنە لە دانان بە دژکاری ناوەکی شێوازی بەرهەمهێنان ، لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی تەنیا بەر بڕیاری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبێ ، کە گۆڕانیان گرێدراوی فراژبیوون و بەرەوپێشەوەچوونی ئامیرەکانی بەرهەمهێنانە ، لەمبارەشەوە هیچ کام لەو هێرشانە ئامیرێکی نوێیان نەهێناوەتە نێو کۆمەڵگەکە ، هێرشی ئەوان پتر شالاوی تالانکردن و سەپاندنی ئاین و داگیرکردن بووە . بۆیە ناکرێ بخرێنە نێو چوارچێوەی رەسەنی جۆر و شێوەی دروستبون و فراژبیوونی ئەم قۆناغە ، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بازرگانیش کە دەشێ بێتە هۆ بۆ پەلەکردن لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم قۆناغە لە بواری فراژبیوونی قۆناغەکەی خۆیدا ، وەنەبێ هۆیەکی رەها بێ بەڵکو زۆرجار بە پێچەوانەوە کاریگەری بازرگانی دەبێتە هۆی چەسپێنەر و سەقامگیربوون نەك هەڵوەشاندنەوە بەڵکو درێژە پێدانی مانەوەی کۆمەڵگە لە قاوغی چوارچێوەی سنوری شێوازی خۆیدا ، هەروەك لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ، دەسەڵاتە بنکەییەکان هەردەم هەوڵی چەسپاندنی بارەکەیان داوە نەك هەڵوەشاندنەوەی کە بە قازانجی ئەوان نەبووە ، بەڵام ئەم بە زۆر چەسپاندن و سەرکوتکردنە خۆیلە خۆیدا بە مانایەکەوە ، نیشانەی هەڵتەکاندنە .

لە راستیدا سەرکوتووە داگیرکارەکان کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ سود وەرگرتن لە ژیاری ژێردەستەکراوانیان ، وەك چۆن سەرکەوتوویەك سودی لە دیلەکەی وەردەگرت ، لە پێناو پترکردنی بەرهەم و چەوساندنەوە و تالانکردنی وزەی . هەردەم بنچینەی هێزەکان و ئامیرەکانی بەرهەمهێنان لەوە پتر بە هێز تربوون کە داگیرکارە کۆنەکان بتوانن شتێکی کەمی لێ پتر بکەن ، گەر وا نەبوایە هەر زوو هۆزەکان و خەڵکانی لادێ لە نێو داگیرکاراندا دەتوانەوە .

ئەگەرچی بە درێژایی ئەم ماوەیەش کۆمەڵگەی کوردستان بە دەست داگیرکارانەوە ئەم دەست ئەو دەستی پێکراوە ، کە بە هێزترینی ئەوانە لە لایەنی ئایدۆلۆژی هێرشی داگیرکاری موحەمەدییەکان بووە ، کەچی هێندەی پێنەچووە توانای وەبەرهاتۆتەوە ، هەرچەندە ئەو بە خۆهاتنەوەیە درێژەی کێشاوە ، بەڵام لە کۆتایدا بنەما و هێزی بنچینەیی ماکی و مینۆکی کۆمەڵگەی کوردستان دەسەلمێنێ .

لە لایەکی ترەوە لە ماوەی جیاجیادا بە هۆ فراژبیونی ناوەخۆ ، چەندین جار وەکو ناوچەی دەسەڵاتی فەرمانرەوایی سەربەخۆ خۆی سەپاندووە لە دەوڵەتی بنکەیی ئیمپراتۆریەت و خەلیفایەتی هەڵگەراوەتەوە ، گەرچی هەر بە هۆناوەکی و هێرشی داگیرکاران ئەو هەوڵوتەقەلایانە سەریاننەگرتووە ، گەر وا نەبوایە ، دیارە کۆمەڵگەی کوردستان زووتر قۆناغی سێیەمی مێژوی جێدەهێلا .

هەرچۆنێبێ هەردوو هۆناوەکی و دەرەکی بارێکی پڕ لە مەینەتی چەوساندنەوەیان هێناوەتە ئارا ، لەسەر بنچینەی دژکاری یەکیان گرتووە .

زۆران هەن کە لە مێژوی دوو هەزار ساڵی کۆمەڵگەی کوردستاندا سەرنجدەگێرن ، وایان دێتە بەرهۆش کە کۆمەڵگەیەکی وەستاو و نەبزیو بووبێ، بەڵام دیارە ئەمە پێچەوانەی تێرِوانینی مێژووییە .

چینی چەوسێنەر لە کوردستاندا وەنەبێ هەر لە پارێزگاری و پاراستن و زاڵبوون بەسەر هێزەکانی بەرهەمهێنان سەرنەکەوتبێ « کە بنچینەکەیان ئامیرەکانی بەرهەمهێنانن » بەلکو ئەوەندەی لە توانای دابوە پتر لە خۆی چەوساندۆتەوە زۆر جار لە سنور تێپەڕیوە و وەك برینێکی قەتماغە گرتوو تەنیا تۆزە ئێشێك بەس بووە بۆ ئەوەی خوێن لێوەی فیچقە بکات و ببێتە هۆی ڕاپەڕین ، ئەمەش لایەنێکی گرنگی ئەم باسەیە کە ناکرێ فەراموشی بکەین .

بێگومان پێکهاتەی کۆمەلایەتی بەتەواوی گوم نابێ بەر لەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەگشتی فراژیبوونی خۆیان وەرگرن بەجۆرێك ئەم فراژیبوونە هەموو لایەك بگرێتەوە ، هەر بەم جۆرە پەیوەندییە نوێیەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ دەرناکەون بەر لە بوونی مەرج و پەیوەندییەکان و چرۆکردنیان لە زاییندەی کۆمەلگەی کۆندا ، ئەم ڕونکردنەوە بیربیە نرخی خۆی وەرناگرێ گەر هەروا بەڕوتی سەیری بکەین ، لە مێژوی ڕودەکی خۆی دابپچڕین ، بەلکو دەبێ « فراوانترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژو و ژیاری ڕۆڵی خۆیانی تیا بنوێنن .

شێوەی بەرهەمهێنان ناتوانرێ سنورکرێ بەرەهابوون لە بوون یا نەبوونی شێوەیەك لە شێوەکانی چەوساندنەوە ، تەنیا گەر بێتو ئەم شێوەیە لە ناوچەیەکیشدا زاڵ بێ ، بەبێڕە چاوکردن و هەڵسەنگاندنی گشتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، بەرامبەر ئاستی سنورکراوی هێزەکانی بەرهەمهێنان کەبێ ئەوە ناکرێت دەستنیشانی جۆری شێوازی چەوساندنەوە بکرێت ، بەم جۆرە دەبێ لەوە بگەین کە هەرچەندە شێوەی خاوەندارێتی پەیوەندی هەیە بەتایبەتیی جوگرافی و مێژوییەوە ، لەسەرمەرجەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە بەرابەری ئەو تەواوی شێوەکانی هەمە جۆری بەرهەمهێنان دروست دەبن ، وەلێ وەنەبێ ئەم شێوانە لە فراژیبوونی کۆمەلگەدا بەپێداویست نرخی دیاردە سەرەکییەکانی قۆناغی سەرەکیان هەبێ نمونەی مانەوەی بێگار بەدرێژایی قۆناغێك لە ناوچەیەك لە ناوچەکاندا ، یا گۆڕانی زێدە بەرهەم بۆ پارە ، لە ناوچەیەکدا بەر لەوەی تر .

دیارە بە درێژایی ئەم ماوەیە کوردستان لە ژێر ڕکێفی هێرش و چەوساندنەوەی داگیرکاران دا بووە کە بەهێزی دەرەکی دادە ندرێن .

جا گەر گریمان هێزی دەرەکی هەر کۆمەلگەیەك ڕۆڵی گرنگی دەبێ لە فراژیبوونی مێژو - ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە کوردستان و هاووڵاتیانی - بەدرێژایی ئەم ماوە مێژوییە و « بەلکو تا وەکو ئیمرۆشی لەگەڵدابێ » لە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە هێزانەدا بوون، ئەمە ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە دەبێ لەوەش بپرسینەوە ، ئایا ئەم هێزانە چۆن دروست بوون ؟ سەرچاوەکانیان چییە ؟ بەهۆی ئەوەوە ئەم هێز و هێرشانەش لە ئاکامدا هەر بە هۆهێزی ناوەکی دا دەندرێن ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە لە دەرەوەی ڕەوتی مێژو نەهاتوون ، بەلکو لە ناخی ڕەوتی مێژوەوە هەڵقوڵاون و بزووتنەوەی ناوەکی مێژون ، کە بەبێ ئەم بەرەوپێشەوەچونە ڕەورەوەی مێژو دەوەستێ ، واتە دژ کاریەکان هەردەم پێکهاتەی ناوەکین ، گومان لەوە دانییە کە بزوتنەوەی ناوەکی و کاریگەری دەرەکی ئاڵوگۆڕیان بەسەریەکەوە دەبێت ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دژکاریەکانی ناوەخۆن کە لە ڕاستیدا شێوەی سنورکراو دەستنیشان دەکەن و هەموو کاریگەریەکی دەرەکی لە دارێژگەی تایبەتیی خۆیاندا لە خشتبر دەدەن .

لێرەدا ئێمە گەرەکمانە لەوە بکۆڵینەوە و بزانین ئەو کاریگەرییە دەرەکیانە چ ڕۆڵێکیان بووە لە گۆڕانکاری بنەرەتی لایەنەکانی هێزیکار و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ، بەتایبەتی ئەو جا شێوەی خاوەندارێتی و لایەنەکانی تری کۆمەلایەتی ، بیروباوەڕ تا چ ڕادەیەك توانیویانە هەڵوەشێنەرەوە بن و دووبارە بنیاتنەرن ، یا خۆ چاکترە بڵێین : ئایا توانیویانە شتێ هەڵوەشێننەوە ، یاخۆ ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان کە بویانە ، بەهێزتر و گونجاوتر و پێشکەوتووترە بووە ، لە باری هێزیکار و ئامیرەکانی بەرهەمهێنان ، تا بتوانن جێگە بە شێواز و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلگەی کوردەواری لەق بکەن ؟

بیان گۆڕن یا بەرابەر ئاشتی ئاو و دیمەنی قەلابەرزەکان سەرسام و هەناسە سارد و دەستەوەستاوبوون ، ئەمەشە ئەوەمان بەدەستەوە دەدا کە لەوە بکەین ، داگیرکاران بەدرێژایی قۆناغەیەك بەدوا یەکەکانی هێرش و داگیرکردن و نەیانتوانیوە لە بنچینەی ئامیرەکانی بەرهەمهێنان شتی بگۆڕن ، کە بنچینەی سەرەکی بوون لە سنورکردن و جۆری بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی . دیارە کە ئەوان نەیانتوانیوە ئەم گۆڕانە ئەنجامبدەن بەرابەر سەرکوتکردن و پەلاماردانی دڕندانەی هەموو ڕاپەڕینێکی خەلکان زۆر بەهۆفیەتی بەرتەکی خوێنکاریان نواندووە . لەوە بەولاوەش شتی تریان ئەنجامنەداوە. خاڵێکی هەرە گرنگ کە پێویستە دوپاتەی بکەمەوە ئەوەیە :

دەبێ لەو قۆناغە بەچاکی تێبگەین و بایەخی پتری پێبدەین بەهۆی ئەوەوە هانمان دەدا بۆ پتر لێکۆڵینەوە و سەرنجدان و بایەخدان بەجۆر و شێوەی فراژیبوونی کۆمەلگەی کوردستان لە قۆناغی سێیەمدا نەك بەپەنا بردنە بەر شیکردنەوەی هێزە دەرەکیەکان . دەبێ لە هەموو لێکدانەوەیەکی مێژوییی وردبیربکەینەوە ، سەرنجی زانستیانەمان بۆ قولایی باوێژین ، نابێ کۆمەلگەی کوردستان وەستاو نەبزێو بێتە بەرچاو ، بەلکو پێویستە وردتر بیر بکەینەوە ، چونکێ گەر ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی وەستاو و نەبزێو تەمشا بکرێت کە تەنی بەهۆی کاریگەری دەرەکی دروستبووە ، دەمان خاتە گێژاوی بێسەروبەری و هەڵدێری کوژەر ، بەجۆرێ قۆناغە کە دەچێتە دارێژگەیەکی ڕێك کەوت و شێواو نەك یاسا و تێکردنەوەی بیرورای زانستی ، بەمجۆرەش کۆمەلگەی کوردستان رووت دەکەینەوە لە وزەی فراژیبوون و تەقینەوە و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی ، بۆیە پێویستە خۆمان لەو هەڵەگەورە بپارێزین ، هۆشیار بین تێنەکەوین ، هەرچەندە ئەو وزە و توانایە کز بێ هەر ئەوە یەکەهەیە ، گرنگ ئێمە لێی تێبگەین ، تاوەکو بتوانین لایەنە کزو بێتواناکانی ببوژێنینەوە .

خوشکان ، دایکان بە بۆنەی 8 ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان

گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش بێت !

کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

جــــــەواد مەلا

# کوردســــتان

## نیشتمان و گەلیکی بــێ دەوڵەت

بلاوکەی کوردۆلۆژیا ١٩٨٥ لەندەن

گۆڕینی لە عەرەبیەوە بۆکوردی زاریسلۆرانی — شێرکۆکۆیی

## شۆڕش و حکومەتە کوردیەکان ، لە سەدەی نۆزدەهەم

لە سەدەی نۆزدەهەمدا کوردستان شانۆی زۆر جەنگی سەخت و شۆڕش و ڕاپەڕین بو، لێرەدا بەکورتی لێیان دەدەوێن :

١- شۆڕشی خێلەکانی میلی : لەناوچەی ماردین بەسەرۆکایەتی تەیمور و ئیبراهیم پاشا.

٢- شۆڕشی خەلکی ڕوان : بەسەرکردایەتی دەروێش پاشا ، کە سەربەخۆیی ناوچەکەی جاڕدا و پارەی بەناوی خۆیەوە لێدا و دوای چەندین نەبەردی و زالبونی بەسەر لەشکری تورکان ، تورکان پەنایان بردە بەر فروفێڵ ، کە دەستگیرکرا یەکسەر کوشتیان .

٣- شۆڕشی خەلکی ( ئامەد ) دیاربەکر : دژی دەسەلاتی تورکان ، ئەم شۆڕشە دوای ماوەیەك بەدەستی تورکان دامرکایەوە .

٤ - شۆڕشی عەبدوڕەحمان پاشای بابان : کە لەسالی ١٧٨٨ زاینی بوە میری ئیمارەتەکەو ماوەی بیستوچوار ساڵ فەرمانڕەوایی کرد ، لەهەولی دامەزراندنی حومەتیکی کوردی دابوو.

٥- شۆڕشی موحەمەد پاشای ڕەواندز : کە لەسالی ١٨٢٦ دەسەلاتی ئیمارەتەکەی گرتە دەست و لەماوەی فەرمانڕەوای چارساڵەیدا توانی کارگەیەکی دروستکردنی تــۆپ لــە ڕەواندز دابمەزرێنی (١)

موحەمەد پاشا سەرکردایەتی چەندین جەنگ و نەبەردی دژی تــورکان کرد ، هــەردەم سەرکەوتوو بوو ، وەلێ هەلخەلەتاندنی یەك لەزانایانی دین کەناوی ( مەلای خەتێ ) بووە ، فتوای ئەو مەلایە ( ئەوەی دژی خەلیفەی موسلمانان بجەنگێ تەلاقی دەکەوێ جەنگی ناڕەوایە ، ئەم فتوا گەوجە (٢) بوە هۆی پاشەکشەی نەبەردی و سەپاندنی دەسەلاتی خەلیفەی موسلمانان و ئەرکی کورد بەرابەر بە خەلیفە ، هەموو مـافیکی خستە دەست خەلیفە بێتەوەی ئەرکی خەلیفە بەرابەر بەکورد دیاری بکات !! دیــارە هەر لاسەنگییەك لە ماف و ئەرك هیمای ڕاستەقینەی و شیکەرەوەی ڕاسـتوڕەوانی باری کۆیلەتی و زۆردەستەیی و قورغکردنە ........ هەرچۆنیبێ لەپێناو ئەوەی خوێنی زۆرتر نەڕژێ ، موحەمەد پاشا خۆیدا بەدەستەوە و عوسمانیەکان بـەرەو ئەستانە بـردیان و سولتانیش بەروکەش لێیخۆشبوو بۆ ئــەوەی لایەنی مەلای خەتــێ و لایەنگرانی ئـەو مسوگەربکات ، لە ژێرەوەش پلانیکی بۆ نـایەوە - هەروەك نەریتی عوسمانی هەروابووە - لەکاتیکدا بەرەو ڕەواندز دەگەڕایەوە لــە شاری سێواس دەستکوژکرا .

٦- شۆڕشی ئیسماعیل پاشای بادینانی :
ئیسماعیل پاشا شۆڕشەکەی لە نــاوچەی ئامێدی و دهۆك و ئاکری دا لەسالی ١٨٣٠ زاینی دەستپێکرد ماوەی دەساڵ لــەگەڵ لەشکری عوسمانلی لە جەنگ و پێکدادان بو لــە دوایدا عوسمانیەکان لە قەلای ئامێدیدا گەمارۆیانداو پادشا دەستگیرکراو ژیانی لــە زیندانیکی بەغدا دا کۆتاییپێهات .

٧- شۆڕشی بەدرخان پاشا :
بەدرخان پاشا لەسالی ١٨١٢ زاینی دەسەلاتی ئیمارەتی بۆتانی گرتەدەست ، ئەو کاتە لــە تەمەنی هەژدە سالی دابوو، لە سالی ١٨٤٢ بەدرخان پاشا سەربەخۆیی کوردستانی جاڕدا تەواوی ئەو هێرشانەی بەزاند کە لەشــکری عوسمانی کردیە سەری ، لەشاری جەزیرەدا کارگەیەکی چەکسازی تفەنگ دروستکردنی دامەزراند و پارەی بە ناوی خۆیەوە لیێدا ، دەسەلاتی تا موسڵ ، ڕەواندز ، شنۆ ، ورمێ و دیاربەکر کشا ، بەلام ناپاکی سەر لەشکرەکەی لە سالی ١٨٤٨ زاینی بوەهۆی بەزینی ئەو میرە دلێرە و لە قەلای ئورخ دا بەدیل گیرا ، ئەمەش دوا جەنگی ئــەو میرە بوو ، لەدوای ئەوە عوسمانیەکان لەگەڵ خەلکانی خێلەکەی بۆ دەرەوەی سنوری دەولــەتی عوسمانینان هەلداشتن .

٨- نەوەکانی بەدرخان پاشا بەسەرکردایەتی حوسێن و کەنــعــان پـاشـا ، بــە نیــازی هەلگیرساندنەوەی شۆڕش چەند جار هەولیان دا بگەڕێنەوە کوردستان لە سـالـی ١٨٧٩ زاینی ، هەروەها بەسەرکردایەتی مەدحەت پاشا و ئەمین عالی بــەگ ( بــاوکی ئــەمیر جەلادەت بەدرخان و کامیراِن بــەدرخان ) لەسالی ١٨٨٩ زاینی بەلام ئــەو شۆڕشانە هیچیان سەریان نەگرت .

٩ - شۆڕشی عیزەدین شێری بۆتانی :
دوای ئــەوەی عیزەدین شێر هەستی بــە بەلێنی درۆزنانەی عوسمانیەکان کرد ، دوای ئەو ناپاکییەی لەگەڵ میری دلێر بــەدرخان پاشا دا کردی (٩) ، لە بری ئــەوە تــەنێ میدالیایەکی پێدرا کە وێنەی قەلای ئورخی لەسەربوو !!!! زانی تێبیراوە ..... ئەوجا بەهۆشخۆ هاتەوە - بەلام دوای لە کیس چونی دەرفەت - دوای ئەو ناپاکییەی بەرابەر بەگەلی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکـەی کردی ، بۆ گەردن ئازادی و پەشیمان بوونـەوە

(١) دوای نزیکەی سەد ساڵ کاتێ ئینگلیزەکان عیراق وکوردستانیان داگیرکرد دوو لەولولە تۆپانەی سەردەمی موحەمەد پاشایان چاوپێدەکەوێت کە لەدەرکی قەلای ڕەواندزدا دانـدرا بوونەوە ، سەرسامی خۆیان دەربڕیوە لەوەی کەپیشەسازی قورس لــە کوردستاندا گەیشتۆتە ئاستێکی نزیکی پیشەسازی ئەورسەردەمی ئەوروپا ، تۆپەکان دادەگرن و لــە موزەخانەیەکی بەغدادا وەك یادگاری ژیاری هەلیان دەگرن . ( ئەو تۆپانە لــە ناوەڕاستی حەفتاکانیشدا هەرلەموزەخانەی جەنگی بەغدا بوون ڕەنگەئێستەش هەرلەوێ مابن، لەڕەواندزیش هەن - و )
(٢) بڕوانە - من هموم الحياة / مەسعود محەمەد - ١٩٨٨ - لە تیکستیکی ئەو کتابەدا نوسەر هەولی زۆری داوە کە ئەو تومەتە بە درۆ بخاتەوە ، گوایە ئەم فتوایە بە ئاگاداری پادشا خۆی بووە ، من دەربــارەی ئــەوە رایــەکی خــۆم هەیە هیوادرام لەداهاتوودا بیخەمە بەرچاوی خوێنەران - و ) .

# شۆڕش و حکومه ته کانی کورد له سه ره تای سه ده ی بیستدا تاوه کو ئیمرۆمان

**شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میلی :**
ئیبراهیم پاشای میلی سه رۆکی خێڵی میلی بوو ، یه ك له سه رکرده کانی هێزی حه میدی سه ر به سوڵتانی عوسمانی بوو.کاتی عوسمانیه کان داوایان کرد دژی یۆنانیه کان به شداری جه نگ بکات ، ئـــه و به رپه رچیدانه وه و لێیان هه ڵگه ڕایه وه و ده ستی بـه شۆڕش کردو داوای سه ربه خۆیی کرد ، چه ند جه نگی دژوار له نێوان هێزه کانی هه ردوولا روویاندا ، له کۆتاییدا عوسمانیه کان توانیان له چیای ( عه بدولعه زیز - به شه کوردستانی بـه زۆر لکێندراو به سوریا » دوای گـه مـارۆدانی ده ستگیری که ن و له ناویبه رن ( ١٩٠٨ ) .

## شۆڕشی بارزان :
شۆڕش و راپه ڕینه کانی بارزان لـه کۆتایی سه ده ی نۆزده هه مه وه تـاوه کو سه ره تای یه که م جه نگی جیهانی بــه دوایــه کدیــدا به رده وامبوون، به کوشتنی شێخ عه بدولسه لام سه رۆکی خێڵی بارزان له ساڵی ١٩١٤ بۆ ماوه یه ك کپکران و ( بڕوانه به شی رێبازه سۆفیه کان ) له سیێیه کان و چله کانی ئه م سه ده یه دا دووباره ده ستپیکرده وه .......

به ر له جه نگی یه که می جیهانی ده وڵه تی عوسمانی خه ریکبوونی روسه کانی بــه هه ل زانی و له شکرکه شیه کی کرده سه ر ناوچه کانی ورمێ و شنۆ و سابڵاخی داگیرکرد سنوری ئێران که به گوێره ی په یمانامه ی ئه رزه رومی ١٦٣٩ ده ستنیشان کرابوو به زاندی ، ئـه م سنوره به ته واوی تا ئه وکاته ده ستنیشـان نه کرابوو ، له گه ڵ ئه وه شدا له شکری روس له باکوره وه خۆی پێداکرد و تا نـاوچه کانی خوی و ورمێ هات . ئه وه ش بـوه هـۆی کشانه وه ی عرسمانیه کان و لیژنه یه ك بــه نوێنه رایه تی ئینگلیزو تورك و ئێرانیه کان پێکهات، ده ستنیشانکردنی سنوری پێشپێردرا ، له ساڵی ١٩١٣ که وته کـار ، لـه گـه ڵ ده ستپیکردنی جه نگ له کارکه وت .

تورکه کان ئه و باره ی یه که م جه نگی جیهانی هێنایه پێش به شێوه یه کی ترسناك لـه دژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد له کاریان هێنا ...... هه ر له بانگه وازی کوشتاری کافران !! و..... قورغکردنی سۆزی ئاینی ، هه تا راکێشانی زۆربه ی روناکبیر و لاوان بۆ ریزه کانی راژه کردنی سه ربازی و جه نگه ی بـه یه کدادان ئه وه ش بوه هۆی چۆڵکردنی هه زاران مـاڵ له لاوان و بێکه سکردنی هه زران خێزان که ته نێ ژن و مناڵ و پیریان مابونه وه ، ئه مه هه مووی به ناوی ئاماده کردنی سه ربـازی گشتی ، سه رجه م بووه هۆی له ناوچونی نیو ملیۆن له چاکترین لاوانی کورد ، کـه به ئاگری ئه و جه نگه وه سوتان ، چونـکێ له شکره کانی عوسمانی ( نۆیه م ، ده یه م ، یانزه هه م ، دوانزده هه م ) لـــه کوردان پێکهێنرابوون ، سه ره ڕای ئه وه ی عوسمانیه کان پتر له حه فتا هه زار کوردیان ناچارکرد له کوردستان هه ڵقه نێن و بـۆ ناوچه کانی خۆرئاوای تورکیا بگوازنه وه کـه زۆربه یان به نه خۆشی و سه رمای زوقم و برسیه تی له ریگه دا سه ریان نایه وه ، تـا وای لێهـات ئه وانه ی به رێگه ی موسڵه وه بوون له چه قی رێگه گوشتی لاشه ی مردویـان ده خـوارد ...... ئه وه ی له هه موو شتێك پتر باره که ی ناهه موارکرد ئـه وه بو کـه پـه یدا کردنی ئازوقه ی له شکری داگیرکـار لــه ناوچه کانی کوردستاندا خرایـه ئه ستۆی دانیشتوانی کوردستان ....... کاولکاری و تێکدان و ئه وه ی به سه ر کوردستان هـات له باسکردن نایه ت ..... جگه له و هۆیانـه داگیرکاری عوسمانی له و قۆناغه دا به شێوه یه کی نـه ری کاریگه ری له فراژبونی بزاڤی نیشتمانی کوردستان ده کرد ، بـه جـۆرێك لایه نه کانی ئـه و جه نگه لـه کوردستـانـدا هــه ر یه که و به شێوه یه ك هه وڵی ده دا هه ستی بێزاری کـورده کـان ئـاراسته ی ئه و ئامانجه بکات که خۆی مـه رامی بوو پێبگات ، به به سه ره نـیـزه کردنی ئــه و هه سته و ئاراسته کردنی بۆ دوژمنانی .....

ئه م هۆیه تاوه کو ئیسته ش له کاردایه .

تورکانی عوسمانی له و باره ناسکه شیاندا به هیچ شێوه یه ك هه وڵی ئه وه یان نـه دا سه رۆکانی رامیاری کورد یا رێبه رانی ئاینی له خۆیان نزیك بکه نـه وه ، بـه لکو بـه پـێچه وانــه وه ئــاکـاری هۆڤیـه تی و تـوخمپه رستی سنوری تێپه راند و کـه وتنه بڵاوه پیکردنی گه لی کوردستان ....... له شــاره کاندا سێداره یــان چــه قــاندن و سه رۆکانی کورد و روناکبیران و جوتیـارانی هه ژار هه ڵواسران ، بۆ نمونه له کانونی یه که م ١٩١٤ شۆڕشگێڕی نیشتمانپه روه ر شێخ عه بدولسه لام بــارزانی و دوو لــه یاوه رانی یه ك له سه رۆکانی رێکانییه کان به سێداره داکران .... عوسمانیه کان جارڕانی جه نگیان دژی روسه کان به هه ل زانی و په لاماری کۆنسڵگه ی روسیاندا لـه شاری به دلیس ، سه رکرده ی کورد مه لا سه لیم خێزانی و هاورێیانی که دوای شۆڕشه سه ر نه که وتود که یان ئه وێیان کردبوه پـه نـاگه ده ستگیرکران و یه کسه ر هه ڵیان واسین ، به مه به ستی تۆقاندنی هاووڵاتیانی کوردستان له و ناوچانه دا چه ند رۆژ لاشه کانیان بــه هه ڵواسراوی له شه قامه کاندا پیشاندران .

( گرفتی کورد - دکتۆر بله ج شێرکۆ / لاپه ڕی ٥٠ ) .

چه ند که سێکی تریان دڕندانه ده ستکوژکران ، وه ك شێخ سه عید باوکی شێخ مه حمودی حه فید که له گه ڵ کوره که ی شێخ ئه حمه د دوای دورخستنه وه یان بۆ موسڵ له سه رو به ری یه که م جه نگی جیهانی ، دیسان بۆ لاوازکردنی سه رکرده کورده کان و گه مارۆدانی ده سه ڵاتیان ماڵی شێخ مه حمود له سلێمانی تاڵانکرا ( بڕوانه / کوردستان له ساڵانـی یه که م جه نگی جیهانی / دکتۆر که مـال مه زهــه ر ئــه حمه د ) ، ئــه وه رامیـاری عوسمانییه کان بوو ، دژه کـانـی وانیش لـه ئینگلیز و روس و فره نسیه کان نه یانتوانی له راستی گرفت و هیوای گه لی کورد تێبـگه ن .........

کۆنسڵی روس له ورمێ له به ڵگه نامه یه کی نه هێنیدا به ئاشکرا دانی به وه داناوه ، کـه روسه کان له پله ی یه که مدا له گۆشه نیگای دامه زرانـدنی ده وڵـه تیکی سـه ربـه خۆی ئه رمه نیدا ده یـان روانییه گرفتی کورد و دوارۆژی کوردستان ( بڕوانه لازاریف/کوردستان / لاپه ڕی ٣٠١ ) ئه وه بـو هه ڵوێستی روسه کانی به ر له شۆڕشی ئه کتۆبه ر ، دوای ئه ویش ئه م هه ڵوێسته له سه ر ده قی خـۆی مایه وه که مه ده ستکاریه ك نه بێ لێی نه کرا که دواتر لێوه ی ده دوێم .

ئه و هۆیه ی پاڵنه ری روسه کان بوون لـــه ده ستکاری کردنی رامیاری ستراتیژیان به را به ر به کورد ، قرمی روسه کان بو لــه و به شه گه وره ی له په یمانامه ی ( سـایکس - بیکۆ ) بۆ روسه کان ته رخان کرابوو .

هێرشی روسه کان بۆ سه ر کوردستان ره نگدا نه وه ی ئه و په یمانامه یه ، ئه و نامه نه هێنییه ی ( سازانۆف ) وه زیری ده ره وه ی روسیا لــه گوڵانی ١٩١٦ که بۆ بالیۆزی فه ره نسی لـه پێترۆگراد نوسی بووی:

( ... ١- روسیا ناوچه کانی ئـه رزه رۆم و ته رابزون و ڤان و به دلیس تا ئه و شوێنه ی دواتر له خۆراوای ته رابزونی قه راغ ده ریای ره ش ده ستنیشان ده کرێت بۆ خۆی ده بات .

٢- پێویسته له کوردستان ناوچه کانی خۆراوای ڤان و به دلیس ، نێوان موش و سه عه ره د و رووباری دجله و جه زیره و ئه و زنجیره چیایه ی به سه ر ئامێدی و مه رگــه وه رڕا داده نـۆرێ جێبێلێ ( مه بـه ستـی ئه وه یه که روسیا ) به رابه ر ئـه وه ناوچه کانی نێوان ئاڵاداخ و قه یسه ریه و خه ربووت به فره نسا ده دات ، بڕوانه V.Cluchnikov and ASahantin OP . CIT VOL 11 P . 42

سیروان سۆرانی

# هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە فەرەنسا

## چەند روونکردنەوەیەکی پێویست

پێشەکی

بە پێی یاسای بنەرەتی کۆماری فەرەنسا ، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار هەر حەوت ساڵ جارێك سازدە کرێت .

بە پێی هەمان یاسا هەموو هاووڵاتییەکی فەرەنسی مافی ئەوەی هەیە کاندیدات بێت ، بە مەرجێك بتوانێت ئیمزای پێنج سەد هەڵبژاردەی میللەت لەسەر ناوی خۆی گڵ کاتەوە « هەڵبژاردەکان ، وەك ؛ شارەوانان ، ئەندامانی پەرلەمان ..... هتد » .

هەڵبژاردن لە دوو خولدا ساز دەکرێت ، خولی یەکەم هەموو کاندیداکان لە کێبڕکێیەکدا بەشداریدەکەن ، بەڵام خولی دووەم تەنها ئەو دوو کاندیدایەی کە لە خولی یەکەمدا زۆرترین دەنگیان هێناوە دەمێننەوە ، یەکێك لەم دووانە دەبێت بە سەرۆك کۆمار .

هەموو هەڵبژاردنێکی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بەگەورەترین و گرنگترین رووداوی رامیاری و مێژوویی فەرەنسا بەپێنوس دەدرێت ، چونکە سەرۆك کۆمار سەردەستەی دەسەڵاتی راستەو خۆی دەوڵەتە ، بە تایبەتی لە بواری رامیاری دەرەکی « دیپلۆماسی » و سوپایی و بەرگری ، چونکی سەرۆك کۆمار فەرماندەی گشتی سوپای فەرنسایەو تاکە کەسە کە لە کاتی جەنگدا بڕیاری بەکارهێنانی هێزی ئەتۆمی دەدات.

جگە لە دەسەڵاتە یاساییە گرنگەکانی تر وەك ناونانی سەرۆك وەزیران و بڕیاردان لەسەر کابینەی وەزیران کە سەرۆکی وەزیران پێشکەشی دەکات ، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و سازکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ و ....... هتد .

لەبەر ئەم هۆیانەو لەبەر ئەو جێگەیەی کە فەرەنسا لەسەر شانۆی رامیاری جیهاندا هەیەتی ، کەسایەتی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو رەنگدانەوەیەکی جیهانی دەنوێنێ.
خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ساڵی ١٩٩٥ لە ٢٣ نیسانی داهاتودا سازدەکرێت ، خولی دووەمیش دوو هەفتە دواتر ، واتە لە ٧ ی مایسدا ئەنجام دەدرێت ، سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو لە دەی هەمان مانگدا دەستبەکاردە بێت .

رونکردنەوەیەکی مێژوویی

تا ساڵی ١٩٨١ و بۆماوەی نیو سەدەیەك سەرۆك کۆمار هەر لە دەستی راستڕەوەکان بوو ، بەڵام لە ساڵی ١٩٨١ دا بەهۆی چەند هۆی تایبەتی ناوەکی و چەندین هۆکاری گشتی و بارودۆخی فەرەنسا ، کە لێرەدا جێگای ئەوە نییە باس بکرێت ، راستڕەوەکان سەرۆکایەتی کۆماریان لەکیس چوو ، فرانسوامێتران کە کاندیدای چەپڕەوەکان بەگشتی ، پارتی سۆسیالیست و پارتی کۆمۆنیست بوو بەتایبەتی لە دەی مایسی ١٩٨١ دا بووە سەرۆك کۆماری فەرەنسا و لە ساڵی ١٩٨٨ دا بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە ، لە مێژووی فەرەنسا تەنها ژەنەراڵ دیگۆل ، قارەمانی دووەم جەنگی جیهانی و رزگارکاری فەرەنسا لە چنگ ئەڵەمان ، پتر لە جارێك بۆ پایەی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوە .

لە چواردە ساڵی رابردوودا بەهۆی کەسایەتی فرانسوامێتران و ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی لە سەر شانۆی رامیاری جیهاندا روویاندا ، وەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت ، کۆتایی هاتنی جەنگیسارد و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و جەنگی کەنداو ......... هتد ، فەرەنسا جێگایەکی زۆر تایبەتی لە جیهاندا بۆخۆ دابین کردووە .

هیچ بڕیارێکی گرنگی دیپلۆماسی یان رامیاری جیهانی بە بێ پرسی فرانسوامێتران ئەنجامنەدراوە . هەر ئەو کەسایەتییەی مێتران لە رامیاری ناوخۆی فەرەنسادا خۆی بەسەر هەموو رووداوەکاندا سەپاندووە ، هەر کەسێك لە دوور و نزیکەوە دۆست یا دوژمن قەرەی لە قەرەی فرانسوامێتران دابێت بەزاندویەتی « جاك شیراك ( لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا بەزان ) مێشێل رۆکارد ( لە سکرتێریەتی گشتی پارتی سۆسیالیست دەرپەڕاندوو بەیەکجاری لە خۆ کاندیداکردن بۆ سەرۆك کۆماری ١٩٩٥ بەلای داخست » باشترین نموونەی ئەم راستییەن .

لەگەڵ ئەوەی کە راستڕەوەکان دووجار پەرلەمانیان ژێرڕکێفی خۆیان خست ، لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٩٣ دا بەڵام مێتران وەك کەڵە پیاوێکی رامیاریست هەر توانی خۆی داسەپێنێت ، هەرچەندە ماوەی ساڵێك دەبێت بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستاتەوە و ئامادەبوون هێرش هێنانی کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئایندە ، مێتران لە باردۆخێکی ناجور و لاوزدا دەبینرێت ، بەڵام بە رۆیشتنی مێتران و بە پێی بۆچونی زۆر لە رامیارناسەکانی ئێرە مۆرك و پەنجەمۆری مێتران تا چەند ساڵێکی تر کاڵ نابنەوە.

بەرێژەی نەتەوەکەمان و وڵاتەکەمان ، مێتران هەرچەندە زۆر لە نزیکەوە بەدوای هەواڵ و دەنگوباسی کورد و بارو دۆخی کوردستانەوە بووە بەتایبەتی باکورو باشوری کوردستان ، بەڵام زۆر لەوەکەمتری کردووە کە زۆربەی هاووڵاتیانی کوردستان چاوەڕێ دەکەن ، هەرچەندە لە کاتی کارەساتی هەڵەبجەی شەهیددا لە گفتوگۆیەکدا کە رۆژنامەی De Monde بڵاوی کردۆتەوە وتی ( بەم کارەرشانەوەم دیێت ، باوەڕم نەدەکرد کە مرۆڤ لە توانیدا بێت کاری وا ئەنجامبدات ) بەڵام لە هەمانکاتدا وەزیری بەرگری فەرەنسا دەیوت ( درۆیە بەهیچ جۆرێك عیراق هەڵەبجەی بە کیمیگازبۆردمان نەکردووە ، ئەوە هەمووی درۆی ئێرانییەکانە) ، مێتران ئەوی بەدرۆنەخستەوە .

وەلێ ئەوەی جێگەی ستایش و ریزە ، کار وکردوەو بیرباوەڕەکانی خێزانەکەیەتی ( مدام دانیاڵ مێتران ) کە دەتوانین بە کوردۆستێکی زۆرنزیك و گەرمی هاووڵاتیانی کوردستانی دابنێین .

هەرچۆنێبێ دەتوانین سەردەمی مێتران بەگشتی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان پیرۆزە تیڤ رەچاوبکەین ، بەڵام بەداخەوە لێپرسراوە رامیاریەکانی کورد بەتایبەتی لە باشوری کوردستان ئەم هەلانەیان وەکو پێویست بەردی بنگومێ سەرەنگون کرد ، لە دواترین راوەرگرتن لە سەرگرفتی کوردستان، نامەیەکە کە مادام مێتران لەسەر رێبازی یەکدی قەڵاچوکردن بۆ کاك جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی ناردبوو ، دەڵێت **« ئەو کارە چییە ئێوە دەیکەن ، ئەگەر خۆتان شەرمتان بە خۆتان نییە ، ئەوا دەبێ بیر لە ئێمە بکەنەوە ، سبەینێ من چۆن رووم بێت لەسەر ئێوە هەڵدەمی و بەچ چاو و رویەك بەرگریتان لێبکەم ؟ »**

کاندیداکانی سەرۆك کۆماری ساڵی ١٩٩٥ « لێرەدا تەنها کاندیدا سەرەکییەکان رەچاوکراون .

Eduard Balladur -١

بەلادوور ؛ یەکێکە لە کاندیداکانی بەرەی راسترەوەکان ، ئەندامی پارتی RPR ، واتە یەکگرتن بۆ کۆمار .

بەلادوور ؛ لە ساڵی ١٩٩٣ وە تاوەکو ئەم ساتە سەرۆك وەزیرانی فەرنسایە لەوەو پێش چەند جار پایەی دەوڵەتی گرنگی بە ئەستۆ بووە ، وەك وەزیری دارایی و بودجە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦- ١٩٨٨.

هەرچەندە لە ساڵی ١٩٩٣ دا کە بوبە سەرۆکی وەزیران پەیمانیدا بە هیچ جۆرێك کاندیدا نییە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ، بەلام بیروڕای گوڕی بە تایبەتی لە ژێر فشاری هەندێ وەزیر کە سەر بە RPR بوون یان سەربە هاوپەیمانەکانی ئەم پارتە واتە UDF بوون کە ئەمانەیش راسترەون ، بەلام راسترەویەکی نەرمونیان .

کاندیدا بوونی ( بەلادوور ) لە نێوان ئەندامانی RPR کە پاڵپشتی جاك شیراك ، سەرۆکی RPR و کاندیدای ئۆتۆماتیکی ئەم پارتەیە ، بە خیانەت لە پێنوس دەدرێت ، لە هەمانکاتدا بەلادوور توانیویەتی چەند پیاوی قەبەی ئەو پارتە بەلای خۆیدا راکێشی و شانسی هەڵبژاردنی بەهێزتر بکات .

بە شێوەیەکی گشتی ئەندێشەی بالادوور بریتیە لە : ئەندێشەی برژوایەکی سەدەی شانزدە ، تێکەڵەیەك لە ئاین و نەریتی کۆمەلایەتی کۆنەپەرست ، دەوڵەتێکی بەهێز کە هەموو شتێك کۆنترۆڵ دەکات، فەرەنسایەك کە دوو کەرت بێت ، کەرتێك لە ژیانێکی پایەیەك و ئەوانی دیش ئەوەندە یان پێبدرێت کە خەلکانی پایەبەرز سەغلەت نەکەن .

هاووڵاتیانی کوردستان ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە رامیاری فرەنسایە ، یادگارێکی باشیان لە بەلادوور نییە ، لە کاتی ١٩٨٦ - ١٩٨٨ دا کە بەلادوور وەزیری دارایی و بودجە بوو، بە بێچەندوچون و بە چاوچوقانەوە پاڵپشتی سەدامی دەکرد ، تا ٣٨ ملیارد فرەنکی فەرەنسی قەرزی بە سەدام دا .

بەلادوور و شیراك ( سەرۆك وەزیر ) پەیمانی دۆستایەتی تایبەتیان بۆ سەدام دوپاتە کردەوە .

ساڵی رابردوو ١٩٩٤ بە هۆی فرۆتنی چەند هێلۆیوکۆپتەر بە رژێمی فاشی تورکیا ( کە نکۆڵی ناکرێت بۆ کوردکوشتن بەکار دێت ) دەوڵەتی بەلادوور کەوتنە داپڵۆسینی ئەندامان و لایەنگرانی پارتیا کارکەرێن کوردستان PKK لە فەرەنسا ، چەندانیان زیندان و چەندیان لە فەرەنسا دەربەدەرکرد « چونکێ دەوڵەتی تورکیا رایگەیاند کە هەمان جۆری هێلوکۆپتەری لە ئیتالیا بە هەرزانتر دەستکەوتووە ، بەلام ئەگەر دەوڵەتی فەرەنسا جێ بە ئەندامانی PKK لێژ بکات ، ئەوا دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە بە گرانتر لێیان بکرێت ).

Jaques Chirac-٢

جاك شیراك سەرۆکی پارتی RPR و کاندیدای سروشتی ئەو پارتەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری .

ئەوە چوارەمین جارە کە جاك شیراك خۆی هەڵدەبژێرێت . لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٨١ لە خولی یەکەمی تێپەڕ نەکرد . بەلام لە ساڵی ١٩٨٨ لە خولیدووەم لە بەرامبەر فرانسوامێتران دا بەزی .

دروشمی جاك شیراك بۆ ئەم هەڵبژاردنە ( فەرەنسا بۆ هەموانە ) ئەم دروشمە ئەوە دەگەیەنێت کە جاك شیراك خۆی لە بەلادوور جودا دەکاتەوە ، کە ئەم بە تەنیا کاندیدای بورژواکان نییە بەلکو کاندیدای هەموو خەلکی فەرەنسایە ، شیراك کە پتر لە بیستوپێنج ساڵە شارەوانی پاریسە ، لە بیروڕای فەرەنسییە کاندا جێگەیەکی تایبەتی هەیە ، بەلام لە هەمانکاتدا بەهەڵەشەیی و رارایی ناسراوە ( مێتران دەربارەی شیراك دەڵێ :

ئەگەر دەتانەوێت بزانن بیروڕای شیراك لە سەر بابەتێك چیە، بچن دواترین کەس ببینن کەلای شیراك دێتەوە !! )

لە بەرابەری هاووڵاتیان وڵاتەکاماندا شیراك بە هیچ کلۆجێك رۆژی لە رۆژان لە سەر گرفتی ئێمە هەڵێنە داوە تیێ ،بەلکو خۆی بە ( برادە رێکی نزیکی ) سەدام لە پێنوس داوە ، هەمان شت بۆ تورکیاش دەکات .

لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتێکدا هەموو جیهان سەدامیان تاوانباردەکرد لە دوای بۆردومانەکەی هەلەبجەی شەهید ، هاووڵاتییەکی کوردستان لە شەقامێکی پاریس جاك شیراکی راوەستاند و داوای لێکرد بۆچی هەموو کەس سەدامی تاوانبار کرد جەنابتان هیچتان نەوت ؟؟ لەوەلامدا وتی : باشەباسی دەکەم و تاوانباریشی دەکەم . بەلام دوایش هیچ !!

Lioneg Jospin -٣

لە دوای کێبڕکێیەکی ناوخۆی پارتی سۆسیالیست PS لیۆنێل جۆسپان لە لایەن ئەندامانی ئەو پارتەوە ، لە سەرانسەری فەرەنسادا ، دەنگی بۆ درا ، لە دژی سکرتێری گشتی پارت هانری ئیمانیولیێ ).

دەستنیشانکردنی جۆسپان کۆتایی بە قۆناغێکی ناهەموار و هاتونەهاتی نێو ئەم پارتە هێنا ، کە بە راستی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی سۆسیالیستی هەراسان کردبوو ، ئەمەش چەندین هۆی هەبوو ، لەوانە سەرەکییەکان ، ئەمانەن :

١- کەسایەتی مێتران . کە زۆر بەهێز بوو ، لە بەرئەوە پەیداکردنی یەکێکی تر کە هەمان سەنگو کاریزمی هەبێت ، کارێکی هاسان نەبوو .

٢- جاك دلۆر( سەرۆکی کۆنی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا ) کە زۆربەی سۆسیالیستەکانی لە پشتەوە بوون، سەرمایەیەکی خۆشەویستی لە ناو خەلکی فەرەنسا و ئەورووپادا هەبوو ، بڕیاریدا بۆ هەڵبژردنی سەرۆك کۆمار کەندیدا نەبێت ، ئەمەش لە کاتێکدا پێچەوانەی پەرۆشو چاوەڕوانی هەموان بوو.

٣- لە ساڵی ١٩٩٣ پارتی سۆسیالیست بە شکستێکی زۆر دژوارەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دۆڕاند ، ئەمەش بووە بارێکی مێژوویی زۆرگران ( سەرۆك وەزیری پێش هەڵبژاردن پێربیرۆگۆڤۆ خۆیکوشت ) .

٤- مێشێل روکاردو ، کە ناونرابوو کاندیدای سروشتی و هەتا هەتایەی سۆسیالیست بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کوماری بە هۆی پیلانێکی ژێرەکی مێترانەوە و بە دەستهێنانی تەنها 15% لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپایی رابردوودا ، لە لایەنی رامیارییەوە هیچی پێنەمابو و دەستبەتاڵ مابوەوە .

٥- بەگشتی ئەنجامی چەند ساڵ دەسەلاتی سۆسیالیست سەرئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا ، بە تایبەتی لە لایەنی لە ناوبردنی بێکارییەوە ، ( لە کاتی گەیشتنی مێتران لە فەرەنسا 2000 000 بێکار هەبوو ، لە کۆتایدا گەیشتۆتە 3400 000 بێکار.

لە بەر ئەم هۆیانە و چەندین هۆی تر ، دەستنیشانکردنی جۆسپان لە پارتی سۆسیالیست دەکرێ وەك خاڵی سفر رەچاو بکرێت .

لە کاتی دەستنیشانکردنی جۆسپان لە ناوەراستی مانگی کانوونی دووەمدا و لە بەسەر کردنەوەی بیروڕای گشتی فەرەنسادا، جۆسپان تەنها 15-10% دەنگی هێنایەوە ، لە کۆتایی شوباتدا ئەو رێژەیە گەیشتۆتە 23%، واتە ئومیدێکی زۆر لە دڵی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی سۆسیالیست پەیدا کردووە کە جۆسپان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا بەشداردە بێت ، لەوانەیە هەلیشبژێردرێت ، ئەم بۆچونە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ دا شتێ بوو کەس باوەڕی پێنەدەکرد .

لیۆنێل جۆسپان دوای هەڵبژاردنی مێتران بووە سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیست ، تا ماوەیەکی زۆر ئەو کارەی بەرێوەدەبرد ، لە ساڵی ١٩٨٨ دا جۆسپان بوە وەزیری پەروەردە .

جۆسپان لە نزیکەوە شارەزایی بارو دۆخی هاوڵاتیانی کوردستانە چونکە ماوەی لە پلەی سکرتێری پارتی سۆسیالیستدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ ، بوە هۆی ئەوەی پەیوەندی

ده گه ڵ ڕێکخراوه کوردی و کوردستانیه کان به تین بێ ، به تایبه تی خوالێخۆشبوو شه هید دکتۆر عه بدولره حمان قاسملۆ « سکرتێری گشتی پارتی دیمکراتی کوردستان - ئێران » که له زۆر شوێندا به دۆستی نزیکی خۆی ناوی بردووه و زۆر زووزووش یه کتریان به سه ر کردۆته وه و یه کتریان بینیوه .

له زۆرکات و ساتدا و له هه لی پێویستدا لیۆنێل جۆسپان زۆر به گه رمی لایه نگیری ماف و داوای ره وای هاوولاتیانی کوردستانی کردووه.

هه ر چه نده پایه ی سه رۆك کۆمار ڕێگه ی بیرورا وه رگرتنی ئازادی لێده گرێت ، به لام ده توانرێت بوترێت هه لبژاردنی جۆسپان بۆ ئێمه خالێکی پۆزه تیڤه ، به تایبه تی ئه گه ر ته ماشای کاندیداکانی تر بکه ین .

Robert Hue-٤

رۆبێرت هـۆ ، کاندیدای پارتی کۆمۆنیستی فه ره نسایه و سکرتێری گشتی پارته که شه. کۆمۆنیسته کان له فه ره نسا له بارو دۆخێکی زۆر ناهه مواردان ، له کاتێکدا لـه په نجاکاندا ئه و پارته 30% ده نگی ده هێنایه وه ، ئێستا له 6% ی تێپه ڕی ناکات ، ئه مه ش چه ندین هۆی ناوه کی و ده ره کی هه ن که ئێره جێگه ی باسکردنیان نییه .

رۆبێرت هۆ ، خۆی به ده مراستی هه موو ئه و که سانه ده زانێت که له م چه ند ساله ی دواییدا هه موو شتێکیان له ده ستداوه و ، له سه ر ئاقاری ژیانی کۆمه لایه تی فه ره نسا ژیـان به سه رده به ن .

رۆبێرت هۆ هێرش ده کاته سه ر راست وچه پ ، بۆ ئه و پارتی سۆسیالیستیش پارتێکی راستره وه و هیچ جیاوازیه کی ده گه ڵ RPR دا نیه ، خۆی به هه لگری مه شخه لی ته واوی چه په کانی فه ره نسا ده زانێت ، بـه گشتی دۆستی هاوولاتیانی ئێمه ن و له گشت ته نگ و چه له مه یه کی کوردستاندا له دله وه پشگیری خۆیان پێشانداوه .

Jean Marie Le Pen -٥

کاندیدای به ره ی نیشتمانی FN واته پـارتی ره گه زپه رستان ، دروشمی پارته که یان برتییه له :

« فه ره نسابیه کان له پێش هه موو که سێکه وه » ئـه م پـارته به رنامه یه کی دیماگۆگی هه رزه کارانه ی هه س ، که زۆر خاکی یه لـه به ر ئه مه شه زۆر له خه لکی هـه ره مه کی به دویان ده که ون ، به تایبه تی کـه ده لێن ئێمه 4000 000 کار به ده رکردنی 4000 000 بیگانه که له فه ره نسان بۆ هاوولاتیان په یدا ده که ین .

بۆ ئه مانه کورد هه روه ك عه ره ب و فارس و تورك ته ماشای ده کرێت، دیکتاتۆری و فاشیه ت مۆدێلی ده وله ته ، چونه سه ردانی سـه دام و پشتیوانی خۆیان لێی ده ربڕیوه .

Philippe Le Vilier-٦

ئه میش فۆتۆکۆپی لۆپینه ، به لام به شێوه یه کی تۆختر ، واته له جیاتی بلێـت « فه ره نسیه کان له پێش هه موو که سێکه وه » ده لێت « ئه وروپیبه کـان له پێش هه موو که سێکه وه » ئه گه رنا جیاوازییه کی بنه ره تی سه ره کی له گه ڵ به رنامه ی فاشیستییه کانی لۆپین دا نییه .

Arlette Laguir -٧

ته نها کاندیدای چه په ره وه تونـدره وه کانه ( ترۆتسکیبیه کان و ماویه کان ..... هتد ) یه کێکه له کاندیده ژنه کان ) ئه وی تریان کاندیدای که سکه کانه ).

سه رۆکی پارتی خه باتی کرێکاران ، زێتر له چه ند ین که ره ت کاندیدای چه په تونده ره وه کان بووه بۆ پایه ی سه رۆك کۆماری ، له هه ر که ره تێکیش له 3% ی ده نگه کان پتر ناهێنێت ، دۆستێکی تـه واوی هاوولاتیانی کوردستانه و بـه دل و به گیان به رگری له مافی چاره نوسی هاوولاتیانی کوردستان ده کات و بـه توندی هـه موو تاوانه کانی داگیرکارانی کوردستان لـــه قاوده دات .

Ecilogie-٨

کاندیدای که سکان

پارتی که سکه کان په رش و بلاون ، سێ کاندیدایان هه یه به هه مان پرۆگرامه وه ، به گشتی به رگریکردن لــه سروشت و ده وروبه ر و ده ریاو هه وایه و لـه لایه ن باری کۆمه لاتییه وه زۆر پێشکه وتخوازن و داوای دابه شکردنی سامانی فـه ره نسـا ده که ن به شێوه یه کی یه کسان و له نێوان هه مووان .

زۆر دۆستی هاوولاتیانی ئێمه ن له زۆربه ی کاتدا به هانای بانگه وازی ئێمه وه هاتوون و گه لێك به توندی داگیرکارانی کوردستان تاوانبارده که ن .

له گه ڵ ئه م کاندیدانه هه ندێکی تر هـه ن زۆر بچوك یان گالته جار، بونمونه « مارلێن » که ژنه ئه کته رێکی سینه مایی سێکسه ، کاندیدای پارتی ( سێکس و ئه ڤین ) یا خۆ ژه نه راڵ « لاکاز » که دۆستێکی نـزیـکی سه دامه ، یا دانیاڵ ئاغزی که کـانـدیدای بێمالانه........هتد .

هه رچۆنبێ سه رۆك کۆماری داهاتوو یه ك له وانه ده بێت :

جاك شیراك
ئێدوارد به لادور
لیۆنیل جۆسپان

ئێمه ش به هیوای ئه وه ن جۆسپان بێت .

بۆ ده ستخستنی ئه م بلاوکراوانه

**خالید دلێر**
له پێناو یه کگرتنی چه کان
له کوردستاندا

**عه تا قه ره داغی**
فۆرمه له نه بوونی گوتاری
رامیاری کوردی له باشوری
کوردستان و ته راوێلکه ی
ئاینده

**مه هدی کاوانی**
رێکخراوا جوتیارێن کوردستان

**ئه نوه ری ره شی عه وڵا**
له سه مای سه رمه دیا - شیعر

بلاوکراوه ی کۆمیته ی
ئاماده کردنی سێیه م کۆنگره ی
نیشتمانی کوردستان
**کۆنگره**

کاسێتی ژماره یه ك و دووی
١٩٩٤
به ده نگی هونه رمه ند
**نازی خان**

کاسێتی « بیرتـان ئـــه که م »
به ده نگی هونه رمه ند
**عه دنان که ریم**

پۆستکارتی هه مه جۆری
هونه رمه ندانی کوردستان و
دیمه نی سروشت وشاره کانی
کوردستان

په یوه ندی به م ناونیشانه وه
بکه.

KAPNK
P.O.Box 533
00101 Helsinki
Finland

دکتۆر : جەبارقــادر

## کوردناسی رووسی

# خاتوژیـــــگالینا

کوردولۆجیا لە رووسیا لەدایك بوو و هەر لەوێش پەرەی سەند و بەدەیان کورد ناسی بەنێو بانگ کەکۆمەڵێ بەرهەمی نایابیان پێشکەش بــە زانستی رۆژهەڵاتناسی کرد هەڵکەوتن .

کارە زانستیەکانی کوردناسانی رووس وگەلانی تری رووسیای چاری و سۆڤیەتی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی گەلی کوردیان خستە بەر تیشکی شیکردنەوە و لێکدانەوە . بـەم شێوەیە لـە کۆتایی سـەدەی هەژدەهەمەوە رۆژهەڵاتناسانی رووس و ئەرمەن و گورجی .... هتد ، کەوتنە تۆمارکردنی وتار و تێبینی لەبارەی هۆزەکانی کوردەوە و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەکانی ئەودیوی قـەوقـاز و کوردەکانـی ژێردەستەی ئێران و دەوڵەتی عوسمانلی . ئەو کارانە بناغەی قوتابخانەیەکی تایبەتی کوردۆلۆجی لە رووسیادا دامەزراند .

بەداخەوە ئەمرۆ کوردۆلۆجیا لەو وڵاتەدا بەسەردەمێکی نالەباردا تێدە پـەرێ ، وەك هەموو بوارەکانی تری ژیان لە رووسیادا لە قەیرانێکی سەختدا دەژی و تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر هاتووە .

دەبوایە دوای لەنێو چوونی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندی زانایانی رووس لەگەڵ دەرەوەدا بەهێز بوایە و ئاڵ وگۆڕی بیرو بۆچوون و سەرچاوە گەشەی بسەندایە . کـەچی بە پێچەوانەوە لەبەر باری ئابووری سەخت ، زانایان و شارەزایانی رووس نەیدەتوانن هاتووچۆی دەرەوە بکەن و نەوەکو جاران کتێب و سەرچاوەی زانستیان دەست دەکەوێ. کوردناسانی رووسیا مەترسی خۆیان ناشارنەوە و دەڵێن ئەگەر کارو بار بەو شێوەیە بەردەوام بێ و خوێندکاری نوێ روونەکاتە دەزگا کوردۆلۆجیەکان و کورد بەخۆی هاوکارییان لەگەڵدا نەکا ئـەوا دوور نیە کوردۆلۆجیا لە روسیادا سەر بنێتەوە ، ئەمەش زیانێکی گەورە بە کلتوری کورد و کێشەی نەتەوەیی گەلەکەمان دەگەێنێ .

خوێنەری کورد بەگشتی ئاگای لەچالاکی و بەرهەمی کوردناسان هەیە ، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە پسپۆڕەکانی مێژو وئەدەبیات و زمان و ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی گەلی کورد لە رووسیا و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو خوێندنیان تەواو کردو لە دوایدا پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵات یاخود پەروازیان بۆ هەندەران گەلـێ وتـار و لێکۆڵینەوەیان لە بوارەکانی پسپۆڕییاندا تۆمار کردو گەلێ لەبەرهەمەکانی کوردناسانیان وەرگێڕاوە کوردی یاخود عەرەبی ، خوێنەری کورد ئاشنایی لەگەل نێو و بەرهەمەکانی ئەو کوردناسانە پەیداکرد ، هەڵبەتە هەندێکیان زیاتر لەوانی تر .

دەساڵ پێش ئەمرۆ وتارێکم لە « نێرگز » دا ، کەدوو چەپکی لە ساڵی ١٩٨٥ لەشاری کەرکوك لێ بڵاوکرایەوە و وەکو گەلێ شتی ترمان لە نێو برا. لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی هەندێ لەکوردناسانی سۆڤیەتەوە بڵاوکردەوە ، ئەو وتارە بریتی بوو لە چەند بەشێك بەڵام بەهۆی لەنێو بردنی نێرگزەوە تەنها بەشی یەکەمی لێ بڵاوکرایەوە . لەو بەشەدا بەکورتی هەندێ زانیاریم لەبارەی ژیان و بەر هەمەکانی ئەمینی عەڤداڵ ، ئەکۆپۆڤ ، ڤیلچێڤسکی ، هەسرەتیان ، ئەریستۆڤا، جەلیلی جەلیل ، لازاریف ، خالفین و چەتۆیەڤەوە تۆمارکرد ، بەشەکانی تری ئەو وتارە کە لە بارەی قەنـاتی کوردۆ « کوردۆیەڤ » و زاری یۆسۆپۆڤا ، حەمۆیان ، جاجیی جیندی ، ئۆرخانی جەلیل ، ئـەڤالیانی ، رۆدینکۆ ، ڤاسیلیڤا ، مۆسائلیان ، تسۆکەرمان و گەلێکی تر بڵاو نەکرانەوە و لەدەزگانی سیتزورا ( سانسۆر ) لە نێو چوون .

لەو وتارەدا ئامانجم ئەوەبوو کە خوێنەرانی کورد بەو کوردناسانە و بەر هەمەکانیان بناسێنم و وەکو کارێکی بیبلۆگرافیانی لەبەردەستی نووسەران و توێژەرەکاندا بێ بۆ ئەوەی لـە کاتی پێویستدا کەڵکی لـێ وەرگرن .

لەو دەساڵەدا گەلێ لەو کورد ناسـانە سەریان نایەوە و ئەوانی تـر کۆمەڵـێ بەرهەمی نوێیان بڵاوکردەوە . هـەروەها هەندێ کوردناسی نوێ پەیدا بوون کـە سەرچاوەکانی ئەو کاتە باسیان لێوە نـەدەکردن .

یەکێك لەوانە خاتو ژیگالینایە کە لـەم دەدوانزدە ساڵەی دواییدا کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی نایابی لـە بـارەی کوردی ئێرانەوە ( کوردستانی ژێردەستەی ئێران ) تۆمارکردووە .

ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا لەساڵی ١٩٤٦ لە شاری کرا سنۆڤۆد سك لەکۆماری تورکمەنستان لەدایك بووە و خوێندنی سـەرەتایی و ئامادەیی هەر لەوێ تەواو کردووە .

لە ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٦٩ لـە کۆلێجی فیلۆلۆجی زانکۆی مۆسکۆ خوێندکاربووە و هەر لەساڵی تەواو کردنی خوێندندا بووە بەفەرمانبەری ئینستیتوتی رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ .

لە ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دۆکتۆرای هەر لەو دەزگایەوە رگرتووە . نامەی دۆکتوراکەی پەیوەندی بە کوردەوە نەبوو ، وا دیـارە دوای تـەواو کردنی خوێنـدن و بـە هۆی رووداوەکانی ئێرانەوە و پەرەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی لـە رۆژهەڵاتـی کوردستانـدا دەستی داوەتە زانیاری کۆکردنەوە و وتار نوسین لەبارەی ئەو بەشەی کوردستانەوە. زانینی زمانی ئینگلیزیش یارمەتییەکـی باشی دا لەبەکارهێنانی سەرچـاوەکانـی مێژووی نوێ و هاوەدەمی کوردا کەبەزمانی ئینگلیزی تۆمارکراون، تاوەکو ئێستا ژیگالینا زیاتر لە حەفتا وتار و لێکۆڵینـەوەی بڵاوکردۆتەوە کەبەشێکی گرنگیان لەبارەی کوردەوەیە .

گرنگترین بەرهەمی ژیگالینا لـە بواری کوردۆلۆجیدا ئەو کتێبەیەتی کە لە ژێـر نێوی « بزاڤی کوردی ئێران لـە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٤٧ » دا ، لەساڵی ١٩٨٨ لـە شاری مۆسکۆ لە ١٦٨ لاپەڕەدا بـڵاوی کردۆتەوە . بۆ ئامادەکردنی ئـەم کتێبە پەنای بردۆتە بەر ١٧٣ سەرچاوە بەچەند زمانێك . سەرچاوەکانیش بریتین لە بەڵگەکانی ئەرشیف و گۆڤار و رۆژنامە و کتێب .

لەسەرەتاوە باسی گرنگی لێکدانـەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئێران دەکاو سەرچاوەکانی بەشێوەیەکی زانستیانـە هەڵدەسەنگێنێ و بەهێزی و لاوازیـان دەخاتەروو .

ئەمجا بۆ ئەوەی بەباشی لەباری سیاسی کورد بگا بەپێویستی دەزانـێ کێشـە دیموگرافی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکانـی

رۆژهه ڵاتی کوردستان شــی بکاته وه و بیرو بۆچوونی خۆی پێشکه ش به خوێنه ران بکات. لێره دا باسی ژماره ی کورد و په یوه ندییه کۆمه ڵایه تییه کان ده کاو وریایانه رۆڵی ئه و فاکته رانه لــه کۆمه ڵــی کورده واریدا هه ڵده سه نگێنێ . ئه و شیکردنه وه یه ده کاته بناغــه یه ك بۆ لێکدانه وه ی رووداوه سیاسییه کانی کوردستانی ژێرده سته ی ئێران له بیسته کان و سییه کانی ئه م سه ده یه دا .

شایانی باسه ئه مه لایه نێکی به هێزی کاره زانستییه کانی نووسه رانی سۆڤیه تی جاران و رووسیای ئه مرۆشه . چونکه بێ لێکدانه وه ی باری ئابووری و کۆمه ڵایه تی گه لان مرۆڤ ناتوانی به شێوه یه کی زانستیانه نه له بیرو باوه ڕی سیاسی و نه له بزووتنه وه ی سیاسی و فیکری و کۆمه ڵایه تییه کانی ئه و گه لــه تێ بگا. لێره دا هه ڵبه ته نووسه رانی رووسی له سه رده می سۆڤیه تیدا هه وڵی ئه وه یان ده دا که راستییه مێژووییه کان له گه ڵ بیــرو بۆچوونه سیاسیه کانی خۆیــاندا بــگونجێنن و گه لێ جار تووشی هه ڵه ی کوشنده ده بوون . به ڵام به گشتی ئه و میتۆده وه کو رێبازێکی لێکۆڵینه وه کارێکی سوودبه خش و به که لکه و پێویسته نووسه رانی کورد له کاری رۆشنبیری خۆیاندا په یره وی که ن .

به شی دووه می ئه و کتێبه ی بۆ لێکدانه وه ی بزاڤی کوردی ئێران له نێوان هه ردوو شه ڕی جیهاندا ته رخان کردووه و گه لێ زانیاری له ئه رشیفه کانی یه کێتی سۆڤیه ته وه وه ده ست هێناوه . له م به شه دا له راپه ڕینه کانی کورد ده کۆڵێته وه و به سه رهه ڵدانی « خودا داد » که به خودۆخان نێو ده برا ده ست پێ ده کا و به ووردی بزووتنه وه کــانی سمایل ئاغــای شه کاك « سمکۆ » و سه ردار ره شیدخان و جافه ر سوڵتان و کورده کانی خوراسان ده خاته به ر تیشکی شیکردنه وه و تۆژینه وه .

هه روه ها لــه م به شــه دا ســیاسه تی ده سه ڵاتدارانی ئێــران چ لــه سه رده می قاجاره کان و چ لــه دوای ئــه وه ی ره زا مازه نده رانی که نێوی ره زا په هله وی لــه خۆی نا و له ته هران ده سه ڵاتی گرته ده ست، به رابه ر بــه کۆمه ڵانی کوردی رۆژهــه ڵات ده خاته روو و دوژمنایه تیان بــه گه لی کورد ده ست نیشان ده کا .

به شی سێیه می کتێبه که ی بۆ رووداوه کانی کوردستانی ژێرده ستی ئێران لــه چله کاندا ته رخان کردووه . لێره دا خوێنه ر هه ست به وه ده کا کــه ســه رچاوه کانی ده وڵــه مه ندترن چونکه ئارشیفه کانی سۆڤیه تی ده رباره ی سه رده می داگیرکردنی کوردستان لــه لایه ن سوپای سۆڤیه تییه وه پڕن له زانیــاری و راپۆرت و نامه ی په یامنێران بۆ مۆسکۆ ، لێره دا باسی هۆز و خێڵه کورده کان ده کا و رۆڵیان له ژیانی سیاسی کوردستاندا ده ست نیشان ده کا . هه روه ها بــاسی ره وشی کوردستان له و رۆژانه دا ده کات و ئاماژه بۆ په یدابوونــی « ژ . ك » و جــارڕانی کۆماری مه هاباد و چیرۆکی له نێو بردنــی ده گێڕێته وه .

له کۆتاییدا به کورتی سه رنجه کانی خۆی ده رباره ی بزاڤی کوردی ئێران له کۆتایی شه ڕی یه که می جیهانییه وه تاوه کو له نێو بردنی کۆماری دیمکراتی کورد ستان ده خاته پێش خوێنه ران . ئه گه ر مرۆڤ ئه وه له بیر خۆی نه باته وه کــه زانیاری کــه م ده رباره ی رۆژهه ڵاتی کورد ستان تۆمارکراون و کتێبخانه ی کوردی گــه لێ له م باره یه وه هه ژاره ، ئه وا ده توانێ بڵێ که ئه م کاره ی ژیگالینا که لێنێکی باش پڕده کاته وه .

خاتو ژیگالینا لــه و کتێبه شدا به شداری کردبوو که کوردناسانی سۆڤیه ت هه سراتیان ، لازاریف ، حه جۆیی و جه لیلی جه لیل ده رباره ی بزاڤی نه ته وه یی کورد لــه سه رده می نوێ و هاوچه رخدا ئاماده یان کردبوو ، له سالی ١٩٨٧ له مۆسکۆ بڵاویان کرده وه . هــه موو ئــه و به شــانه ی کــه په یوه ندی به رۆژهه ڵاتی کوردستانه وه هه بوو له لایه ن ژیگالیناوه ئاماده کرابوون ، له وێدا کورته زانیارییه کانی ئه و کتێبه ی سه ره وه ی تۆمارکردبوو . ته نها به شه کانی حه وت و هه شت نه بێ که باسی بــاری کوردی ژێرده سته ی ئێران و چــالاکییــه سیاسییه کانیان لــه له نێوچونی کۆماری « مه هاباد » دیمکراتی کوردستانه وه تاوه کو سالی ١٩٨٥ ته رخان کرابوو . لــه وێدا هه ڵوێستی رژێمی ئیسلامی به رامبه ر بــه گه لی کورد و وه ڵامی ئه مان به رامبه ر به و سیاسه ته ده خاته روو.

پێش بڵاوکردنــه وه و دوا بــه دوای بڵاو کردنه وه ی ئه م کتێبانه کۆمه ڵێ بــاس و وتار و تۆژینه وه ی تری تۆمارکردوه لایه نه جیاوازه کانی ژیانی سیاسی وکۆمه ڵایه تی و فیکری رۆژهه ڵاتی کوردستانی خستۆته به رتیشکی شیکردنه وه . لێره دا بــاسی هه ندێکیان ده که ین ، بۆ ئه وه ی خوێنه ری به رێزی کورد له کارو چالاکی ئه م کوردناسه ئاگاداربی .

له گه ڵ به رپابوونی شــۆرشــی ئیسلامی ئێراندا و په ره سه ندنی بزاڤی ئیسلامی له جیهانی ئیسلامیدا ده زگــا زانســتی و سیاسییه جیهانییه کان که وتنه کۆکردنه وه ی زانیاری و تۆژینه وه له م دیارده فیکری و سیاسییه بۆ ئه وه ی هه ڵوێستی خۆیــان به رامبه ری راگه یه نن و زیانه کانی لــه سه ر به رژه وه ندییه کانیان که م کــه نه وه ئــه گــه ر بتوانن سوودی لــێ وه رگــرن . رۆژهه ڵاتناسی رووسیش له کۆتایی شه سته کان و سه ره تای حه فتاکانه وه کــه وتنه خۆیان و ده ستیان کرده بــڵاوکردنه وه ی کتێب و لێکۆڵینه وه ده رباره ی ئه م مه سه له یه .

له کۆتایی حه فتاکاندا ئه م کاره په ره ی سه ند و گه لێ زانا و رۆژهه ڵاتناسی به لای خۆیــدا راکێشا . یه کێك له به رهه مه کانی ئــه م هه وڵ و ته قه لایه کتێبی « ئیسلام له وڵاتانی رۆژهه ڵاتی نیزیك و ناوه ڕاستدا » کــه له سالی ١٩٨٢ له مۆسکۆ بڵاوکرایه وه . لــه م کتێبه دا ژیگالینا لێکۆڵینه وه یه کی لــه م باره یه وه له ژێر نێو نیشانی « رۆڵی ئیسلام له په ره سه ندنی بزاڤی نه ته وه یی کــوردا له کوردستانی ئێران » بڵاوکرده وه و بیــر و بۆچوونی خۆی له م باره وه یه وه ده ربڕی .

له سالی ١٩٨٣ یشدا ووتارێکی تێر و ته سه لی له باره ی کوردناسیکی به نێو بانگی رووسه وه له ژێر نێوی « ڤیلچێڤسکی و کوردۆلۆجیا » تۆمارکرد . له م ووتــاره دا باسی ژیان و به رهه مه کانی ئه و رۆژهه ڵاتناسه له بواری کوردناسیدا ده کــا و رۆڵی لــه پێشخستنی کوردۆلۆجیای روسیا دا ده ســت نیشان کردووه . ڤیلیچێڤسکی له سالی ١٩٣٢ ه وه ووتار و لێکۆڵینه وه ی له باره ی کورده وه بڵاوکردوه ته وه ، کتێبی یه که می له باره ی کورده وه سالی ١٩٤٤ له پایته ختی گورجستان « ته فلیس » له ژێر نێو نیشانی « کوردی باکوری رۆژئاوای ئێران » تۆمارکرد . ئــه و کاته یه کێتی سۆڤیه ت پێویستی به زانیاری زۆر ده رباره ی کوردی ئێران هه بوو .


کتێبی دووه می ڤیلچێڤسکیش لــه ســالی ١٩٦١ به نێوی « کورد – سه ره تــایه کی مێژووی ئه تنیکی گه لی کورد » بڵاوکراویه وه ، بێجگه له وانه ئه و زانایه ده یان ووتــار و تۆژینه وه ی له باره ی ره وشی ئــابوری و کۆمه ڵایه تی و کلتوری گه لی کورد تــۆمار کردووه .

تایبه ت مه ندییه کانی بزاڤی کوردی ئێران له شــه ســته کان و حه فتــاکاندا » نێــوی به رهه مێکی تری خاتو ژیگالینایه که لــه کتێبی « کوردۆلۆجیا » تۆماری کرد . ئــه و کتێبه ش له یه ریڤان پایته ختی ئه رمه نستان له سالی ١٩٨٥ بڵاوکرایه وه .

ژیگالینا هه وڵێکی باشی بۆ تێگه یشتن و شیکردنه وه ی سیاسی کاربه ده ستانی کۆمــاری ئیسلامی ئێران به رامبه ر به گه لی کورد داوه. به رهه می ئه و هه وڵه ش ووتاری « سیاسه تی نه ته وه یی – ئاینی ده سه ڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی به رامبه ر به کوردستانی ئێران » .

ئه و ووتاره به شێك بوو له کتێبی « ئیسلام و ناسیۆنالیزم » که له سالی ١٩٨٦ دا له مۆسکۆ بڵاوکرایه وه .

ووتاریکی ره خنه یی بیبلوگرافی باشیشی ده رباره ی میژوونووسیی رۆژئاوایی له باره ی ره وشی کوردی ئیرانه وه له سالی ١٩٨٩ له مۆسکۆ بلاوکرده وه .
ئه و وتاره ش به شیك بوو له کتیبی « هیستۆریۆ گرافی ئیران » . لیره دا زانینی زمانی ئینگلیزی و ئاگاداری و شاره زایی له سه رچاوه ئینگلیزیه کان که له سه ر کورد نووسراون یارمه تییه کی باشیان داوه له هه روه ها له باره ی کوردی دووره ولاته وه وتاریکی بلاوکرده وه ، له م وتاره یه دا رۆلی کوردی هه نده ران له به سه رده و پیشقه چوونی دۆزی گه له که یاندا هه لده سه نگینی .
خاتو ژیگالینا له هه ر دوو کۆنفرانسه زانستییه که ی مۆسکۆدا که له شوبات و نۆڤیمبه ری سالی ١٩٩٤ دا به ستران باسی پیشکه ش کرد .
مه هاباده وه یه و له ته واو بروون دابه. له کۆتاییدا ده بیٚ ئه و استییه بخریته پیش چاوی خوینه رانی کوردی به ریز که کوردناسانی رووسیا پیویستیان به هاریکاری زانستیانه ی رۆشنبیران و زانایانی کورد هه یه .
هیچ نه بیٚ هه ر که سی دانه یه ك دوو دانه له به رهه مه کانی خۆی بۆ کتیبخانه گشتییه کان بنیریٚ بۆ ئه وه ی کوردناسان بتوانن که لکی لیٚ وه رگرن و ئاگایان له بیرو بۆچوونی



له چه په وه - ئۆردیخانی جه لیل ، لازاریف ، خانوژیگالینه ( که به پیوه وه ستاوه ) . له کۆنفرانسی ٢٤-٢٥ نۆڤه مبه ری ١٩٩٤ دا له مۆسکۆ ، له کاتی پیشکه ش کردنی باسه که یدا . هه سرد تابان ....

شیکردنه وه و هه لسه نگاندنی ئه و به رهه مانه دا !
ژیگالینا وه کو نوسه ریکی چالاك ته نیها به لیکۆلینه وه و تۆژینه وه ی ئه کادیمییه وه خۆی نه به ستۆته وه ، به لکو گه لیٚ جار وتاری به پیزیشی بۆ رۆژنامه و گۆڤاره رۆشنبیریه گشتیه کان ده نوسی .
ته نها بۆ نمونه له رۆژنامه ی « گولۆسی کورده » ( ده نگی کورد ) چه ند وتاریکی له باره ی کۆماری مه هاباد ، تا سۆی چاره سه رکردنی دۆزی کورد ، میژوونووسیی بیانی له باره ی کوردی سۆڤیه ته وه و چه کی ئۆتۆماتیك خزایه سیاسه ته وه له سالانی ١٩٩١ - ١٩٩٣ ، تۆمارکرد .
له کۆنفراسی یه که مدا باسه که ی به نیوی « ئیران و کورد » بوو .
له کۆنفراسی مانگی نۆڤه مبه ریشدا که نوسه ری ئه م چه ند دیره ش به شداری تیایدا کرد ، خاتو ژیگالینا دوو باسی پیشکه شکرد . یه که میان به نیوی « ره وشی ئه مرۆی کورد ناسی » و دووه میشیان « کیشه ی کورد له کوردستانی رۆژهه لات » جگه له مانه ی باسمان لیوه کرد ، خاتو ژیگالینا گه لیٚ باس و ووتاری تری ئاماده و تۆمار کردوه ، هه ر وه ها سه رپه رشتی نامه ی دۆکتورای کاك شه ریف ده کا ، که کوردیکی رۆژهه لاتی کوردستانه . نامه دۆکتوراکه ی له باره ی کۆماری
نووسه رانی کورد هه بیٚ .
دوژمنانی کورد کتیبخانه کانی رووسیا و کۆماره کانی تری یه کیتی سۆڤیه تی پیشوویان له بیر و بۆچوونی گه نده ل و ره گه ز په رستی خۆیان پر کردوه ، له م بواره دا تورکیا هه ولیکی زۆر ده دا که چی کورد به و هه موو ده زگا « رۆشنبیری » و سیاسیه وه له به ر دژایه تی
هۆز و
خیل و
عیل و
بنه ماله ...................... هتد ،
ئاگای له و کارانه
هه ر نییه !!!

کوردستان له بیرمه که ، هاوولاتیانت له بیرت ناکه ن !

د. زاهیرسۆران

# ژن و ژنی ئاوس ، ڤایرۆسی HIV و ئایدز !

لـــه ٢٦ ی مارتی ١٩٨٦ دا پرۆڤیسۆر ( لۆك مۆنتاگنیر ) ی فه ره نسی له كۆتایی سیمپۆزیۆنیكی جیهانی دا له شاری لیسابۆنه ده رباره ی ئایدز له باسه كه یدا رایگه یاند كـه توانیویه تی ئه و ڤایرۆسه نـوێیه ی ده بێتـه هۆی نه خۆشی ئایدز بدۆزێته وه جیای بكاته وه و نێویشی ناوه ( LAV) باسه كه ی لـۆك به هاریكاری كۆمه ڵێك نۆژدار و باسـكاری ئینستـیتـوتی پـاستـیۆر لــه فه ره نسه ئه نجامدرابوو .

هه ر له وێدا پرۆفیسۆر ( رۆبرت گالۆ ) له ئینستیتوتی نه ته وه یی شیرپه نجه لــــه Bethsoda ی ئه مریكی رایگه یاند ، كـه ئه ویش ڤایرۆسێكی نوێی دۆزیوه ته وه و ناوی ناوه ( HTLV-111 ) .

له مانگی مای ١٩٨٦ لیژنه ی ناونانی رێكخراوی ته ندروستی جیهانی بڕیاری دا له بری هه ردوو ناوه كه و له بە ر ئه وه ی هه ردوو ڤایرۆسه كه له بنچینه دا یه ك ڤایرۆسن ناوه كان بـگۆڕن و یه ك ناوی جیهانی یان بۆ دابندرێ به ناوی ( HIV ) .

پاش ماوه یه كی تر ڤایرۆسێكی نوێ لـــه رۆژهه ڵاتی ئه فریقیا دۆزرایه وه كه زیده تر خزمایه تی له گه ڵ ڤایرۆسی (SIV) دا هه بوو به نـــاوی HIV-2 ، ڤـایرۆسی (HIV-3) جۆرێكی تایبه ته و به جۆرێكی نێـجیـریای نێو ده برێت . ماوه ی چه ند مانگێك له مه وبه ر فه ره نسه ییه كان رایان گه یاند كه توانیویانه ڤایرۆسێكی نوێی نزیك به HIV بدۆزنه وه و به هۆی تێستی جیاواز تره وه لـــه تێستی (ELISA) توانیویانه دژه ته نی دژ به ڤایرۆسه كه ده ستنیشان بكه ن به نـاوی ڤـایرۆسی HIV-0 .

ڤایرۆسی HIV سه ر به خێزانی Retrovirus ، له جۆری لێنتی ڤایرۆسه و هه ر چوار جۆره ڤایرۆسه كه ده بنه هۆی نه خۆشی ئـایـدز ئایدز . له ئه نجامی هه و كردن به به كێك له م ڤایرۆسانه ئۆرگانیسمی مرۆڤ چـه ند پرۆتینێكی تایبه ت كه پێیان ده وترێت دژه ته نی تایبه ت به و ڤایرۆسانه دروست ده كات و ده یان رژێنێته ناو خوێنه وه . له راستی دا له تاقیگه دا دژه ته نی دژ به ڤایرۆسه كه به لگه یه كه به ده ستمانه وه بۆ بـوونی ڤایرۆسه كه له له شدا و زۆرجاریش بۆ زیاتر دڵنیابوون تێستی Western blot به كار ده هێنرێت .

ئـه مرۆ ده توانرێت دژه ته نیّ ڤـایرۆسی HIV-2 ، HIV-1 ، له یه ك كاتدا به هۆی تێستی ELSA وه ده ستنیشان بـكرێت به لام HIV-0 به ریگایه كی تر ده ستنیشان ده كرێت .

ڤایرۆسی HIV-1 زێده تر له ڤایرۆسه كانی تر بلاوتره و رێژه ی بلاوی ده گاته 95‰% و هه موو جیهانی گرتۆته وه . ئه م ڤایرۆسه رۆژ به رۆژ له زیاد بوونایه ، بۆ نمونه له ساڵی ١٩٨٦دا له ئه مریكا ته نها ٢٧ هـــه زار ئایدزدار هه بوه ، له ساڵی ١٩٩٤دا ژماره ی ئایدزداران گه یشتونه ته ( ١ ) ملیۆن ، لـه یـــه كی جه نیوه ری ١٩٩٤ دا ژمـــاره ی تووشبوانی تۆماركراو به ڤایرۆسه كــه لــه ئه مریكادا به م جۆره بووه ( ١٤ هـــه زار منال ، ١٦٠ هه زار ژن ، ٩٦٣ هـــه زار پیاو ) و ژماره ی تووشبوانی تۆماركراویش له هه موو جیهاندا به م جۆره بووه :-

( ٢٠ ملیۆن و٢٥ هه زار گه وره و ٢ میلۆن و ٢٠٠ هه زار منداڵ ) .

تووشبوونی ژن به ڤایرۆسی HIV هـه روه ك رون و ئاشكرایه ڤایرۆسه كه تووشی هه ردوو ره گه زه كه ده بێت بیّ جیاوازی ته مه ن ، زمان ، ئاین ، وڵات .... هتد . له كۆتـایی ساڵی ١٩٩١ دا له ئاماریكی ( CDC) ئه مریكادا نیشاندراوه نزیكه ی ( ٢٢٠، ٢١ ) هه زار ژنی ئه مریكایی ئایدزدار هه بـوه . گه ر ئه م ژماره یه به راورد بكه ین لـه گه ڵ ئاماریكی ساڵی ١٩٨٥ دا كه ته نها 7% ی ژنان سێرۆ پۆزه تیڤ بوه و هه مان رێژه له ساڵی ١٩٩١ داگه یشتۆته 13% و بـــه رز بونه وه ی رێژه كه ش هۆیه كی ســـه ره كی مردنه به تایبه تی له ولایه تی نیـۆرك دا ، هه ر لـــه و ئاماره ده ستـنیشــان كراوه دا ته مه نی ئایدزداران لــــه نێوان ٢٥ -٤٤ ساڵاندا بووه ئه مه ش ئه و راستییه ده سه لمێنێت كه ژماره ی تووشبوان به ڤایرۆسه كه له نێوان ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٩١ دا زۆر زێدی كردوه .

## رێگاكانی تووشبونی ژن

### ١) رێگای زایه ندی

رێگایه كی ئاسایی یه ( هه موو جۆره كانی ) و ده بێته هۆی گواستنه وه ی ڤایرۆسه كه له پیاوێكی تووش بوه وه ( هۆمۆره گه زبـــاز ، هێترۆ ره گه زباز ) بۆ ژنێك ، یا له ژنێكه وه بۆ ژنێكی تر به هۆی خوێنی ( مانگه خوێن ) بێنوێژی یه وه .

### ٢) رێگای خوێن

* له رێگای ده رزی لێـدانی خوێنهێنـه ری به نگ كێشانه وه ( ئه و ژنانه ی مه ریوانـه و نزیكه كانی به ده رزی لێدان وه رده گرن ) یان دووباره به كارهێنانه وه ی ئه و ده رزیانه ی كه پێشتر به كارهێنراوه له نه خۆشێكی تردا بیّ ئه وه ی پاكژبكرێن .

* وه رگرتنی خوێنی هه وكردو به ڤایرۆسه كه ( راسته و خۆ بیّ ئه وه ی تێستی خوێنـه كه بكرێت) .

### ٣) رێگای چاندن

مه به ست له چاندنی ئۆرگانێك یان شله ی ناو له شه ( له یه كێكه وه به سه رزاره كی ســـاغ بێت و به لام له راستیدا هه ڵگری ڤایرۆسه بێت ) بدرێت به یه كێك كه پێویستی به و ئه ندامه یان ئه و شله یه هه یه ، وه ك : ( گورچیله ، دڵ ، سپێرم ..... هتد ) .

### نیشانه كانی هه وكردنه كه

ده ركه وتنی نیشانه كانی هه وكردن به ڤایرۆسه كه له نێوان ژن ، پیاو و منداڵدا جیاوازه . ئه و نیشانانه ی زووتر لــه ژنـــدا ده رده كـــه وی بریتین له كاندیده ی گوڵینك ، ئاوسانی گلاّنده لێمفاویه كان ، په یدابوونی گیروگرفت له كاتی بێنوێژی دا ، هه وكردنی تامێـسكی زاوزیّ و هه وكردنی به دوو جۆر باكتریای جیاواز .

رێكخراوی خۆپارساتن و كۆنترۆڵی نه خۆشییه كانی ئه مریكا ده ركه وتنی كاندیده له ژندا به نیشانه یه كی گرنگتر دا ده نێن وه ك لــه پیاودا، زۆرجار كاندیده ی سورێنچك له ژندا به رێژه ی 25% ده ست پێشكه ری ده كات و ده بێته هۆی ئه وه ی بتوانرێت زووتر هه وكردنه

که دەسنیشان بکرێت بەڵام لە پیاودا ئەو رێژە یە 13%ە یە . هەوکردنی تامیسکی ناسایی لە ژندا بە رێژەی لە 6% و لە پیاودا بە رێژەی لە 3% دا بە دی دەکرێت .

نیشانەکانی کاندیدەی سورێنچك لە ژن و پیاودا وەك یەکن بەڵام لە ژندا نیشانەی سەرەکی کاندیدە بریتییە لە گیروگرفت لە کاتی جوێن و خۆراك خواردنیشدا زۆر نازاراویە زۆرجاریش ناوپۆشی گوڵێنك تووشی کاندیدە دەبێت .

ئەو ژنانەی تووشی ڤایرۆسە کە دەبن مەترسی زۆریان لێدەکرێت تووشی هەوکردن یان تووشی شیرپەنجەی ملی زامـاڵ ببن بە دوو جۆر ڤایرۆسی پاپیلۆمی مرۆڤ (HPV) کە بریتین لە ( HPV 16 , HPV 18 )

شیرپەنجەی زاماڵ یەکێکە لە وتە خۆشیبانەی رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دایە و زێدە تر تووشی ژنە سیرۆ پۆزە تیڤەکـان دەبێت ، لەم بارەدا لیمفۆسیتە یاریدەدەرەکـان (VD4) ژمارە یان زۆرکەم دەبێتـەوە و جاری وا هەیە دەکەونە نێوان ( ٢٠٠ - ٥٠٠ ) دەوە .

هەوکردن بە تریهۆ مۆناس زۆر بڵاوە لە جیهاندا ، لە بەر بڵاوی هەوکردنەکەشە زۆرجار لە ژنی سیرۆ پۆزە تیڤ دا ئەم هەوکردنە ش بە دی دەکرێت و زۆر پێویستە بە زووترین کات بـە دەرمانی دژ بە فۆنج چارە بکرێت تـا ئاڵۆزکاری لە رارەوی هەوکردنی ڤایرۆسەکە دا روونەدات ، زۆرجاران توشبوان تـووشی هەوکردنی فەرەنگی دەبن و واتە لە یەك کاتدا نەخۆش توشی دوو هەوکردن دەبێت، زۆرجار بوونی هەردوو هەوکردنەکە دەبێتە هۆی هەژاندن و ئاڵۆزبوونی هەوکردنە کـە زۆرجاریش هەوکردنەکە بـە هـاویەشی دەبیندرێت ، ئەو ژنانەی سێریان پۆزە تیڤە و ئاوسن زۆر پێویستە تێستی (VDRL) ، تێستی پرهەستی لە دەرمانی پێنسیلین ، ئەمپێسیلین یان بۆ بکرێت لە بەر ئـەوەی ئەنجامدانی ئەو دوو تێستە بە سودی ئاوس دەگەرێتەوە و لـە کاتی پۆزە تیڤـی و پرهەستیێدا نۆژدار دڵنیا دەبێت تا لە گەڵ نەخۆشدا چ بڕیارێك بدەن . لە ئامارێکدا کە لە Island ی ئەمریکا نیشانەکانی ٢٠٠ ژنی سیێر پۆزە تیڤ ؛ بەم شێوە یە بوە :

- * ٧١١ بێـنیـشـانە
- * ٤٣ کاندیدەی گوڵێنك
- * ٧١ ئاوساوی گلاندە لیمفاویەکان
- * ١٥ هەوکردنی بکتریایی سیبەکان
- * ٨ هەوکردنی توندی ڤایرۆسی تر
- * ٧ سك چوون ماوەی ٤ هەفتە .

* * *

# هەوکردنی ژنی ئاوس بە HIV

لە گەڵ ئەوەشدا ئەمرۆ زێدە تر لە جاران پەی بە هێندێ لە نهێنی یەکانی هەوکردن بەم ڤایرۆسە براوە ، بەڵام بە داخەوە تـا ئێستە زۆر پرسیار لەم بوارە دا بێ وەڵام ماونەتەوە .

لەم ساڵانەی دوایی دا لە چەند ئاماریکی جیاجیا دا روون کراوەتەوە و دەرکەوتووە کە رێژەی ئاوسانی ئەمریکی لە 15% و رێژەی ئاوسانی ئەورووپای رۆژئاوایی لە 25% ە ، هەرچەندە ئەم دوو ئامارە لە زۆر رووەوە جیاوازن وەك ناوچە ، کۆمەڵگە ، نەریت و شارستانیەوە بەڵام هـەردوو رێژە جیاوازەکە لە یەك خـاڵی گرنـگـدا هاوبەشن ئەویش ئەوە یە زۆربەی ئاوسانی سیێرۆ پۆزە تیڤ لە هەردوو ئامارە کـەدا بێ نیشانە بوون ، هەر لە بـەر ئـەوە یە رێژەی ئەو پیزانەی کە دایکیان پۆزە تیڤە و تووشی ڤایرۆسەکە بوون بە لە 25% قە بڵێنراوە ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە پێویستە نۆژدرای گشتی یان بەشی منالبوون لە کاتی تیرۆانینی ئاوسدا تێستی HIV و نەخۆشییە درمیبەزایەندیبەکانی تری وەك فەرەنگی و سۆزەنك پشت گوێ نـەخات ، لە بەر ئەوەی لە دایکبوونی منداڵێکی تووشبو ، شێواو یا نـاتەواوی ئەقڵی و لەشی کارەساتێکی دڵ تەزین بۆ دایـك و بـاوك و سەرجەمی خێزان دەخوڵقێنێت .

هەروەها هەموو بەرمەمکانەیەکی دایك پۆزە تیڤ لە نەخۆشخانە کە یەکەم جـار خوێنی لێوەردەگیری بـۆ تێست کردنی دەبینین دژەتەنی بەرمەمکانەش پۆزە تیڤە لە بەر ئەوەی ( پیزە بۆ مسۆگەرکردنی پێویسیەکانی ژیانی رۆژانەی لە زامـاڵدا خۆراك لە وێلاشەوە وەردەگرێ کە ئەمیش لە پاشکۆی زامـاڵدایە ) ئەو خوێنەی لـە بەرمەمکانە وەردەگیرێ لە راستیدا دژە تەنی دایکی تیادایە ، ( لیمفۆ سیتـەکـان لێپرسراون بە رامبـەر گوا ستنـەوەی دژە تەنەکانی دایك هەر ئەمانیشن دەگەنە سوری خوێن ) لە بەر ئەوەی تـا بڕینی گوریسی ناوك پیزە بە دایکەوە بەستراوە و پەیوەندیەکی راستە خۆ لە نێوانیاندا هەیە پاش لە دایك بوونیش تا تەمەنی ١٢ مانگان دژە تەنی دایك هەر لە ناو خوێنی منداڵدا دەمێنێت ، بەڵام دژە تەنەکان تا تەمەنی ١٥ مانگان زێتر بڕ ناکەن و لە خوێنی ساوادا نامێننەوە ، لـە بـەر ئەوەی کۆئەندامی بەرگری سـاوا هێـدی هێدی دژە تەنی سەربەست دژ بـە ئەنتیجین ( ڤایرۆسەکە ) دروست دەکـات و کۆئەندامی بەرگری سـەربەخۆ دەکەوێتە کار تا مردن .

نابێت ئەو راستییەش لە بیر بکەین کە تا ئێستا بە راستی و زانستیانە روون نەکراوەتەوە لە چ تەمەنێکدا پیـزە تـووشی ڤایرۆسەکە دەبێت ، هەرچەندە هەندێ باس دەڵێن کە پیزە لە یەکەمین سێ مانـگدا تووش دەبێت ، بەڵام وا روون و ئاشکرایە لە ماوەی ٩ مانگدا هەردەم پیزە بـەر مەترسی تووشبونی ئەو ڤایرۆسە یە .

پاش ئەوەی ڤایرۆسەکە لە شیری دایـك جیاکرایەوە ، ئەو راستیە ئاشکرا بوو دایـك ( بەرمەمکانەی خۆی یان هی دایکانی تر ) لە رێگەی وەرگرتنی شیری دایکەوە بـە رێژەیەکی کەم تووشی ڤایرۆسکە دەکات ، بۆ ئەوەی بتوانرێت سنورێك بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە و نەهێشتنی تووش بوونی شیرە خۆرە دابنرێت ، لە ئەمریکا بڕیاردراوە بە هیچ جۆرێك دایکی سیرۆ پۆزە تیڤ بۆی نییە شیر بدات بە هیچ منداڵێك !

هەر کاتێك توانیمان دەستنیشانی پۆزە تیڤی ئاوس بکەین ئەوا زۆر پێویستە بتـوانین ژمارەی لیمفۆسیتە یاریدەدەرەکان بـزانین، لە بەر ئەوەی زۆر ئاوس هەن بێ نیشانەن و ژمارەی (CD4 ) یان لە سەروو ( ٥٠٠ ) دانەوەیە ، گەر ژمارەی (CD4) لە ژێر ( ٥٠٠ ) دانەوە بێت ئەوا دەتوانرێت دەرمانی ( Zidovudin) بە تووش بوو بدرێت ، گەر ژمارەی لیمفۆسیتە یاریدەدەرەکان لـە ژێر ( ٢٠٠ ) دانەوە بێت ئەوا پێویستە دەرمانی ( Zidovudin) و دەرمانی خۆپاراستن لە هەوکردنی سیبەکان بە (CPC) بە نەخۆش بدرێت .

# نەخۆشییە هەلپەرستەکان

پاش ئەوەی (CDC) پێناسەیەکی نـوێی بۆ نەخۆشی ئایدز دارشت لە بەر گرنگـی هەوکردنی سیبەکان بە (CPC) نەتوانرا دەستبەرداری ئەم هەوکردنە گرنگە ببێت و لە بەر ئـەوە بـرپـاردرا هەروەك خۆی بمێنێتەوە بە تایبەتی لە کاتی دەست نیشان کردنی ژنی ئایدزدار . بە کورتی سەرەکی ترین نەخۆشییە هەلپەرستەکان کە تووشی پـۆزە تیڤ و ئـایـدزدار دەبـن HIV ئەمانەن :

- * هەوکردنی سیبەکان PCP
- * کاندیدەی سورێنچك
- * بـڵاوبـونەوەی میکۆبـاکتریای ئاڤیۆم ( Mycobacterium avium) جۆرێـك بەکتریایە دەبێتە هۆی نەخۆشی سیل .
- * تامیسکی ناسایی لێو و پێست .
- * هەوکردن بە بـاکتریای Diplococcus

pneumoniae ,Haemophilus influe-nae ) لەژنە بەنگ کێشە ( بــە دەرزی مەریوانە و نزیکەکانی دەگــەنە نـــاو خوێنهێنەرەوە ) پۆزە تیڤە کاندا زێدە تر بەدی دەکرێت وەك لە هۆموۆرەگە زبازو هێترۆورەگە ز بازە نیرە کاندا .

* سارکۆمی کاپوسی لە 2% ی ژنـــان تووش دەبن ( پێشو تر وا دەزانرا تـــەنها تووشی هۆموۆرەگە زبازەکان دەبێت ).

* شیرپەنجەی سییەکان .

* شیرپەنجەی ملی زاماڵ .

کاتێك کۆئەندامی بەرگری لاواز دەبێت و ناتوانی بەرگری لە خۆی بکات ئەوسا ئەم نەخۆشییانە یەکێکیان یان چەند دانەکەیان هێدی هێدی دەردەکەون و دەبنە هــۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی رارەوی نـەخۆشییەکە ، هاوکات گیروگرفتیش دێتە ڕێی نۆژداریش لە کاتی چـارەسەرکردنــدا و هـەر ئـەم نەخۆشییانەش دەبنە هۆی سەرەکی مردنی ئایدزدار .

زاراوە جیهانییەکان

| | |
|---|---|
| LAV | Lymphadenopathy - associated virus |
| HTLV-111 | Human T ceel Lym photropic virus type -111 |
| CDC | Center for disease control |
| CPC | Pneumocysits carnii pneumonia |
| HPV | Human papilloma virus |
| VDRL | Veneral disease research laboratory |
| SIV | Simian immunodeficiancy virus |

سەرچاوەی ئامارەکان :

Global AIDS policy Coalition , Aids in the world vol 11 , Beta Sep .1994 . USA

## هەیاسی خاس

# هەیاسە لەئەورستان چباسە ؟

تەسبیحەکەی خڕاندو ، وتی :

– ئەو رۆژە برادەران کۆڕێکی گەورەیان بەستبوو ، پیاو راست بڵێ کۆڕەکە زۆر بەرێکوپێکی بەڕێوە دەچوو بەبێنەوەی کەس نۆرە بڕی کەس بکا یا کەس لە قسەی کەس هەڵبداتێ ،خوا نەخواستە قسەبەبرادەرێك ببڕێ ، دواییش دیاربوو ماندووبون ، ئەوجا دوو دوو، سێ سێ سەریان پێکەوە ناو، کەوتنە گفتوگۆ ، جارجارە قاقای پێکەنین و جارە جارە خۆزگە و بریا و هێندی جار هەڵکێشانی ئاخێکی پڕ لە حەسرەت سەرنجی برادەرانیان بۆ خۆ دەکێشا ، وەلێ ئەز دەمزانی کۆتایی ئەو بەزمەی بەچی دێ ، وا لێهاتووە پیاو ناوێرێ سەر بـەچ لایان دابکات چونکێ دەزانم ئاخری کەناگەنە هیچ دێنەوە سەر سەرو کۆتەلاکی من و لە کۆتایدا رووی پرسیارەکەیان هەردەمنی ماڵوێران دەکەن .

برا دەرێ ، وتی :

– خودێ هەیاس وا وێدە چێ پرسیاری ئەو جارە گەلەکی سەخڵەت کردوی !!

ئەوەی تریان ، وتی :

– لە هەیاسی مەترسن بەچ پرسیاران سەخڵەت نابێ !

برادەرێکی تر فەرموی :

– ئەگەر بمانزانیبا ئەو کۆڕە لەسەرچیبوو سەرەداوەکەمان لە دەست با ئیدی دەشـــمان زانی ئەو پرسیارە چۆنچۆنی بوە ! بۆیە من وا پێشنیار دەکەم خارە هەیاس بەکورتی پێمان بڵێ باسەکە بەگشتی دەربارەی چی بووە ، تا ئێمەش بزانین پرسیارەکە چ بوە !

– دەباشە ( برادەرێك ووتی ) خۆ خارە هەیاس لاری لەو پێشنیارە نیە ؟

– جا بەخودێ خارتان قەت لە پرسیاران هەڵنایێ !

کۆڕی برادەران تێکڕا وتیان دە مادام وایە فەرموو .

– بەکورتی و کوردی ، درێژەی نەدەینێ :

هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو
لەگەڵ ئەنفال و کیمیایی بــەدنـــاو
لـــەکلینکتنــەوە ، تـــاکو جیبۆتی
تـــاشەڕی نەگریسی یەکێتی و پارتی !

– هۆنراوەیە !! ( برادەرێك وتی ) باوکم بەخودای نەکەس وای بۆکورت دەکرێتەوە نـە ئەوهاش بۆی دەخرێتە کێش سەرواوە ! دە مادام وایە پرسیارەکەشیان هەر ئەوە بوە ! یەکێتی و پارتی یا پارتی و یەکێتی ، ئەو شەڕو بەزەمەیان لە سەر چی ؟؟

– دەمخۆش ، ئێستە نیمچە چامەیەکی تەواوە و لە هیچی کەم نیە ! پرسیارەکەی وانیش هەر ئەوە بوو، داخۆ ئەو شەڕەی پارتی و یەکێتی یایەکێتی و پارتی ........ چی لێناگۆڕێ، لەسەرچیبیە و هۆی سەرەکی چیبیە ، ئەوە زانیتان پرسیارەکە چیبە ، هێندەشی زیرەکی ناوێ چونکێ ئەورۆکە ئەو پرسیارە لە هەموو کۆڕوکۆبونەوەکدا دەکرێ ، گرنگ ئەوە یە وەڵامتان پێ بێ !!

برادەرێك ووتی :

– جا خارە هەیاس ئێمە گەر وەڵامان پێبوایە رومان لە تۆ نەدەکردو ، ئەو شەوحەتەمان نەدەهێنا گۆڕێ !

– بەخودای هەتا هەر یەکەو بۆچون و وەڵامی خۆی نەڵێ ، ئەز وەڵامی خۆمتان ناڵێمێ ، جا خۆتان سەرپشك بن .

کۆڕی برادەران یەك لەوی دی دەنۆڕی ، دوایی ناچار وتیان :

– باشە ئێمە هەر یەك وەڵامی خۆمان دەڵێن ، فەرموون با بەریز پێدابێن ............

کۆمەك و یارمەتیتان بــۆ کۆمیتە ، هاوکاری کردنە بــە براقی نیشتمانی کوردســتان
بەم ژمارە بانکگیرۆیەی
800024-12855719 PSP
Helsinki-FinLand
بــسپێرن

ئەو برادەرە ، وتی :

- ئەو فرتەنەی پارتی و یەکێتی لەسەر هیچ نیە چونکێ چ جیاوازی ئایدۆلۆژی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا نییە ، ئەو بەزمە لەسەر کورسییە ! خارەهەیاس چیت وت :

- ئەوە لە چلان یەك ! فەرموون ..........

- راستییەکەی هەراکە هەمووی لەسەر پارەیە ، ئەو دەڵێ گومرگی ئەم لاو ئەوەدی دەڵێ نەخێر ئەوی ئەملا !! خارهەیاس تۆ چ دەڵێی :

- ئەوە لە چلان دوو !! فەرموون ..........

- وای تێدەگەم ئەو بەزمە لە ململانیی کلتوریەوە داکەوت ، وەك بیستومە دەڵێن گوایە پارتی رەخنەی لەوە گرتووە چۆن دەبێ سەدوچلودوو هەزار دینار شاباشی شاعیرێك بکرێ بۆ ئەوەی شیعر بەسەر نەبەردییەکانی شەڕی خۆکوژیدا هەڵبڵێ ، بۆچ ئەو پارە یە پەیکەری شاعیرێکی وەك خانی پێ چاك نەکرابایەوە کە هەردەم بانگی تەبایی و یەکێتی کوردانی کردووە ، ئیدی لەو قسە یەك لەم قسە یەك ، خۆتان دەزانن باو باوی شیعری نوێیە گوایە شیعری کلاسیکی باوی نەماوە ئیدی بەزمەکە دەستیپێکردو سەری بەو فەرتەنە یەگەیشت !! خارە هەیاس تۆ دەڵێی چی :

- ئەوە لە چلان سێ !! دەی فەرموون : برادەرێك وتی :

- بابە ئەوە ئێوە چی دەڵێن ئەوە تا پارتی بەیانی دەرکردووە دەڵێ یەکێتی ئینقلابی شێوە دواکەوتوی لە هەولێر کردووە ، گوایە یەکێتیش وەڵامیداوەتەوە ، هەرچەندە من ئەوەی یەکێتیم نەدیوە ، بەڵام دەڵێن بەرپەرچی ئەوەی داوەتەوە کە ئەمەی ئەو کردویەتی ئینقلاب بێ ، بەڵام بەشێوەیەکی ناراستە خۆ زۆر داکۆکی کردووە لەوەی هەرچیەك بێ ئەوا لە شێوەدا دواکەوتوو نییە ؟ وا یە یا نا ، خارە هەیاس ؟؟

- دەی ئەوە لە چلان چوار !! فەرموون

- من وای تێدەگەم هەموو گیروگرفتەکە لەسەر ئەو فاکسەیە کە گەیشتۆتە هەولێر ، ئەوانەی هێشتا دەوێرن شتان بخوێننەوە دەڵێن گوایە لێی نوسرابوو ( ئەوە سەدوو حەفتاوپێنج هەزار مارکی ئەڵمانیمان دایە دەست ئەو کەسەی کە خۆتان دەستنیشانتان کردوە - ئیمزا کۆمەڵی دکتۆرانی بەرلین ) ، کەچی ئەو هەر پارەکە بزرە کابراش بنبوو بوە حکومەتی کوردستان بۆی نادۆزرێتەوە ،گوایە بەرلەمان چەند کۆبونەوەی بۆ کردوە ، کابرا بێسەروشونە ، ئیدی بوە بەهەراو هۆریا و لەسەر ئەوەی چۆن دەبێ کابرایەکی ئاوا چارشانە و گەورە و گران بەخۆ جانتایەك پارەوە لە حکومەتی کوردستان بزربێ خۆ هەر نەبێ دەبێ وێنەیەکی بڵاوبکرێتەوە تا هەر کەسێ دیتی و ناسییەوە بیداتەوە دەست حکومەت یا بەرلەمان ، هەولێریان سەروبن کردووە وێنەی ئەو کابرایەیان چەنگ نەکەوتووە ، دەڵێن گوایە لەوەتەی لە دەرەوەی کوردستانە یەکجار دیتراوە ئەویش لە فیستڤاڵەکەی لاوانی ساڵی ١٩٨٥ ی مۆسکۆ ، دەڵێن گوایە هونەرمەندێکی کوردی نەناسراو بەرێکەوت بینویەتی پۆرترێتێکی رووی کێشاوە ، دەمەتەقێ کێشاویەتە سەر ئەوەی ئایا دەکرێ ئەو جۆرە وێنە بکرێتە بەڵگەی بونی ئەو کابرایە یانا لەسەر ئەوە ئەو حکومەتەی هەر لە بنچینەوە دوولەت بوو گرمەی لێهەڵساوە و بۆتە تەقە !! خارە هەیاس چیت وت ؟

- ئەوەیان لەگەڵ ئەوەی چیرۆکێکی خۆشە بەڵام هەر لە چلان پێنج !!

بێ ئەنگو ناخۆش سیونۆمان تەواو کرد ، خارە هەیاس هەر ژماردی ، بێسودبوو. ئاخری وتمان خارە هەیاس چلکەی تەواوکە باشترە بەخودای ئەوەی تۆ پەی پێ دەبەی بە مێشکی ئێمە مانان دانایێ خۆ بەزۆر نیە . خارە هەیاس تەماشایەکی کردوو، وتی :

- بزانە کەستان بیرتان بۆی نەچوو ، ئەو بەزمە و هۆی سەرەکی ئەو هەرایە لەسەر ناوکە خورمایە !!

کۆڕی برادەران حەپەسان ، زاریان بستێك بەشکردەوە و لەیەکتریان دەنۆڕی چاویان لە مۆلەق وەستابوو ، دەت گوت هەزار ساڵە هەروا بێجوڵە وەك پەیکەرە کۆنەکانی یۆنان لەوناوە داندراون. زمانیان نەدەهاتە گۆ ، تا خارە هەیاس لێبراخوڕین ، کوڕە ئێوە لایخۆ خۆ بەپیاو دەزانن بۆچ وا کەڕو لاڵ بون و متەقتان لە خۆ بڕی ! گارسۆنی بانگ کرد و داوای کرد هەریەکەو پەرداخێك ئاوی پرتەقاڵیان بۆبێنێ،تا بەهۆشخۆ بێنەوە ، چابوو مۆتەکە بەریدان و دەمیان کرایەوە

- خارە هەیاس شتێکی وات وت بەراستی هەرکەسێکی تر با لەجێ مەدڵی دەوەستا باشەوەرە تێمان بگەینە ئەتەوەیەك چۆن ئەوها لەسەر ناوکە خورمایەکی دەست دەخاتە خوێنی خۆی ؟؟

- هەموو لەبیرتانە کاتی نوێنەرانی بەرەدەستەلە ملانی سەدام بوون ؟برادەران تێکرا وتیان : جا خارە هەیاس خۆ ئەم کارە ساتە هێندە لەمێژنییە ، تا لەبیر بچێتەوە !!

- راستە ئەوە بوو جاری یەکەم چەند سەرێکی بەرە بەدیداری سەدام شاد بوون ، دواتر سەرۆکی بەرەش خۆی چووە دیداری سەدام ، لەو دیدارانەدا بەگوێرەی دەستوری میوانداری کۆشکی سەدام ، پەرداخێك ماستاو دەنکە خورمایەك بە میوان رەوا دەبینرێت ، وەلێ چونکێ میوانەکان شیمالی بوون و خۆیان ماستاوچی باش و وەستای ماست و ماستاوانن ، بۆیە لە دەنکە خورما بەولاوە هیچی تری پێڕەوا نەدیبون . جا گرنگی ئەو دەنکە خورمایە لەوەدایە لەوێ رۆژیوە سەرانیبەرە گەڕانەوە کوردستان هەڵاو بگرە و بەردەیانە لەسەر ئەو دەنکە خورمایە ، مام جەلال دەڵێ دەنکە خورماکەی ئەو ناوکی تێدا نەبووە ، یانی بێناوك بووە ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەدوای هەردوو جەنگی کەنداو نەك هەر تەنیا باری رامیاری بەلکو باری جوگرافی و سروشتیش لە ناوچەکەدا گۆڕاوە ، بەڵگەش ئەوەتا خورمای ئەو سەردەمە بێناوکە !! کاك مەسعودیش بەرپەرچی ئەو بۆچونە دەداتەوە دەڵێ ئەمە وانییە و دەنکە خورماکەی ئەو نەك هەر ناوکدار بووە بەلکو ناوکێکی زێدە گەورەشی تێدابووە ، ئەوەتا لەسەر ناوکە خورما لێیان بوە بەهەرا !!

- باشە خارە هەیاس ئەی ئەوانەی لەگەڵیان بوون رایان چیە ؟ ( برادەرێك پرسی )

- نێچیروان دەڵێ دەنکە خورما لەزاری مام جەلال بووە ، خۆ لەدەمی من دا نەبووە تا بزانم ناوکی هەبووە یانا کێ دەڵێ مام جەلال ناوکەکەشی قوت نەداوە !! ئەوەی تریان بەردەوام خۆی لە وەڵام دانەوە دەدزێتەوە و دەڵێ ئەوە گیروگرفتی نێوان مام جەلال و کاك مەسعودە ، بۆمن نەهاتووە خۆ تێهەڵقورتێنم ، کاك رەسولیش دەڵێ پیاو نازانی چی بڵێ من بێلایەنم بەڵام ئەوەندەی دەڵێم قسەکەی نێچیروان رێی تێدەچێ ، هەرچی هاوولاتیانی کوردستانیشن هەر لە گچکەی هەتا گەورەی دەڵێن باوکم بەو شتانە هەڵمەخەڵەتێن ئەوە فیتی سەدامە ، خۆ ناوکە خورما پێشەسازی ئەتۆم و بۆمبی ناوکی نییە ، تا سەدام پەی پێنەبا ئەو بیژییە هەر لە منالییەوە بەوفرو فێڵانە فرچکی گوراوە ئێوە بۆ بەفیتی ئەو هەتیوە دەستخەڕۆ دەبن ، هەرتەماشایەکی پیرەدارگوێزی خۆمان بکەن ئەگەر هەمووی پوچ بوو دیارە یەکتان راستدەکەن ، دەنا ئەمە باشترین بەڵگەیە کە سەدام فێڵی لێکردون ، بێسودە و گوێ لەقسەی کەس ناگرن ، رۆژنامەی رۆیتەریش کەوتۆتە ناوەوە ، لە مام جەلالی پرسیوە ، بەڵگەی چییە کە ئەو دەنکە خورمایە بێناوك بووە ، مام جەلال وەڵامی داوەتەوە ، فەرموون هەرچی باخەڵم هەیە بگەڕێن ، ئەگەر ناوکە خورمایەکتان دۆزیەوە کاك مەسعود حەقە . گەرەنتیش دەدەم هەتا پەنجا ساڵی تریش گەر یەك دارخورما لە ناوچەی سۆران رووا ئەوە هەر من تاوانبارم ، وەرن یەخەی من بگرن، جا بەبۆچونی یەکێتی پارتی نەك هەر لەدەستی دێ ناوکە خورمایەك لە ناوچەی

3 و 2

عه تاقه ره داغی

# خوێندنه وه ی مێژوی ئه زموونی شکست له شیعری { په ریزاد و گوڵه که ی دوژمنی } شێرکۆبێکه س دا

## 2

به دوای ئه م پێشه که ش کردنه دا ( من ) به رجه سته ی دۆخی ته نهایی خۆی ده کات ، که له ده ره وه ی ( من ) به ناراسته یه ك كاری نه کردووه به ره و ژیاندنه وه ی ( من ) یان ده رکردنی له دۆخی ته نهایی فه راهم بکات .
( من ) هه ر هه ولێك ده دات ناتوانێت له جێگای خۆی بجوڵێت و هه نگاوێکی به ره و زیندوبوونه وه یا ده ربازبون له باری وه ستاوی خۆی بنێت .
ئه م باری هه ست به ناکرده ییه ده یگه یه نێته ئاستێك خۆی به ( پرۆژه ی شه رمه زارییه کی هه میشه یی بزانێت ) ، ئـالێره وه ( من ) سه رنجی ئاماده بوونی ئێستایی و رابردوشی ده دات ، کاره ساتی نا ئاماده بوون ده بێته هۆکارێك کـه به شه رمه زارییه وه سه یری مێژوی خۆیی پێبکات ، نمونه یه ك که سیمبولێکی نێگه تیڤه له به رامبه ر هه موو ده ره وه ی خۆیداو دۆخێکی دزێوه ، ده بێته هۆی دروستکردنی بارێکی تێڕامان ، لێره وه دوو رووی لێکدانه وه بۆ دۆخی هه ست به نا ئاماده یی کردن دێته پێشه وه ، یان ( من ) له به ر ئه و شکسته درێژخایه نه ی کـه توانای خودبنیادنانـه وه ی نه بووه به درێژایی مێژوی ئێمه ، له به رامبه ر ده ره وه ی خۆیدا ( بـه رابه ر ئه وانی دی ) هه ست به شه رمه زاری خۆی ده کات ، یان ئه وه تا خۆی ده بێته شه رمه زارییه ك بـۆ هه موو ده ره وه ی خۆی که هێشتا ده ره وه( سروشت، دنیا ، گه ردون ) بوار ناده ن خودی شـکست و ناکرده و نا ئاماده یی ئاماده بوونی خۆی بسه لمێنێت ، ئه ویش لـه ئه نجامی به ناکام گه یاندنی پرۆسه ی بنیادنانه وه وه .

## 3

( من ) ی بکه ر له هه ندێ شوێندا ( په ریزاد ) ده کاته که سی سێیه م و ئه لته رناتیڤێکی بۆ ده دۆزێته وه و ده یکاته که سی دووه می ئاماده له به رابه ر خودی بکه ری سینتاکسیدا ، سه ره تا ( من ) له شێوازی گێڕانه وه دا دۆخه که پێشه که ش ده کات ، به واتا ( من ) له ساته وه ختی گێڕانه وه دا ( په ریزاد ) بنبوو ( غائیب ) ده کات ، گه رچی ئه و بنبووکردنه ناتوانێت بگاته ئاستی بنبووبوونی مینۆکی چونکه راسته خۆ(په ریزاد ) به گوێره ی ( من ) له رووی سایکۆلۆژییه وه هه ردد م ئاماده یه ، ئه مه ش باری بووند بکه ری سایکۆلۆژی بـه ( په ریزاد ) ده به خشێت ، که له م باره یاندا ( من ) رۆڵی بـه رکار ده بینێ که که وتوته ژێر رکێفی ده سه ڵاتی په ریزاده وه .
له ساته وه ختێکی وادا ( من ) بارێکی گواستنه وه دروستده کات ، باری مێژو و شارستانییه کی ئاماده ، که مێژو و شـارستانییه تی ئه وروپییه و ده یه وێت له رووی پێبه خشینی کۆمه ڵـێ سپوتی گه شه وه ئاماده بوونی ئه م شارستانییه ته به رامبه ر نا ئـاماده بوونی ئێمه دا بسه لمێنێت .

له م کاته دا ( من ) له شاری ( ڤێنیسا ) دا خۆی پێشکه شده کات ، ( کات ) رابردووه ( من ) له نێو جوگرافیای ئه و شاره دا که ئه ڤینی ( مانگه شه و و ئاوه ) لـه پێدانی کۆمه ڵـێ سپوتی پۆزه تیڤ بۆ ( ڤێنیسا ) واته شارستانی خۆرئاوا مه زنی و زیندویی و ئاماده بوونی ( ئه و ی ) ده سه لمێنێ ، ( مانگه شه و ، ئا و ) پێزانه ی کاتێکی ناسراو ئاشکرا و زیندوبوونه وه و خاوێن بوونـه وه هه ڵده گرێت ، لێره شه وه ( ڤێنیسا له دوو رووه وه گرنگێتی خـۆی ده سه لمێنێت ، یه که میان ( ڤێنیسیا ) ده بێته زه مینه ی ئـاماده کردنی شارستانییه کی زیندوو ، دووه م ( گه زنـه فۆن ) لـه چه قی ئه و شارستانیێته وه هاتووه و لێره که سێتی ( من - نه ته وه ) ی تێکشکاندووه ، له هه ر دوو باره که دا پێزانـه ی ئاماده بوون و پراکتیکی ( ئه وی ) له گه ڵ نـا ئاماده بوون و نا پراکتیکی ( ئێره ) دا ده رده که وێت .
له م باره شدا ( من ) وه کو خودی شاعیر به کاریگه ری شیعره کانی کچێك ( لـه وی ) ده بێته هاورێی ، لێره شدا شیعر په یوه سته به خودی شێرکۆ وه کو تاکی داهێنه ر ، ئه نجامی پراکتیك کردنییه تی و ئاماد ه بوونی ده سه لمێنن ، هه ر ئه و ئاماده بونه ش که ئه نجامی پراکتیك کردنه که یه ده یگه یه نێته ئاستی دروستکردنی په یوه ندی له گه ڵ ( ئه و= کچه ی ڤێنیسی) له پانتایی مێژوی ئه وروپادا که مێژویه کی خاوه ن ناسنامه یه و ئه سته مه تاکی خۆرهه ڵاتی بتوانێت جێگه ی خۆی تێدا بکاته وه ئه مه ش ئه وه به رجه سته ده کات که خودی شێرکۆ وه کو تـاك ( تاکی خاوه ن پراکتیك = به رهه مهێنی شیعر ( داهێنان ) توانیویه تی له پانتایی ئه و مێژوه خاوه ن ناسنامه یه شدا هاورێ و هاوشان بدۆزێته وه ، به واتا شێرکۆ وه کو تاکێکی داهێنه ر به ناسنامه ی داهێنانه وه ده توانێ لـه پانتایی ئه و شارستانێتی یه دا ئاماده بوونی خۆی بسه لمێنێت .
( من ) وه کو خودی شاعیر پرسیار به رزده کاته وه به رابه ر به کچه ، به ڵام کچه قه واره یه کی گه وره تر له خودی خۆی لـه به رابه ر ( من ) دا ئاماده ده کات ، قه واره و ناسنامه و شارستانیه که ی پێشکه شده کات ( ئه مه ش ئه و پێزانه هه ڵده گرێت کاتی کچه خاوه نی ئاماده بوونی نه ته وه یی ومێژویی و شارستانیه تی هۆشی به رهه مهێناوه ، پێویستی بـه ناسنامه ی تایبه تی خـۆی نیه چونکه ئاماده بوونی ئه م له ئاماده بوونی ئه و قه واره و ناسنامه دایه ، ئه وه تا ده ڵێت ( خه ڵکی نیشتمانی هونه رم و باوکم ناوی شیعره و دایکم ناوی مۆسیقایه ).
( من ) ساتێکی کورتی مێژوو له گه ڵ ( ئه لیزابێت ) دا بـه سه رده با ، ئه و ( ئه لیزابێت ) و ( من ) ی شاعیر ئافرێندراوی دوو شارستانی ، دوو مێژوو ، دوو سیۆسیۆلۆژیای جیاوازن ، ( ئه و ) ی پانتایی شارستانیه کی پێشـکه وتـوو خـاوه ن

بون ، ( من ) ی نێو کەلاوەی خۆرهەڵات و کوردستانی پەراوێزی خۆرهەڵات و نائامادە لە رووی دەرەوە و ئەوانی دیدا ، ( من ) تەنها وەکو ( تاك ) ئامادە بوونی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەویش بەکاریگەری ئامادە بوونی لە رووی داهێنانەوە ، داهێنان دۆخێکی تاکرەوییە بۆیە دەشێ سەرباری نائامادە بوونی ئێمە لەسەر ئاستی نەتەوە و مێژوو ، شێرکۆ وەکو تاك بگەیەنێتە ئاستی ئامادە بوونی تاکی هۆشیاری خاوەن بونی ئەورووپی .

دواجار ( من ) و کچە ڤێنیسی پێکەوە گەشتێکی ئاسوودەیی دەکەن و ئەڤینامە دەخوێننەوە تا ئەنجام بە یەکەوە فاڵ دەگرنەوە ، سەرنجی کتێبی جۆراوجور دەدەن ، لە یەك ساتەوەختدا ، سێ مێژوو ، سێ زەمینەی لە رووی بەرهەمی هۆشی ئەو سێ پانتاییەوە دەهێننە پێشێ ، کە ئەمەش پێزانەی بەراوردکردن لە رووی ئامادە بوون و نائامادە بوونەوە هەڵدەگرێ { تەماشای کتێبەکانی ( ماو ) و ( قەزافی ) و ( جان جاك رۆسۆ ) مان دەکرد } خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ئەفریقیا ، یان بە دابەشکردنێکی تر ( ناوەند و کەنار ) ئەورووپای ( ناوەند ) شارستانیەتی و کەناری پەراوێزی خێڵایەتی دواکەوتوو نائامادە ، لەوێ لە نێوەندی شارستانی ئەورووپادا هۆش و داهێنان لە دایکدەبێ و لە مێژە ئامادە بوونی سەلماندووە ، لێرەشش لە ( کەنار ) ی دواکەوتوودا ، کۆیلەتی و بەدوا رۆیشتنی ناسروشتیانەی بەرهەمی هۆشی ئەوێ ( ئەورووپا ) دروستدەبێ ، لە هەمانکاتدا دۆخی نادروستی گواستنەوەی بەرهەمی ئەو هۆشە لە بەر لاوازی بنیادی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریمان سۆپەرمان دروست دەکات ( ماوء قەزافی ) ، بەڵام لەوێ ( رۆسۆ ) دروستدەکات کە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و کاری هۆش و هزر پێشکەشدەکات ، ئەمە لە لایەك . لە لایەکی دی پێزانەی فاڵگرتنەوە بە ئاشکرا خودسپاردن بە { نادیار - غەیبانیەت } و تەراوێلکەی چاوەڕوان کردنی بێهودە بەرهەمدێنێت .

( من ) تەنانەت لەو ساتەوەختەشدا کە توانیویەتی ببێتە هاوڕێی کچە ڤێنسییەکە واتە دوای سەلماندنی خود و هاوشانی و خود بە ئەندازە گرتنی هێشتا هەر ئاسوودە نەبووە ، بەڵکو مەرگ وەك مۆتەکە خۆیداوە بەسەریدا ، ئەمەش ئەو پێزانە بەرهەمدێنێت کە لە نەستی ( من ) دا پرۆسەی تێکشاندن وکاریگەریەکانی جێیان گرتووە و هەموو ساتێ بە ئاگای دێننەوە ( تۆ قەوارەیەکی تێکشکاوی ، تۆ نیت ) بۆیە لەو ساتەنەشدا دەگەڕێتەوە سەر ئاستی سروشتی خۆیی و هێلی تەماهی کردنی لەگەڵ ئەو بارەدا دەبڕێت و پێی وایە مادەم لە بنەڕەتەوە خاوەن ناسنامە و توانای پراکتیك و خودنمایشی کردنی نییە بۆ دەرەوە ، ئەگەر لە دەروازەیەکی ( باری تاکییەتی و پرۆسەی داهێنان ) توانی خودی خۆی بسەلمێنێت ، ناشێ ئەو خود سەلماندنە لە پانتایی ئەوێدا و هەتا هەتایە بمێنێتەوە . { ئەو کاتانەش لە بەلەمێکی سەرەونخون ئەچووم } . بەڵام ( ئەلزابێت ) واتە ئەوێ دەستبەرداری نابێت ، لە پرۆسە جولەیەکدا ( شوێنێکی ) بۆ ئامادە دەکات و لە رووی ئەو ئاوەڵناوانەی ئادگاری ئەو شوێنە و ( من ) پێکەوە پێدەکات ، دەیەوێت بەرجەستەی باری ( پۆزەتیڤی ) شوێنەکە بکات کە بەشێکە لەو زەمینە جوگرافییەی کە لە ساتەوەختێکی مێژوودا شارستانی ئەورووپی تێدا لە دایکبوو و تاوەکو ئێستەش ئامادەیە و لەبەرەوستاندایە ، ( من ) لە پانتایی ئەو زەمینەدا { شوێن } سیما دیارەکان دەناسێتەوە ، لێرەدا گەوهەری پەیوەندییە کە پەیوەستی توانای داهێنانی ( من ) ە وەکو خودی شاعیر کە ریگای ئەو خودسەلماندنەی لەبەردەمدا دەکاتەوە ، واتە هۆکاری پەیوەست بوون لە نێوان ( من ) ی خۆرهەڵاتی و ( بگرە پەریزادی خۆرهەڵاتی )ی خاوەن شکستی ( کۆیی ) و( ئەوانی ) خاوەن کەسێتی ئامادە لە رووی ( تاك ) و ( کۆمەڵەوە ) تەنها ( داهێنانە ) واتە بەرهەمی ساتەکانی پراکتیك کردن ، لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت : مادەم ( من ) ی بکەری شیعرەکە ( خودی شاعیر ) پراکتیکی لە بواری داهێناندا کردوە وەکو ( تاك ) بونی خۆی لە ئاستی ئەوانی داهێنەردا . لە لایەك و خاوەن ئامادە بونی مێژوویی و سیۆسیۆلۆژی لە لایەکی دییەوە دەسەلمێنێت ، بەڵام لێرەدا بارێکی تر بەرجەستە دەبێت گەرچی کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەو پێك گەیشتنە لە نێوان( من ) واتە خودی شاعیر و { دانتی ، دۆستۆفسکی ، ڤانکۆخ ، بێتهۆڤن و لۆرکا } دا پراکتیك کردنی بواری داهێنانە ، بەڵام ( من ) لە بەردەمی ئەواندا بێدەنگ دەبێ { وەك مەلێکی ترساو لەسەر کورسییەك هەڵکوڕمام ، من هەر گوێگربووم ، گوێگر } ئەمەش دوو پێزانە بەرهەمدێنێت یان ئەوەتا ( من ) وەکو خودی شاعیر لە ئاستی ئەو داهێنەرانەدا خۆ بە نزم دەزانی ، کە ئەمەیان لە رووی واتای داهێنانی شێرکۆوە لە ئاستی ئەواندا دەبێتە پێزانەیەکی لاواز ، یان ئەوە تا هەمان شێوەی ئەوان داهێنەرە بەڵام کاریگەری شکست و جێگیربوونی لە نەستی شاعیردا لە هەمانکاتدا نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کە هۆی سەرەکییە بۆ سەلماندنی کەسێتی ( تاك ) بواری پراکتیك کردن و خۆنواندنی خود بۆ دەرەوەی تەنگکردۆتەوە .

بەڵام پێزانەی قوڵتری ئەم دۆخە ئەوەیە کە شارستانییەتی ئیفلیجی خۆرهەڵات ناتوانێت لە رووی شارستانییەتی خاوەن ناسنامە و ئامادەی خۆرئاوادا بوونی خۆی بسەلمێنێت .

سەرەرای ئەم لێکدانەوانە دۆخێکی گەلێك گرنگتر لە کۆکردنەوەی داهێنەرانی چەند مێژوویەکی جیاواز لە یەك ساتەوەختدا دەردەکەوێت ، ئەویشیان ئەمەیە :

داهێنان پەیوەستی رەوتی کرۆنۆلۆژیکانەی مێژوو نییە ، بەڵکو پرۆسەی داهێنان لە هەموو ساتەوەختێکدا لەگەڵ هەر ئەوەیەکدا بەراورد بکرێت ئەو ئامادەیی خۆی دەسەلمێنێت و دەشێ لە ساتەوەختێکدا پێکەوە مامەلە لەگەڵ داهێنەرانی مێژووە جیاوازەکاندا بکرێت .

لە لایەکی ترەوە ( من ) تایبەتیبەتی شتێتی ( التشیئ ) دەداتە خۆیی و خۆی لە تەك ( گوڵدانێکدا ) هاوشان دەکات و سپوتی ( گوڵدان ) ە کە ، لە باری یەکەمدا جێگیری و نەدواندن دەداتە خۆی ، ئەمەشە پێزانەی نائامادە بوونی ( من ) کە لە سنورێکی بەر فراوانتردا نەتەوە دەگرێتەوە .

( من ) راستەوخۆ دان بە ئاستی توانا و هەڵوێستی خۆیدا دەنێت و لەوێوە هەست بە نائامادە بوونی خوی دەکات، دەزانی ( ئەم ) لە رووی ( ئەوان ) دا دەبێ گوێگربێت ، چونکە شکاندنی سنورەکانی بێدەنگی لە ئەنجامی ئامادە بوونی هۆش و زانینەوە بەرجەستە دەبێت ، بە واتایەکی دی ( من ) کاتێ دەتوانێ بدوێ کە توانای دروستکردنی پرسیاری لە سنوری ئەو بازنەیەدا هەبێت کە بازنەی داهێنانە و هۆش و زانین فاکتەری ئافراندنین .

مادەم لێرەدا پەیوەست بە ( تاك ) ی خۆرهەڵاتی ( خودی بکەری شیعرکە ) ئەو بنەمایانە ئامادە نین کە واتە پرسیار دروستکردنیش بوارێکی نەڕەخساوە .

هەر بۆیە ( من ) وەکو خودی بکەری شیعرەکە لە بەر ئەوەی نابێتە خاوەن پرسیار واتە پراکتیك ناکات ، بۆیە ( من ) ی بکەر کە خودی شێرکۆیە دەگەڕێتەوە بۆ نێو پێستەی راستەقینەی خۆی بێ هیچ سانسۆرێك بەڕەهایی دەربارەی خۆی و پراکتیکەکانی دەدوێ ، دیارە روویەڕووبونەوەشی بەو هەڵوێستە { شارستانی خۆرئاوا } ئەو بیرۆکەی لا بنبەست دەکات { زانیم هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم ، شیعرم ئازارداوە ، تەنکاوم خوێندوتەوە ، روانینم هەر

ئەوەندەی ، چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیوە } ئێستا ( من ) ی بکەر دەرك بەوە دەکات کە شیعر یەکڕوانین ، یەکئاراستە ، یەکدیدو بۆچون ، یەکگوتارنییە ، ئەوپانتاییەی شیعری ( من ) کاری تێداکردووە پانتاییەکی تەسك و روکەشە ( تەنکاو ) ە ، کە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا بریتییە لە ئیشکردن لە پانتایی رامیاری و مێژودا یان بەواتایەکی دی جولانە لەنێو سنوری ئایدۆلۆژیادا .

بەگوێرەی بەرهەمهێنانی شیعریەت ئەم پانتاییە تەنکاوە ، چونکە ئایدۆلۆژیا پانتاییەکە وەلامی ئامادەی تێدایە نەك پرسیار ، بەلام شیعریەت لە دروستکردنی پرسیار بەرهەمدێت ، کاتێ خودی شاعیر هەست دەکات { تەنکاوی خوێندوتەوە و شیعری ئازارداوە } دەزانێت شیعر بانی پرسیار ئافراندن ، نەك خودسپاردن بەنیابی وەلامی ئامادە کە ئایدۆلۆژیا سنوری بۆ دابڕیوە ، بەواتایەکی دی ( من ) دەرك بەوە دەکات کە ناشێ شیعر لە پانتاییەکی سنوردابڕاودا گیر بخوات ، تەنانەت ( من ) لای وایە کە روانینی { بەقەد چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیوە } ئەمەش پێزانەی ناکردەیی و تەسکەمەودای جیهانبینی لەو سنورەدا بەرجەستە دەکات ، گەرچی لەروویەکی تردەوە { روانینی شێرکۆ } وەکو جیهانبینی شیعری پەیوەست بە پانتایی سیۆسیۆلۆژی و مێژوویی ئێمە گەلێك لە پێش روانین و جیهانبینی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد و کۆهۆشی مرۆڤی کوردە ! بەلام کاتێ خۆی دەگەڵ دەرەوەی خۆی و ( ئەوان ) ی تردا بەراورد دەکات ، ئەوا خۆی گەلێك لە خواروتردا دەبینێ ، ئەمەش والاکردنی دەروازە کردنەوەیە بەرووی ئەزموونی شکستدا ، ئەزموونێ کە تێیدا هەست بە نائامادەیی و ناکردەیی خود دەکرێت .

لێرەوە شێرکۆ سنورەکانی ئەزموون و گوتاری مانەوە بە جێدێلی و لە سنوری نیابی ئامادە ( کە پانتایی رامیاری بێدروستکردنی هیچ پرسیار پێشکەشدەکات ) دەچێتە دەرەوە ئێستا ( من ) دەرك بەشکستی نەتەوە دەکات و لە روانین و رامان لەو شکستەی کە تراژیدیای درێژخایەنی تێکشکاندنی کەسێتی ئێمەیە هێل و ئاراستەیەکی نوێ بۆ خولقاندنی ئەزموونێکی نوێ دەدۆزێتەوە.

هەستکردن بە نائامادەبوون و ناکردەیی ( من ) دەگەڕێتەوە بۆ تێڕامان لە ( ماهیەت و هەنیبی هۆش - کە ینوندەی عەقل ) و پێی وایە کارەساتی عەقل گەلێك گەورەیە ، ئەمەش ئەو پێزانە بەرهەمدێنێت کە ( بوون / نەبوون / ، کردە / ناکردە ، سەلماندنی خود / نەسەلماندنی ، ئامادەبوون / ئامادەنەبوون ) پەیوەستی ئیشکردنی هۆشن . ( یەکڕوانگەیی و یەکدیدوبۆچوون وەمەلەکردن لە تەنکاودا و بوونە گوێگر ) پێزانەی نائامادەبوونی ئێمەن لەرووی هۆشەوە نەك هۆش بە مانا بایۆلۆژییەکەی بەلکو هۆش بە مانای هۆشەکی و بەرهەمهێنەری هزر و زانین و تیرۆزەکردنی ئەو هۆشەکییە و پەڕینەوە لە سنوری ( نادیار - غەیبیانیەت ) .

کاتێ (من ) دووچاری کارەساتی هۆش دەبێ ، بەرەو خوردبوونەوە و تێڕامان دەچێت لە ئەنجامدا هەست بەکەمنمودی و نائامادەبوون و شکست دەکات و لە سەر ئەو زەمینەیەش وا زەندەکات کە بەرهەمی پراکتیکەکانی ئافراندن ( داهێنان ) دەمرێت . ئەم کارەساتەش وەهای لێ دەکات کە نەك هەر شکست و نائامادەبوونی خۆی بە کارەساتی هۆش بزانێت ، بەلکو وا خۆی پێشکەش دەکات کە ( ئەم ) لە ئەنجامی پرۆسەی کارەسات دروستکارەوە پەیدابووە ، واتە ئافرێنەر ، لێرەدا و لەم روانگەوە خودی ( کارەساتە ) کانە ، کارەساتیش لە ئەنجامی ( بیری زرڕو نەزۆك ) ی ( من ) دا واتە خودی نەتەوەیی ئێمە دروستبوە .

کەواتە ئێستا دەتوانین بلێین کاتی خودی ( من ) لە ئەنجامی کاردساتدا تێکشکاوە چیتر ( من ) نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ( هزرێك ) ی خاوەن بەرهەم ، یا بەشێوەیەکی دی کاتێ ( من ) خاوەنی ( هزرێك ) ی نەزۆك بووە نەیتوانیوە بەرەنگاری رووداوەکان بکات و تێکەشکێت { من کوڕی کارەساتم و کارەساتیش کوڕی ئەم هزرە زرڕو نەزۆکەمە ! } . ئەم دۆخە جووت جەمسەرییەش لە سنوری جوگرافیای مێژوی ئێمەدا بۆتە دۆخێکی هەمیشە ئامادە وخودی ( من ) کە بریتییە لە نەتەوە تاکو ساتەوەختی ئێستا توانای لێ دەربازبوونی نەبووە .

( من ) ی بکەر ( ئەلێزابێت ) دەخاتە دۆخی بنبونەوە ( پەریزاد ) دەهێنێتەوە نێو پرۆسەی گفتوگۆکردن ، هەمان شێوەی پێشتر وێنەکانی ( شکست ) بەرجەستە دەکاتەوە کە سەرجەم ناکردەیی و نەتوانینی خود سەلماندن لە بەرامبەر ( دەرەوە ) دا دەنوێنێ . تا ئەو ساتەی دەگاتە :

{ من قەلغانی مێژووی لە دەست پەڕیو و
شمشێری نوشتاوەت !
من بکوژی هەموو ئەو روبارانەم
کە لە سەرچاوەی خوێنی تۆوە هەلقولێن }

لێرەدا قەوارەی ( من ) لە رووی پراکتیکەوە گەورەتر دەبێت ، بەلام پراکتیك مۆرکی نیگەتیفی هەیە پەیوەست بە ماهیەتی پەریزادە کە پێشتر وەکو سیمبول لێی دواین ، لەگەڵ گەورەبوونی قەوارەی ( من ) دا ناسنامەی پەریزاد رەوانی زیندوبونەوە ئاشکراتر دەبێت ، بەلام ( من ) بکوژی ئەو رەوانەی زیندوبونەوە بووە ، کە نەك هەر ئێستا بەلکو بە درێژایی مێژوی تێکشکاندنی ئێمە . ئەمەش ئەو پێزانە بەرجەستە دەکات کە ئێمە وەکو خودی خۆمان نەك هەر نەمانتوانیوە ( رابوونەوە ) بکەینە پراکتیك بەلکو لە بارێکی تردا لە ( ئاگا ) یی وە یا ( نائاگایی ) وە بوبێت ، ئەوە بە ئاراستەی جولەی ئەو پراکتیك کردنە هەنگاومان نەناوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە من ) وەکو خودی نەتەوە لەگەڵ ( ئەوانی تر ) فاکتەرەکانی تێکشکێنەری کەسێتی نەتەوایەتیمان تەماهیمان کردووە ، بەواتایەکی دی ( من ) لە پرۆسەی خۆکوشتنێکی بەردەوامدابووە ، کە ئەویش بریتییە لە کوشتنی کەسێتی نەتەوەیمان .

دواتر ئەوەی کە ( من ) وەکو ( ئەوانی تر) یان ( ئەو ) ی تێکشکێنەر و هەرەس پێهێنەری ئاواتەکان و بگرە خودی ( پەریزاد ) کەوەك گوتمان «رەوانی زیندووبوونەوەی نەتەوەیە » دەخاتە ئەستۆی خۆی و هەر لەبەر ئەمەش بەردەهایی ئەو مافەی پێ دەدات ( پەریزاد ) و دوای لێدەکات کە بەسزای خۆی بگەیەنێت و { عەشقی نوێ و مێژووی نوێ و گوڵی نوێ بخولقێنە } .

لێرەوە ( من ) هەموو ئەزموونەکانی پێشتری رەتدەکاتەوە، ئەمەش دووڕووی لێکدانەوەی هەیە ، لە بارییەکەمدا ( من ) وەکو خودی بکەر دەبێتە نەتەوە و تاکو ساتەوەختی ئێستاش ئەنجامی کردەکانی هەرەس و شکست بووە ، بۆیە بەو ئەنجامە رازی نییە و داوای سەرزەنشتی ئەو بکەرە دەکات ، لە باری دووەمیشدا پەیوەست بە خودی ( من ) وەکو شاعیر ساتێ لە نێو کۆڕی داهێنەرانی زەمینەی شارستانی ئەورووپا یا باشتر بلێین خۆرئاوایە هەست بە نائامادەیی خۆی دەکات.

ئەزموونی خۆیی پێکەم بەهایە و دەخوازێ مادەم ئەم تەنها ( شیعری ئازارداوە و لە تەنکاودا مەلەی کردووە ) شایانی ئەوەیە بەسزای ( عیشقی ) ئەبەدی بگەیەندرێت کە عیشق بوون پێزانەی سپاردن بەنیابی رەها بەرهەمدێنێت ، ئەمەش لە تێڕوانین بۆ خودی داهێنەرانەی شاعیر دۆخێکی رەتکراوەیە ، هەر بۆیە دەخوازێ رەوانی رابوونەوە بکەوێتە بزاوت و ئەزموونی نوێ ، عەشقی نوێ ، مێژووی نوێ ، گوڵی نوێ بئافرێنێت ، و سنوری ئەزموون و مێژو و عەشق و گوڵەکانی ئەم جیهانە بەجێبهێلێت .

# زاهیر عه بدولا

## چاوپێکه وتنێك له گه ڵ مامۆستای هونه رمه ند

# وریــــــا ئــــــه حمـــد

ئاماده کردنی بۆ دلانپار : هه رێم کاوه بارام

دوای شکستی شۆڕش ، خولێکی مۆسیقا له به غدا هه بوو، به ڕێوه به ری جموجۆڵی فێرگه کان له هه ولێره وه په یوه ندی پێوه کردم ، به و مه رجه ی گه ر بگوازمه وه هه ولێر ده نێـردرێمه ئه و خوله . راستییه که ی زۆرتینوی خوێندنی مۆسیقابووم ، بۆیه یه کسه ر ئه و مه رجه م په سه ند کرد ، ئه وه بوو دوای ته واوبوونی خوله که و ده رچونم به پله یه کی بـــالا گوا ستمه وه شـاری هه ولێر ، له هه ولێر له گه ڵ کۆمه ڵێك لاو له چالاکی فێرگه کاندا ده ست به کاربووین ، هه ر ئه و ساله خولی فێربوونی مۆسیقامان بۆ منالان کرده وه ، سالی یه که م زیاتر خزم و که سانی خۆمان رویان تێکردین به لام بۆ سالی دوایی خه لکێکی زۆر به ره وپیری ئه و ده ستپێشکارییه وه هاتن و تا راده ی ئه وه ی ئامیری مۆسیقایان بۆ مناله کانی خۆیان ده کری و خۆیان مناڵـه کانیـان دێناو ده برد ، قوتابخانه ی « ئیبن خه لده کان » دواتر فێرگه ی یه که می سه ره تایی به رابه ر به هۆلی گه ل بوه فێرگه یه کی ته واوی ریکوپێك و بۆ فێربوونی مۆسیقا ، مامۆستا جه مـال عومه ر به ڕێوه به رایه تی هه ڵده سوراند ، وانه کانی فێربوونمان له به غدا له لایه ن هونه رمه ند حوسێن قه دروری وه ده ستخست وانه کانمان له سه ر پلانی زانستی ده وته وه ، وانه ی یـه که م تیۆری و دووه م سۆلفێج و وانه ی سێیه م پراکتیك کردن و راهێنان بوو ، لــه را ستیدا رۆلی گه وره مان گیرا ده توانین بلێین شۆڕشێکی هونه ری له هه ولێر به رپاکرا، دواتر تیپی هونه ری هه ولێرمان به به رگوروخساریکی نوێ سه رله نوێ دامه زرانده وه، سالی ۱۹۷۷حه وت گۆرانیمان له ته له فزیۆنی که رکوك تۆمار کرد ئه و کاته ره شوسپی بوو هێشتا نه بوه وه ره نگی .
سالی ۱۹۷۸ کۆمه له به ر هه مێکی ترمان پێشکه ش کرد که ئاسمانورێسمان له گه ڵ هی سالی رابردوو جیاواز بوو، بوه هۆی سه رنجراکیشانی خه ڵکان ، بیگومان لێره دا ته کنیکی نوێ ئیکۆ « ده نگه دره وه » رۆلی چاکی بینی ..................

کاك زاهیر: ده توانێ ناوی چه ند گۆرانیه ك له و کۆمه ڵه گۆرانیه به یاد بێنیته وه ؟

هونه رمه ند وریا :

گۆرانیه کان به ده نگی ( هه ردوو هونه رمه ندی نه مر قادر کابان و قادر زیره ك ) هه روه ها موحه مه د جه زا ، دیسا ( ته نیا عوسمان ) که یه که م جاری بوو گۆرانی ( شوان ) ی چڕی هه روا بێته وه جه عفه ر سه لیم ، جه لال سه عید ، سه لاح موحه مه د ، کاوه ژاژله یی و سامان که رکوکی ، به گشتی زۆربه یان هونه رمه ندی نوێ بون ، ئه و روانه ی نیشانمان دان تـــازه ده هات جێپێی خۆیان بکه نه وه .

کاك زاهیر: دیاره خه ڵك پێشوازیه کی باشی له و به رهه مانه کرد .........

هونه مه ند وریا :

به لێ نه ك هه ر له کوردستانی خۆمان بروا بکه له کوردستانی ژێرده سته ی ئێران خه ڵك شه یدای ئه و گۆرانییه بوون که ته نیا عوسمان دووباره ی کرده وه ، شیعره که ی هی یادی بـــه خێر مامۆستا « هێمن » بوو دیاره پاکی مۆسیقا و کاریگه ریه کی چاکی هه بوو له ده نگدانه وه ی ئه و به رهه مانه ......... به داخه وه دوای ئه وه وه ك خۆت ده زانی جه نگی عیراق و ئێرانی به سه رداهات ، هێندێ له و هونه رمه ندانه چونه ده ره وه هێندێکیان بونه سه رباز ، چه ندێکیان به دیل گیران ، تیپه که زۆری له که می دا ، وای لێهات هانام برده به ر تیپی مۆسیقای منالانی هه ولێر ، ئه و تیپه چه ند سال بوو له سه ر ئاستی هه ر هه ژده پارێزگه به یه که م ده رده چوو، ئه وانه ی ته واو به توانا بوون هێنامه ریزی تیپی هونه ری هه ولێر و تۆماری سالی ۱۹۸۲ مان له به رهه می ئه و گروپه بوو ..........

کاك زاهیر :

چه ند ناوێك له و هونه رمه ندانه یاد که نه وه ........

هونه رمه ند وریا :

ئه وانه ی له بیرم ماون ، لوقمان جـه وهه ر ، شوان عه بدولکه ریم ، سالار شوکر که ئێستـه له ده ره وه یه ، مه ولود ناوێك که چه لـۆژه ن، دلشاد که جازژه ن ، ئه ڤین عـــه بدولکه ریم کلارنێتژه ن بوو به داخه وه وازی هێنا ، گۆرانییه کان به ده نگی نه جمه دین ئاواره ، دوا جـــار باسێکی ئه و تیپه ش بکه م که بـه تـیپی خانزاد ناسراوه ، سه رتاپای له کچانی شـاری هه ولێر پێك هاتبوو ، بریتی بوو له بیست و سێ مۆسیقا ژه ن ، چه ند به رهه می نایابیان پێشکه شکرد له وانه گۆرانی « هۆبزه ندان » که ده نگیدایه وه هه روه ها « ئـایشۆکـی و ده لالی » چه ند به رهه مێکی فۆلکلۆری که به ده نگی ( ڤیان فایق ) وتراون .

( گۆرانی هۆبزه ندان پێشکه ش ده کرێت ) دوایه خۆتان ده زانن لــه بــه ر بار و دۆخی رامیاری ، زۆرهێنانه سه ر هونه رمه نـــدان و داواکردنی سرود که ئێمه نه مان ده کرد ، وای لێهات نه ك هه ر تیپی خانزاد و تیپی منالان راوه ستا ، به لکو خۆیشم دورکه وتمه وه ، ئه وان ( یوم المحافظه و سرودبۆدکتاتۆر) یان ده ویست منیش ئه وه م نه ده کرد ، نـاچار له چالاکی فێرگه کان گواستمه وه ، بومه مامۆستایه کـی ئاسایی و وانه گشتیه کانم ده گوته وه ، ئه وه ی ده هات و ده یگوت هونه ر ! وه لامم ئه وه بوو ، که من وازم له هونه ر هێناوه و لێبویمه وه و هونه رم پێنه ماوه !! به لام له و ماوه یه خـۆم خه ریکی ئه و کتێبه کرد که نێوی « ئامێره کانی مۆسیقای کوردی » ه ، من هه ر هونـه ر مه ندبم و نه مه ویێ خۆ ده رخه م باشتر بـوو خه ریکی خزمه تکردن بم با له رێـگه یه کی تره وه بێ له و کاره شدا مامۆستا حوسێن قه دوری مامۆستا مونیر ره شید زۆریـــان یارمه تیدام ، سه رچاوه یان بۆ په یدا کردم ، ئه وان له وه ده گه یشتن ده رده کـــه ی من چییه ، ده یان وت تۆ کار بکه ئێمه بـــه هه موو جۆرێك یارمه تیتده ده ین ( خوێنه ری هێژا لێره به دواوه له هه ر شوێنێ که وان و پنته که کانی نێوان دێته پێشه وه نیشـانه ی ئه وه ن که ده نگ له و به شانه ی کاسێته که به چاکی نابیستری دیاره مه تیریالی چاك له کوردستان به ئه سته م ده ستده که وێ هـه ر کاسێتیك چه ندین جار تۆمارده کرێ و ده سر درێته وه بۆیه داوای ............... بـوردن ده که ین )

کاك زاهیر :

پرسیاریکی گرنگ هه یه ده مه وێ بیـخه مه گۆرێ ، دیاره گله یمان له حکومه ت وپه رله مان و حزب و ئه و لایه خۆشه ویستانه ی که ئێستـه کاروباری کوردستان به رێوه ده به ن زۆره، بـه لام ده مانه وێ رای جـه نابتان بـــه رامبـه ر بـه گوزه رانی هونه رمه ندان بزانین ؟

هونه رمه ند وریا :

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەڵێم هەتا ئێستە سەرکردایەتی رامیاری لە کوردستان ئەوەی پارتی پارێزەرانی لێبترازێ بە سوپاسەوە کە هاندانێکی مینۆکی بوو بەوەی کە ناویان هێناین و هەریەکە و میدالیایەکیشیان پێشکەشکردین، ئەوە خۆی دەستپێشکاری بوو، دەنا هیچ شتێکی ترمان نەدیوە، بۆ نمونە تیپی مۆسیقای «زیل و بەم» دوو ساڵە لە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتم بۆ ئەستاندووە کەچی هەتا ئێستە هیچ یارمەتییەکم وەرنەگرتووە، با لە باسی خۆم لادەم و باسی هونەرمەندێکی پەککەوتە و هەژاری وەک مامرەسوڵ بێزارگەردی بکەم کە ئێستە سەری شۆڕباکات و ملکەچ نییە بڕواتە بەغدا و موچەی مانگانەکەی وەرگرێت، باشە دەبێ هیچنەبێ ئەو هەڵوێستەی لەبەرچاوبگیرێ، بۆ دەبێ تەنیا کە سەری نایەوە ئەوجا دەست بکەین بە هەڵدان بە شان و باڵیدا، وەک زیرەک و ئەوانی دی، بمانەوێ و نەمانەوێ مامرەسوڵ هەڵگری حەیرانی کوردییە، یانی حەیرانێک نە تورک، نە فارس و نە عەرەب هەیەتی یەکێکە لەو مەقامانەی کە کورد دەبێ شانازی پێوە بکات، چونکێ مۆرکی کوردی خۆی پێوەیە. کە دەتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی هونەرین لاوک، حەیران، ئەلاوەیسی. قەتار و هورە و حەیران یەک لەوانە، ئەوجا با خۆیشم بێنمە ناو، ئەز بیست و پێنج ساڵە لە بواری هونەر کاردەکەم، گەر ئەو ماوەیە خزمەتی حزبێکم بکردایە گەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی نەبام ئێستە هی سەرکردایەتی بووم، دەمەوێ بە هەموو سەرکردایەتی پارتەکان بڵێم ئەگەر ئەوان سەرکردایەتی رامیارین ئەوا ئێمەیش لە کوردستان سەرکردایەتی هونەرین (.......) باشەکەی نرخ و بایەخی هونەرمەند دەزانن، دوای مردن پەیکەرمان بۆ دەکەن، وەکو تایەرتۆفیقی نەمر بە نەخۆشی لە ماڵی خۆی سەری نایەوە کەس ئاگای لێ نەبوو، ئەدی کەی ئاگاتان لە ئێمە دەبێ، هونەرمەند عەبدوڵا پشدەری کتێبی سەررەفتەی ماڵی خۆی نەما نەیفرۆشێ، باشە ناتوانن هێندێک لە داوەت و داوەتکاری کەمکەنەوە یا دوو لاندکرۆزەر بفرۆشن، خۆ هونەرمەندانی هەولێر بە هەموویان دووسەد کەس نابن، گەر بڵێین زۆرن و بۆ نمونە وەک مامۆستایان ناتوانین یارمەتیان بدەین. دوای بە راستی هەرگیز ئەو گوتانەی هونەرمەند حەسەن گەرمیانی - یم لە یاد ناچێ کە دەڵێ: لە جیهاندا سێ شت بە نرخە. یەکەم گوڵ، نمونەشمان ئەوەیە تەماشای وڵاتانی ئەوروپا بکەن چۆن گۆڕەپانەکان بە گوڵی جوان و بۆنخۆش دەڕازێننەوە، دوایی مناڵ بەڵگەشمان ئەو خێزانە کوردانەن کە دەڵێن کاتێ دەگەین ئاگایان لە ئێمە نییە یەکەمجار مناڵەکان دەگرنە باوەش وپەوانەوە خەریکن، ئەوجا هونەرمەند، باشە بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆمان ئێمەش وا نەبین، دیارە رۆڵی هونەرمەند و نرخی هونەرمەند نازانین (.........)

کاک زاهیر: مامۆستا وابزانم شتێک هەیە کە لەبیرمان چوو باسی بکەین ئەویش ماوەی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ ئەو ساڵەی کە ئێوە پێشمەرگە بوون لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، ئەوکاتەش تیپێکتان بە ناوی «تیپی شۆڕش» ەوە هەبوو، خۆزیە باسی ئەو قۆناغەشتان دەکرد؟

هونەرمەند وریا:

من لە دوای بوردمانی قەڵادزێ چوومە سەرێ، چونکێ بە بیرو باوەڕەوە چووم، لە رێگەی میرسەید کە بەتەک باواجی یەوە یەکاتێ لەگەڵ برایەکی هونەرمەندم کاک سەردار ئەحمەد سەردەکەوتین، تووشی خەڵکی دەهاتین دەیان ووت: ئەنگۆ شێت بووین، دەچنە کێ؟ رانیە و قەڵادزە هەمووی بۆردمان کراوە ئێمەوا دەچینەوە کۆیە، راستە ٧٤ ئێمە پێشمەرگە بووین و تیپی شۆڕشمان هەبوو لە گوندی «وەسانان» ی دۆڵی ئاکۆیان بووین. دواتر پێش شکستەکەی شۆڕش هاتینە چۆمان، تیپەکە بریتی بوو لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و هەندێ لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، چەند هونەرمەندی شاری کەرکوک هەندێ هونەرمەندانی شاری هەولێر هەروەها چەند هونەرمەندی دهۆک و زاخۆ، بە راستی ئەو تیپەش رازەیەکی باشی کرد، هەتا ئێستە زۆر سرود هەن کە لە ئێستگەکان بڵاودەکرێنەوە بەرهەمی ئەو تیپەن، لە کاتی خۆی لە شاری سنە لە ستودیۆی رادیۆی ئەو شارە تۆمارکران، لەوێ یادی بەخێر مامۆستا شوکروڵای بابان میوانداری کردین، بەجلی پێشمەرگەوە حەوت گۆرانی بۆ تۆمارکردین لە هەمانکاتدا وێنەشیان هەڵدەگیرایەوە، بەیەکشەو کارەکەمان راپەڕاند، کاک ناسری رەزازی پێبڕاگەیاندم: مامۆستا بڕوابکە ئەوگۆرانیانە لە پاش ئەوەی خومەینی هاتەوە بەقەد شۆڕشێک کاریگەری لەسەر خەڵکانی لای خۆمان هەبوو، رۆژانە بوو ئەو گۆرانیانە بڵاوەکرێنەوە و بەجاری خەڵکەنەهێننە جۆش و خرۆش.

ئەوی راستی بێ ئەم کارە سنورشکاندنێکی گەلێ گەورە بوو، بەڵام دیارە مامۆستا شوکروڵای بابان مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو، بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنی شاری سنە بوو، کە لەنێو ستۆدیۆی شاری سنە سرودی بۆ تۆمارکردین، هەندێ لەو سرودانە ئێستەش خۆم شەوانە بیرم دێنەوە چونکێ خۆیشم بە وتن بەشداربووم، وەک «کوردستان نیشتمانی کورد بەرز و پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم، بە سەربەخۆیی بە ماڵ و بە گیان ............. تۆمارێکی زۆر چاک و خاوێنە.

کاک زاهیر:

مامۆستا کۆڕەوەکەی ١٩٩١ یادێکی تاڵ و لە هەمانکاتدا شیرینە، بۆ گەلی کوردستان، تاڵییەکەی ئەوەیە کە ئەم هەموو ئازار و سەرما و برسێتیەمان کێشا، دوای بە چاکە بۆمان گەڕایەوە، بۆ ئێوە دوو ناخۆشی تێدابوو یەکیان ماندوبون و سەرما دوایش روداوی وەرگەڕانی ماشینەکەتان، جا تکا دەکەین ئەوەشمان بۆ بگێڕنەوە؟

هونەرمەند وریا:

دەبێ ئەو راستییە بگوترێ لەوکاتەیدا زۆربەی لاوەکانمان لە شارەکانی خانێ و شنۆ و سلۆپی پیاسەیان دەکرد، ئەز رازی نەبووم کوردستان جێ بێڵم، لەرەواندز لە ماڵی برای خۆشەویستم «زرار موحەمەد مستەفا» مامەوە، هەرێمی هەولێری یەکێتی هونەرمەندانمان دامەزراند و تۆمارمان کردەوە و کۆبونەوەمان دەستپێکرد، توانیمان دوو ئاهەنگ لەگەڵ گۆرانبێژ شڤان پەروەر سازدەین، لەگەڵ هونەرمەندانی «تیپی پاشای گەورە» ئەو دوو ئاهەنگە هەر بەناوی یەکێتی هونەرمەندانەوە بەڕێوەچوون، ورەی خەڵکەکەی بەرزکردەوە خەڵکەکە بگەڕێنەوە کوردستان و بە ئاسانی لە دەستنەدەین، کاک زرار داوای لێکردم لەگەڵ برایانی هونەرمەند بچینە ترۆپکی کۆرەک لەوێ سایلۆڤۆر هەیە کە بۆ دروستکردنی ستۆدیۆ چاکە دەنگدانەوە دەکوژێ بیهێنین، دیار بوو ئۆتۆمۆبیلەکە تەواونەبوو، لەوێ مولازم عەبدوڵامان دیت، وتی (مامۆستا وریا ئەنگۆ دەخەمەسەر سەرم چونکە ئێستا خەڵکەکە هەمووی خەریکی دزیە) داری مەترە دووجا هەبوو کە پارەی چاکی دەکرد و ئەو دارانەیان دەدزی، ئێمە خۆمان پاڵمان بە پیکابێکەوە نا کە ئیشی نەدەکرد، ئەوەندەی دار لێدابوو، ئەو چووە خوارێ وەرنەگەڕا، ئێمە بە دوو کیلۆ فلینەوە وەرگەڕاین، برینەکانم زۆر سەخت بوون، خێرا ناردمیانە تەورێز و لەوێوە بۆ تاران، پەنجا رۆژ لەوێ مامەوە، لاقێکم شکا، بڕۆشم پێوەی دیارە ناجولێ پارچەیەکی لێدراوە، بەڵام باوەڕبکە لەگەڵ ئەم هەموو ئازارەی چێشتمان، با نەبێت بەخۆ هەڵکێشان چونکێ پێشمەرگە خوێن دەبەخشێ، بەڵام دەڵێم لەگەڵ هەموو ئەوەشدا من یەکێکم لەوانەی بەردەوام

لەگەڵ ئەوانەی دەچنە دەرەوە و کوردستان جێدێڵن شەڕدەکەم ، هەتا ئەوڕۆکەش ، کــو دەچنەدەرەوە وڵاتەکەیان پێویستی پێیانە، چۆن کوردستان جێدێڵن بۆ بیگانەی چـــۆل دەکەن ؟؟ ئـەوە قسەی من بووە ، بـەلام بروا بــکە ئـــەگەر ئـــەو شەڕە خۆکوژییە بەردەوام بێت ، ئەمنیش یەکێکم لەوانەی دەڕۆم و جێی دێلم ، زۆر جار بۆم هەڵکەوتووە نەڕۆیشتوم بـەلام گەر ئەو شەڕەی براکوژی بەردەوام بێ دەڕۆم چی تر ئامادە نیم ببینم رۆڵەی کورد بەدەستی رۆڵەی کورد لەبەرچاوم بکوژرێ ، تا ئێستە دوژمنی ئەوانە بووم کـــە دەڕۆیشتن بەلام ئێستە ئەو بارە بـــەم شێوەیە بەردەوامبێ منیش دەڕۆم ، نامەوێ ببینم منداڵم لەناو ماڵی خۆم گوللە تـۆپ و قازیفەی پێبکەوێ .

کاك زاهیر : ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی هەموو هونەرمەندانی کوردستان داوا دەکەین ئاشتی بەرقەرابێ ئەو شــەڕی براکوژیە بەس بێت ، زۆر سوپاسی مامۆستا وریا دەکەین و دوای بوردن دەکەین کە زۆرمان ماندوو کردن .

هونەرمەند وریا

زۆر سوپاستان دەکەم ، دەمێك بوو ئارەزوم بو ئەو شتانەی لەدڵمە بەگوێگرانی رابگەیـــەنم پڕبەدڵ سوپاس .

کاك زاهیر :

بینەرانی ئازیزو خۆشەویست بەتەواو بـوونی ئەدیدارە ئێمە دەگەینە کۆتایی بـــەرنامەکەمان سوپاسی برای خۆشەویستمان کـــاك « دژوار » دەکەین کەگەلێك پێمانەوە ماندوو بوو .

> نوسەرانی بەرێز !
>
> دلانپار ، گۆڤارێکی وەرزییە ، ئێمە هەردەم هەوڵدەدەین لـەکات و ســاتی خۆیـدا ئامادەبێت واتە :
>
> ٣/٢٥ - ٦/ ٢٥ - ٩ / ٢٥ - ١٢/٢٥ ی
>
> هەموو ساڵێك . دیارە بیگومان بـەلای کەمەوە گەر بابەتەکانتان بەسێ هەفتە پێش ئەم مێژوانە نەگەنە دەستمان، ئیدی ناتوانین دوای ئەوە ئەوەی مۆنتـاجکراوە هەڵبوەشێنینەوە ، تەنیا گەر باسەکە بۆ بەشی لاپـەرەکانی سەرەتا واتە ( لاپەڕە ئازادەکان) بێ بۆیە تکا دەکەین بەگوێرەی توانا بابەتەکانتان لەکاتی خۆیدا رەوانبکەن
>
> سوپاس

## ب . کرۆتشە

# جوانـــاسی 3

**گۆڕینی لەفارسییەوە بۆکوردی زاریسۆرانی**

**سەربەست خەسرۆ عارف**

## FUTURISME ئایندە پەرستی - داهاتوو پەرست .

داهاتوو پەرستی هەڵگەرانەوەیەکی ئەدەبی هونەریە کە لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا لەئیتالیا سەریهەڵدا ، یەکەم راگەیاندن و مانفێستی ئەم رەوتە لـــە لایەن مارینی Marineet ( رۆمانوس ، شاعیر و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای زانایان و نوسـەرانی ئیتالیا ) لە پاریس لە ساڵی ١٩٠٩دا بڵاوکرایەوە .

ئەم و گروپێك لە نوسەران و هونەرمەندانی لاوی ئیتالیا شۆڕشێکی بـەهێزیان دژی داب و نەریتی یاسای هونەری ئەوسەردەمەی خۆیان بەرپاکرد ( لەتێگەی ئەوانەوە ) راپەڕینێك بوو دژی سستی و کپی داهێنانی هونەرمەندانی ئەورووپا ، ئەم هونەرمەندانـە لەهەر روویەکەوە خۆیان بە زیادەڕۆیی و بەهێزکردنی خۆیستانە و لەژێرپێنانی گشت بنەچەو دەستورێکەوە سەر قاڵکرد ، بەوەی خۆیان بەتەواوی مانای زیادەڕۆیی و زۆر بلێیی یەوە دەناساند هیچ روگیر نەبوون و رایان گەیاند کە پێویستە هونەر بەگشتی نوێ بکرێتەوە ، بەروکەشیش نوێ کردنەوە لای ئەم گروپە « نوێ کردنەوە » بریتی بوو لە گۆڕین = گۆڕان و وایان رەچاو دەکرد کەگشت شتێك بگۆڕن « هەر شتێك کەنیازیان بێت بیگۆڕن » ئەم نوێکردنەوەیەش یا ئەم بیرۆکە هەمان باوەڕە کـــە جێی پەسەندکردن و باوەڕی گشتی بوو تێکیان شکاند ، ئەمەش خۆی شێوازێك بـوو بەرەو ئایندەکی لەبارتر .

دەربارەی ئامانجەکانیان فیۆچەریزمەکان دەڵێن : پێویستە رووە کۆنینەکان ، نەریتی کۆن ، ئاکارەکان ، موزەکان ، شوێنگە دێرینەکان ، کتێبگەکان ، بەگشتی ئەو شتانەی کە شون پەیوەندی کۆنە پەرستین بسوتێندرێن ، لەناو ببردرێن و بخرێنەلاوە و جیهان بەروانگەیەکی نوێ و سەربەخۆ لە هەر جۆرە کۆنێکی دێرین و رابردوو سەرنجبدرێت کتێبی زمانەوانی « لۆرس » لە پێناسەی ئەم زاراوەیەدا دەنوسێ :-

« پەیڕەوکارانی ئەم راپەڕینە هەندێك لە ئامانجەکانیان بەم شێوەیە تـــۆمارکردووە ( ستایش کردنی توانا ، خێرایی ، جەنگ ، جوانکاری ، ئامێر و زنجیر ) .

لە وێنەکیشان و پەیکەرتاشی دا شێوازی ئەو رەوتە ئەمە بوو؛ کە وێنەی کەسێك یان شتێك بەشێوەیەك بکێشن کەلەساتەوەختێکدا لە « کات » دا ببینرێت ، بەلکو هەوڵدەدەن هەم دۆخی رابردوو و هەم ئێستەو هەمیسان دۆخی ئایندەی کەسەکە یا شتەکە پیشانبدەن .

لە مۆسیقادا بەرویەکی تایبەت پەیڕەوانی ئەم رەوتە نکۆڵی لێکەری گشت بنەماو دەستور و یاسایەکی هارمۆنین ، دەنگێك ، زریکە و هاوارێك کەلەخرۆشی وێژدان دەدوێت لە گشت پۆل و چینەکانی رابردوو سەرکەوتوترە .

## HISTOIRE مێژو

لە زمانە ئەوروپییەکاندا وشەیا زاراوەی HESTOIRE مێژو جگە لە گێڕانەوەی روداو مانایەکی دیکەشی هەیە ، کە پەیوەیست بەسنوری ئەم زاراوەوەیە، ئێمەش هەمیشە زاراوەی Hestoire راستەوخۆ بە مێژو تێدەگەین و یا وای وەردەگێڕین.

ئەگەر سەرنج لەو مانایە نەدەین یان ئاگاداری نەبین دەشێت زۆرجار لە پەی بردن لـە مەبەستی نوسەر بەگشتی تێنەگەین ، بـــۆ نمونە هەندێك لە بیرەوەران رەوتی

له گۆڕانداىه ، بەم شێوە یە هونەرمەندانی ئەم قوتابخانە یە لە سەر بنچینەی سەرنجدان لە کارتێکردنی روناکی یاخۆ کاری دابین کردنی روناکی و شوێن کاری خۆیان لە نیگارگەوە گواستە وە بۆ دەرەوە « ئامێزی سروشت و هەوای ئازاد » بۆ نمونە دیمەنێکی سروشتیان چەند جارێك لە یەك رۆژدا و لە سات و کاتی جیاجیادا وێنە کیشاوە ( بڕوانە تابلۆی - کلێسای رۆئین - بەرهەمی کلۆد مۆنیە / و) بە جۆرێك کە باری گشتی هەر یەك لەو وێنانە بە هۆی کارتێکردنی جیاوازی رۆشنایی بە تەرزێکی رۆشن تایبەت بە خۆیان بوو ، چونکە ئەو جیاوازییە زیاتر بە شێوەی جیاوازی رەنگ رەنگیدایە وە . هونەرمەندانی ئەو قوتابخانە یە بە وە ناوبانگیان دەرکرد کە پتر وێنە کێشی رەنگن نەك بابەت ، بە جۆرێکی وەها زاراوە کە تایبەت بە وێنە کیشان بوو ، بەلاّم دەستور و رێبازی رەوا و رووت لە ئەدەبیاتیش دا بە کار دەبرا ، بەلکو لە کۆی جۆرە کانی هونەردا دانی پێدا نراوە .

بۆ بە یان کردنی ئەم تیۆرە هونەرمەند دەبێت لە بەرامبەری شتێکدا یا رویە کدا یا روداوێکدا ئەوەی کە لە یەك ساتدا بە شێوەی گۆڕان و بە سەرچون بە بیردا تێدە پەڕێت بیخاتە روو و پەیوەندی بە ژیانی راستییە ناوەکییە کانیە وە نییە .

لە ئەدەبیاتی فەرەنسەدا ئەم شێوەی رۆمان نوسی بە تایبەتە لە بەرامبەر ناوی GONCOURT گۆنکۆرت ، وەرۆکە وت کە لەم کتێبەدا تیشکی خراوە تە سەر .

## IRONIN گالتە جاری - تێتالی ، گەمە پیکردن

ئیرۆنی وشە یەکە زۆرجار لە زمانی فارسی بە « استهزاء = گالتە پیکردن » دێت یان بە « تحقیر » واتە سوك کردن و رسواکردن یا تانوت لێدان بەرابەر دەکرێت ، بەلاّم ماناکەی لە فەلسەفەدا بە گشتی شتێکی دیبە ، وە لیێ گالتە جاری بە شێکی زۆر بچوکە لەو مانایە یان بە هیچ جۆرێك لەم زاراوە یەدا بوونی ئەو مانایە نادات ، ئیرۆنی لە رەگێکی یۆنانی یە وە هاتووە کە ماناکەی «پرسین = التسأل » ە ، بەلاّم لە کاتێکدا کە پرسەر خۆی بە نەدانی ئەو پرسە بکات ، واتە زانراوە کە نەزانێت .

لە زاراوەی فەلسەفی دا پلە مەرجی پرسیار لە ژمارەی پێداویستی هەمیشە یی Ironie بە دەرە و مانای هەستی ئەم وشە یە « نەزانین » یان وتنی شتێك کە راستییە کەی پێچەوانەی مەبەستی ناوەکی ئاخێوەر بێت ناسراو دەبێت ، وەك ئەمەی کەسێك بە رۆژی روناك بلێت : « نازانم رۆژە یان شەوە » یا بەرامبەری روخسارێکی دزێو بلێت : « چەندە جوانە » بەو هۆیەی زاراوەی Ironie پاشان بە گالتە جاری یا خۆگێل کردن { بە کوردی سادە } بەدی دیت .

هەمان شتە کە کەسێك بە هەمان تەرزی پێچەوانە مەبەستی خۆی بلێت ، وە لیێ مەبەستی گالتە جاری یا خۆگێل کردن بێت Ironie بە هیچ جورێك خۆ گێلکردن یاخۆ گالتە جاری ناگرێتە وە ( ئەمە لە سەر دەقە فارسییە کە کەمن وەرمگێڕاوە و بەرامبەری وشەی ( « تحقیرکردن یا استهزاء یاخۆ تسخیرأمیز » هەیە ) لە فەلسەفەی ئلیرۆنی دا پێچەوانەی گشت ئەو شاکارانەی سەرەوە بە مانای یەکێك لە هۆکانی پەی بردن بە راستی دێت و لە کۆمەڵەی رووە سودبەخشە کان دەژمێردرێت ، بە جۆرێك لە ژێر ناونیشانی Dialectique دا رونکراوە تە وە .

رویە کی پرسیار کردنی نەزانانەی سوکرات : Ironie Socratique نەك مەبەستی خۆگێلکردن بەلکو بە مەبەستی وریاکردنەوەی بیر و ئاراستە کردنی بە لای راستیدا بە کاربراوە گەلێکیش کاریگەر بووە .

مانایە کی دی Ironie کە لە فارسیدا ماناکەیمان نییە هەروەها لە کوردیشدا بەرابەری تەواوی چنگ ناکەوێ، دۆخێکی پێچەوانەی گالتە پیکردنە . کە دەشێت مرۆڤ لە سروشتدا یان لە بەدیهێنانە کانی ژیاندا سەبارەت بە مەبەستە کان یاخۆ باوەڕە کانی خۆی هەستی پێبکات ؛

بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بۆ گەیشتن بە هەولێك کۆشش بکات ئەوا جارەها توشی لەمپەر و کۆسپ و دێت ، گوایە سروشتی ئەوانەی ناوە تە وە ژێرپێی ئەو و دەشێت ئەوەش بە سەرپێچییە کی سروشتی یان سەرزەنشتی رێزلێنان Ironie de Sort بزانێت و پەندی لێوە ربگرێت .

کرۆتشە لە تێگەی Ironie سودی لە رێگە یەکی تری بە یانی گۆڕینی بیر بینیوە و دەلێت : ئەگەر بیریك یان باوەڕێك بە هەڵە گرنگی پەیدا بکات دەشێت بە لەمپەری یا رەوتی سروشتی پێچەوانە روبە روبیتە وە کە لە ئەنجامی ئەوەدا خۆی دەبێتە زاراوەی خۆی .


ناونیشانی دلانـــــــپار

P.O.BOX 533
00101 HELSINKI
FINLAND
Fon : 30 80 45
Fax : 77 47 42 00
HELSINKI


# گیرۆمی ستۆلنێتز

# رەخنەی هونەری

گۆڕینی لە عەرەبییە وە بۆ کوردی زاریسۆرانی


رەهـــبەرجەلاّل


## 3 — دەبێ چۆن لە جوانزنی بکۆلینەوە؟ ـ

تا ئێستە دانوستاندنمان ناراستە خۆ بە شێکی گەورەی وەلاّمی ئەو پرسیارەی تێدابووە ، وە لیێ لە بەر گرنگی ئەوپرسیارە ، وایدە بینین پێویستی بە بەرسیڤێکی ئاشکرا و روون هەیە.

گرنگترین و یەکەمشتی کە پێویستە بوترێ ئەمەیە ؛ پێویستە جوانزانی بە رێگەی رەخنەگرانە دەرز بکەین . ئەمەش یانی - هەروەك لەوەوپێش دیتمان - پێویستە ئامادە بین بە گژ ئەو باوەڕانەدا بچینەوە کە لە مەڕ هونەر هەمانە ، تا بتوانین شونی هێز و لاوازییان دەستنیشان بکەین . ئەمە کاریکە پێویستە ئەنجامی بدەین جا گەر ئەو باوەڕانەمان هی خۆمان بن یاخود سەر بە « ڕای باو » یا هەر « دەسەلاّت » ێك بن . پێویستە ئەو رێبازەی بیرکردنە وە کە بە هۆیە بەم باوەڕانە ئاشنای کردوین تاقیبکەینە وە ، برپاری راستی و دروستی و هەڵە بونیان دەرك بکەین . دەبیێ ویبێکەوین ئایا ئەم باوەڕانە لۆگیکی لەگەڵ ئەو باوەڕانەی دی کە راستی یا چەوتیان سەلمێندراوە گونجاون یاخۆ نا ، ئەگەر وانە بیێ دەبیێ تۆردڕێن . سەرەڕای رونکردنەوەی مانای باوەڕە کانمان و شیکردنەوە دروستی لۆگیکیان ، پێویستە راستی و دروستی ئەو باوەڕانە بە لێکۆڵینە وە لەو دیاردانەی پەیوەندیان پێوە یان هەیە تاقیبکەینە وە . ئەمەش هەروەك لەوەوپێش دیتمان هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتە وە کە بەرکۆی مەیدانی دەرزکردنن وەك دەرونزانی و مێژوی هونەر و رەخنەی هونەری . خۆگەر ئەم باوەڕانە

مان چ بەڵگەو بنەما پشگیریان نەکەن ، پێویستە بەلاوە یان نێین . وەك چۆن ئەو بەڵگانە چ ئەری و چ نەری گەر دابڕنە بن ، دە بێ ئیدی دەستبەرداری بڕیاردان بین .

هەروەك چۆن پێویستە هیچ باوەڕێك بە پلەیەکی نیسابی پەسەند نەکەین پتر لەوەی بەڵگە بەردەستەکان رەوایان پێداوە . واتە ئەرکی ئێمە ، بەگوێرەی دەربڕینی فەیلەسوفی ئەمریکی ولیەم جێمس ، پارێزگاری هێشتنەوەی « پەنجەرەکانی هزر » بەوالایی بکەین ، بەردەوام بەدوای بەڵگەی نوێدا بگەڕێن ، کاتێ بەڵگەی نوێ دێنە پێشەوە دەبێ باوەڕەکانمان ئاڵوگۆڕکەبن ، پێویستە بەردەوام بەرگری دەستخەڕۆکردن بین ، واتە لەپەسەندکردنی دروشمە زەق و بیرورا سەرسوڕهێنەکانی لەمەڕ هونەرن بێنە زمونی رەخنەگرانە باگەلێکیش سەرنجراکێشەر بن خۆمان بپارێزین . ئەوانەی خۆ دەدەنەدەست ئەو جۆرە خەڵەتاندنە دیارە دۆڕاون : نە دەتوانن بزانن ئەم باوەڕانە یان رەودارن ، نە بەرچەشی خۆشنودی ئەو کاریگەریە راستە قینەدەبن کە لە پرۆسەی رەخنەگرتن لە باوەڕەکان پێمان دەبڕێ ، لە هەموو ئەوانەش ئەنگ تر ئەمەیە کە تاقیکردنەوەی هونەر یان بەهۆی لاوازی ئەو باوەڕانەی پێیانەوە پێدەنێنە بواری هونەر کوێرو شێواوەدەبێ.

هەموو ئەمانە ئەم ئەرکەدەخەنە ئەستۆمانەوە کە جوانزانی بەرێبازێکی ئەزمونکاری دەرز بکەین . ئەمەش یانی پێویستە زۆرترین زانیاری رودەکی سەبارەت بە هونەر وەگیر بێنین ، باوەڕەکانمان ژێر رکێفی رودەکان بکەین ، دەبێ هەر شتێ کە لە بواری تاقیکردنەوەی راستەوخۆدا دەیلێینەوە شیاوی لێتیگەیشتن بێ ، پێویستە هەر باوەڕێك و تیۆرێك بەشێوەیەکی تەواوروون داڕێژترێت کە توانای هەبێ لەبەردەم بەڵگە تاقیکراوەکاندا بەرگە بگرێ . ئەو باوەڕانەی کە لە ئەزموندا دەرناچن چونکێ داڕێژتنیان لە شێوەیەکدایە کە ناتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کام بەڵگە لەتەکیا یەو کامە یان دژیەتی ، یاخود مۆرکی ئەوەی پێوەیە کە رەخساوی تێبینی کردنی مرۆڤ نەبێ، دەبێ لە ئەزمون بەسەرنەکەوتووی دابنێین ، وای باسبکەین کە باوەڕێکە « راستی و دروستی نەسەلمێندراوە » .

ئەمە وادەگەیەنێ کە لێکۆڵینەوەی جوانزانی دەبێ بەشێوەیەك بێ لەو دوو هەڵەیەی کە هۆشێواندنی زۆربەی بیرکردنەوەی پێشوی سەربارەت بە جوانزانی بوون لاتەریکمان کات.

١- زۆربەی تیۆرە لاسکارەکانی لەمەڕ هونەر و جوانی بەرێبازی لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەبەرهەمی هونەری و ئەزمونی بەرچەشبوون لە هونەر نەگەیشتونە تە سەرئەنجامەکان ، بەڵکو داڕێژگەیەکی لە سنوربەدەری قرمی « بوون » هەڵیناون ، لەوەشەوە بۆ ئەوەچوون کە پێویستە سروشتی هونەر چۆنچۆنی بێ ، ئەم تیۆرە « میتافیزیکیانە » هێندێك جار دیتنی دروستیان تێدایە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تێڕوانینیان سەبارەت بە « بوون » تا رادەیەکی زۆر بەرگومانە ، بەهۆی ئەوەشەوە بەرهەمی ئەزمونکاری هونەر و بەرچەشبوون لە هونەر پشتگوێدەخات، ئەوا ئەو ئەنجامانەی وەدەستیان دەێنێ لە زۆربەی کاتدا کەم نرخن .

زانای دەروناسی ئەڵمانی « فیشنەر Fechner » لە باسی ئەو تیۆرانەدا دەڵێ : ئەوان « سەرەبەرەوژێر » دەڕۆن . وەلێ ئێمە جوانزانی لە « ژێرا بەرەو سەرو » دەرزدەکەین، بەگوێرەی توانا تیۆرەکەمان لەسەربنەمای بەڵگە تاقیکراوەکاندا تێ هەڵدەچین .

٢- دەربارەی هونەر گەلێك زۆربڵێی کراوە ، گەلێکیش نوسین خراوەتە سەریەك ، کە بەرواڵەت ئامانج شیکردنەوەی سروشتی و بابی هونەرە ، بەڵام لە راستیدا هەموو ئەوە نەگەیوەتە ئەنجامیکی تەواو جیاواز ، لە هۆنراوەیەکی ئەندیشەیی سەبارەت بە هونەر شتێکی تری لێ پاشکەوت نەبووە . برێکی زۆر لە جوانزانی ، لە ئێستەو لە رابردووشدا تەرخانی پێداهەڵگوتن بەئەمری هونەر کراوە ، ئەمەش خۆی شایەتی هێزی گەورەو بایی مەزنی هونەرە، چونکێ ئاسایی خەڵکان بەو شتانەدا هەڵدەڵێن کە بەدڵیانە . وەلێ گەر بێتو وا تەماشای ئەو پێدا هەڵگوتانانە بکەین کە شیکردنەوەی روون و باوەڕپێکراون ، تاقیکراوەی هونەرن ئەوا ئەنجام تەنێ لێکدان و پشێویە. با لەو « پێناسانە » هەڵبەستراوانە وردبینەوە « هونەر تەنیا چەپەری نێوان ئێمەو ئاشوبە » یاخود « هونەر یەکێتی نێوان مرۆڤ و سروشتە » یا « جوانی باڵاترین دەربڕینی بوونی رەهایە لە مرۆڤدا خۆی دەردەخات » کەماسی ئەو پێناسانە ئەوە نییە کە بەتاڵن و بەس ، بەو هێندەی کە لە وردبینیدا کزن ، لە شتێکی زۆر کەم بەولاوە هیچی ترمان پێنالێن . لە راستیشدا هێند ئاڵۆزن تارادەیەك ناتوانین هەست بەبوونی سەرچاوەیەك بکەین کە بەهۆیەوە بتوانین بەڵگەکان تاقیبکەینەوە . کەواتە با خۆمان لەو ئەندێشە هۆنراوەیە بەدور بگرین و لە لێکۆڵینەوەکەی خۆمانەوە خەریك بین .

لەکۆتاییدا ، ئەرکی ئێمەیە جوانزانی بەهەستێتی « ئەوینی سۆراخکردن » دەرز بکەین ، پێویستە هەوڵدەین پارێزگاری بابەخدانامان بەدۆزینەوە « واتە دۆزینەوەی » نوێ لەبارەی هونەر و تیۆرە جیاجیاکان و ئەو تروسکاییەی کە لە ئەنجامی لێکدانی یەك بەدژی ئەو دی لێیان هەڵدەبێ و پەیوەندی هونەر بەبوارەکانی تری ئەزموونی مرۆڤایەتی بپارێزین . بەراست لێکۆڵینەوەی جوانزانی دەشێ فرە ورووژاندنی تێدا بێ بۆ ئەوانەی کە سەرقاڵی کۆڵینەو تۆژینەوەن و پەیرەوی گیانی « رەخنە »ن . دەبینین زۆربەی خوێندکاران برێکی زۆر لە ئەڤینی سۆراخکردنی خۆرسکی ئەو بابەتەیان هەیە ، ئەگەر بێتو ئەڤینی سۆراخکردن لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتابە فێرگەیی و وانەی هۆڵەکانی خوێندندا نەکوژرێن ، هەموو ئەوەی ئاواتمانە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکەمان نەکەوێتە ئەم هەڵەوە .

٤- بوارە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە :

کاتێ باسی هونەر و بەرچەشبوون دەکەین، سێ وشە هەن کە بەکاریان دێنین : « هونەر » و « ئێستیاتیکا » و « جوانی » ، یەك لە ئەرکە گرنگەکانی ئێمە ئەوەیە لە مانای روون و وردی ئەم وشانە کە خەڵکان بێ لێوردبوونەوەو بیرکردنەوە لە کاریان دێنن تێبگەین، ئێستە شیکردنەوەیەکی سەرەتای ئەم زاراوانەو پەیوەندی نێوانیان دەخەینە روو ئەمەش دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو سەرەتای شیکردنەوەی دی ، سەرەڕای ئەوەی هەر یەك لەو زاراوانە قامك بۆ یەك لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی جوانزانی درێژدەکەن ، بۆیە لێرەوە را دانوستاندن لە ناسینی ئەو بوارە سەرەکییانەی کە لێکۆڵینەوەکان پەلی بۆ داوێژی یارمەتیمان دەدات ، هەروەك چۆن هۆی چارەسەرکردنی ئەو بوارانە بەگوێرەی ئەو رێزبەندییەی لە و نوسینەدا دەدیترێ بۆمان راڤەدەکات .

زۆربەیکات خەڵکان زاراوەکانی « هونەری » و « ئێستیاتیکی » و « جوان »ی یەك لە شوێنی ئەوی دی بەکاردێنن ، ئەوان بەبابەتێك کە نەخشەیەکی بێهاوتای بۆ داڕێژراوە دەڵێن « پلەیەکی هونەری باڵای هەیە» یاخۆ «تارادەیەکی زۆر ئێستیاتیکییە» یاخود « جوانە » ، وەلێ ئەم بەکارهێنانە جێگەی کەسەرە ، چونکێ سێ جۆری جیای روودەی لەیەکدی نەچوو تێکەڵدەکەن .

زۆربەمان ئەو جیاوازیانە بەشێوەیەکی ئاڵۆز هەست پێدەکەین ، وشەی « هونەر » ئاماژەی بەرهەمهێنانی بابەتانێکە لە رێگەی کۆششی مرۆڤەوە . بەم جۆرە لە بارەی هونەرمەندێکی « ئافرێنەر » و دەربارەی جموجۆڵی ئەو دەدوێن کە کاری « هونەریە » ، « جوانی » ئاماژەی سەرنجراکێشان و شتەکان و بابیەکانیانە ، وەلێ « ئێستیاتیکی » کە لەهەردووکیان کەمتر باوە ، لە زۆربەی

کاتدا پاریزگاری مانا یۆنانیەکەی خـۆیـی کە لێوەی هاتووە (Aisthesis) دەکات، ئاماژەی دەرککردنی بابەتی بە پێزو تەماشا کردنیان دەکات، دیارە ئافراندنی بابەت و، نرخی بابەت و، دەرککردنی بابەت کـاری تەواو لە یەکدی جیاوازن، هەرچەندەش لە لێکۆڵینەوەکەمان قوڵتر ببینەوە، جیاوازیەکان پتر ئاشکرا دەبن.

لە ژێر سەردێڕی « هونـەر » دەمانەوێ بزانین چین ئەو تایبەتیانەی کە « کـارە هونەریەکان » لە « کارە نـاهونەریەکان » جیادەکەنەوە، بە تایبەتی تریش چیە ئەوەی « هونەری جوان Fine art » جیادەکـاتەوە، بەڵام چۆن و پەیوەندی هونەر بە « جوان Beatutiful » وە، چییە؟

با لەسەرەتاوە ئەوە بڵێین کە هەموو کارێکی هونەری جوان نیە، لە توانای هەریەك لـە ئێمە دایە چەندین کاری وا بێنینە بـەرچاوی خۆمان کە چ چەشە و شێوازی تایبەتیان نییە، یا هەر بەراست پڕ بە پێستی مانای وشـە کاری ناشیرینن. سەرەڕای ئەوەش کاری وا هەن سەرنجراکیشەر و وروژێنەرن بـەلام بەلای ئەوە دانین ناویان بنێن « جـوان » کاتێ ئەو کارانە لە سنورێکی دیارکراودان، نرخ و بایەخی زاڵیان نییە، وایان باسدەکەین کە کاری «خۆشنودن» یا « نیانن ». واوێدە چێ باسکردنی شانۆگەریەکی کۆمیدی کەم بایی بە « جوان » هێندە پەسەند بێ، هەتـا گەر تا رادەیەکی زۆریش مایەی پێکەنینێکی پڕ لە قاقابێ، لەگەڵ ئەوەش زۆر کـاری هونەری هەن کە سیوتی « جوان » بـۆ ئەوان تەواو بەرتەسکە، ئەوانە بـەراست ئەو کارە بەرزو مەزنانەن وەك « لیرپاشا » ی شەکسبیر، سیمفۆنیای نۆهەمی بێتهۆڤن، ئەوانە کاری وەهان لە باسکردنیاندا دەلێین « شکۆمەندن Sublime » بۆیە بۆمان هـەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەشێکی کـارە هونەریەکان بە خودی خۆیان بابەتە جوانەکان نین.

دەشێ بە هەمان ئەنجام بگەین گەر رێتو لە سـەرێکی تـرەوە لێبکۆڵینەوە: هەموو بابەتێکی جوانیش کاری هونەری جوان نین چونکێ بەشێکی یابەتە جوانەکان بـابەتی سروشتی وادەگرنە خۆ کە توانـای هـونـەری مرۆڤ وەبـەری نـەهێناون، ئێمە زۆر جـار بە پەلە هەورە گەورەکان و دیمەنی سروشت و گوڵوگوڵزار دا هەڵدەلێن کە ئەوانە « جوانن »، بەڵکو زۆران هەن بەرچەشبوون لە دیمەنی سروشت زۆر لایان ساناترە لەوەی لە دیمەنێکی هونەریدا بێ.

بەم شێوەیە ئێستە دەتوانین لەوە تێبگەین دەرزکردنی « هونەر » لە دەرزکردنی « جوان » تەواو جیاوازە، گەرمانەوێ پەیبەوە بەرین چییە ئەوەی شت « دەرازێنێتەوە » جوان دەکات، نـاکرێ تەنێ لێکۆڵینەوەکەمان بە کارە هونەریەکان ببەستینەوە، بەڵـکو دەبێ بە دوای ئەوەشدا بگەڕێن کـە مەبەستمان لە « جـوان » چییە، کاتـێ دیمەنێك یا رووداێکی سروشتی باسدەکـەین، لەبەر ئەم هۆیەشە کە « فەلسەفەی هونەر » بەرتەسك ترە لەوەی لێکۆڵینەوەکەمان گەرەکیەتی، لەگەڵ ئـەوەی کارە هونەریەکان ئاشکراترین بابەتی جوانن و دەشێ هەرە گرنگترینیشیان بن، بایـەخ دانی ئێمە بەتەنیا ناپڕژێتە سەرهونـەر، سەرەڕای ئەوەش، ئێستە بۆمـان روون بۆوە کە « جوان » مانایەکی سنووردارتری هەیە لەوەی کەگشت بابەتێکی هونەری یا نـاهونەری کە بەلامانەوە بایبدارە پێی باسبکرێت، کارە وێژەییەکان زۆر جـار « تراژیدین » ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی شەوانی هاوین وای پێدا هـەلدەلـێن « شکۆمەندە » ئەو تێگەیە پێویستە لـە دانوستاندا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لەتەك تێگەی «جوانی»، هەرلەبەر ئەم هۆیەش بۆیە بەراست نەدەگەرا ناو لەو تیـۆرە بنێن « تیۆری جوانی » یا « فەلسەفەی جوانی ».

با ئێستە لە پەیوەندی نێوان «ئێستیاتیکا» بە « هونەر » و « جوانی » بتۆژینەوە. تائێستە ئەوەندەم وتوە کە « ئێستیاتیکا» ئاماژەی « روانینە »یا دەرککردنە، چ دەرك کردنێکی تایبەتییە ئەوەی ئـەو زاراوە ئاماژەی بۆ دەکات؟ دەتوانین دەسـت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بکەین گەر بیتۆ لە رێبازە جۆرا و جۆرەکانـی دەرك کردنی کاری هونەریەوە را بمێنین، دەشـێ واتەماشای کارێکی هونەری بکرێت هەروەك ئەوەی بەڵگەنامەیەکی پـڕوپـاگەندە کردن بێت، بۆ نمونە « کەوێڵەکەی مامـە تۆم » کە لەوەوپێش باسمانکرد، لەو بارە شدا بایەخدانمان ئاراستەی گرنگی پێکەوە نانی رایگشتی دەبێ. یاخود هـەروەك چۆن زانای مێژوناس و کۆمەڵناس لە کارەکە دەکۆڵینەوە، وەك ئەوەی تێشکێنراوەی سەردەم، یا ئەو ژیارییە بێ کە لێوەی وەبەرهاتووە، بەم جۆرە نیگارەکانی گەلە سەرەتاییەکان دەکرێت یارمەتـیـدەری شـیـکردنەوەی بیر و باوەڕی ئـاینی و ئەفسانەکانیان بـن، رەشـنـوسـەکـانی دەستنوسی هەمەنگوای بۆ دەردکردنی باری هۆش و گۆشی ئەمریکاییەکان لە رۆژانی یەکەم جەنگی جیهانیدا بەکاربێن، لەم بارانەشدا گرنگی کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی دەرەوەی خۆیان کە بنـەماو ئەنجامی ئەون، وەلێ ئەمە ئەو رێبازە نییە کە هەردەم لێوەی لە هونەر دەنۆڕین، ئێمە ئاسایی کتابەکان دەخوێنینـەوە و گوێ بۆ موزیك رادەدێرین چونکێ لە خودی خۆیاندا خۆشنود و دڵخۆشکارن. هەمو خولیایە کیش کە ببێتە هۆی چاولێپۆشی کردن مـان لێیان بەلاوەیان دەنێین، وەك رژد بون لـە سەر مێژو یا بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم ئەزمونە جیاوازیەکی تـێبـینی کراوی هەیە لەگەڵ بایەخدان بە کارێك لەبەر هەر مەبەستێکی دەرەوەی خۆی.

زاراوەی « ئێستیاتیکا » ئەم دەرك کردنەی بابەت لە پێناو نیانی و ئەو گرنگییەی کە تیایەتی جیادەکاتەوە.

لە توانامانداندا نییە بایی خودی کاری هونـەری بقەبڵێنین گەر بە رێبازیکی ئێستـیـاتیکی دەرکی نەکەین. وەلێ گەر بایەخدانمان بە کاری هونەری ئەنجامی ئەوە نەبێ کـە هۆیەك بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دی، ئەوا ناتوانین بەرچەشی بین هەر لەبەر ئەوەی تەنیا چیرۆك یا تابلۆیەکە.

کاتێ لە بەرچەشبوون لە هونەر « چەژلێوە رگرتن » دەدوێن، مەبەستمان ئەو بایـەخە ئێستیاتیکیەیە کە لە هونەردا هەیە، بـەلام ئامان لوێ لەو بایەخە بگەین، کە گرنگترین بایی هونەرە، تەنیا کاتێ لە دەرك کردنی ئێستیاتیکی دەگەین، کە ئەویشە بـۆمان دەردەخات، کاتێ ئەوە ئەنجامدەدەین، ئەو کاتە دەتوانین خۆمان لە تێکەڵاوکردنی بایی بابەتێکی هونەری،کاتی تەنیا بۆ خودی بەرچەشبوون لێی، کاتێکیش بۆ ئەو بایەخە کە بۆ مەبەستی تر بەکاردیت تێبگەین.

ئەوەی جێگەی سەرسامییە ئەوەیە کـە دەبینین خەڵکان تا پلەیەکی زۆر تێـکەڵاویان دەکەن، ئەوان لە زۆربەیـکاتـدا دەلێن کارێکی « چاکە » یا « جوانە » تەنێ لەبەر ئەوەی مرۆڤان پتر بەتوانا دەکات، یاخۆ پشگیری باوەڕی ئاینی دەکات، وەلێ دەشێ کاری هونەری ئەم ئەنجامانەی ببێ لەگەڵ ئەوەش بێسنور کەم بایی بێ.

لە رۆژانی جەنگدا دەبینین سرودەکان یـا دروشمە کاریگەرو وروژێنەرەکان کە گیانی نیشتمانی جۆشدەدەن، گەر وەك موزیك و نیگارکێشان لێیان وردبـیـنـەوە نرخێـکی هونەری ئەوتۆیان نییە. لە بەرابـەریشدا دەبینین کەسانێك هەن بەئاشکرا سەرسامی خۆیان لەبەرابەر کارێکی هونـەری دەر دەبڕن هەر لەبەر ئەوەی سەرسامی ژیـانی هونەرمەندەکەن، گەر بێتو خـودانـی هەڵپەیەکی ئەوین بێ و بـەکارەساتێکی دڵتەزین کۆتاییهاتبێ،یا هەر لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکییەکی دیارکراوی هەبووە، یاخود بەهەڵەداوان نیشمانەکەی جێهێلاوە، وەلێ دەشێ سەرگوزشتەی ژیانی هونـەرمەنـد

ووروژێنه ربیَ بەلاَم بەرهەمی هونەری بێسنور نەزۆك بیَ .

کەواتە نمونەی ئەو خەلکانە بەشێوەیەکی ناراست بەهونەردا هەلدەلێن . بەشێوەیەکی تر گرفتەکانی دی بەجۆریَ بەسەریاندا زالـە کە هەرگیز دەرکی کارەکان وەك لەخودی خۆیاندا هەن ناکەن .

ئەوان نایان لویَ لەو بابیەی کە لەکارەکاندایە بەرچەشبن ، راستیش وایە کە هەر یەك لە ئێمە دەشیَ ببێتە قوربانی ئەمجۆرە لێتێکەلبوونە ، بۆیە پێویستە ئێستیاتیکیانە دەرزی سروشتی دیارکراوی « دیتن » بکەین تاوەکو دلنیابین کە ئێمە دەمان لویَ کارەکان دەرك بکەین بەشێوەیەك کە بابیەکانیان تێدا دەکەوتە روو ، هەر بۆیە ئەزموونی ئێستیاتیکی لەدوو بەشی داهاتوی ئەم باسە بەشێوەیەك دەرز دەکەین تاوەکو بتوانین دەرکی ئەوە بکەین چەند لە رێبازەکانی دی جیاوازن.

ئاشکرایە کە دەرکردنی ئێستیاتیکیمان تەنیَ نەپرژاوەتە سەرکاری هونەری ، بەلکو دەپرژێتە سەر شتە سروشتیەکانیش ، دەبینی ئێمە تەماشای داریکی گەورەی چەماوە دەکەین ، یا شەپۆلەکانی قەراغ ، چونکیَ لە خودی خۆیاندا درامی و نازەنین ، بەواتایەکی دی بابەتەکانی دەرکردنی ئێستیاتیکی تەنیَ بابەتە هونەریەکان نین ، سەرەراێ ئەوەی ئەو بابەتانەی دەرکیان دەکەین هەموویان جوان نین ، بەلکو دەشیَ « نازەنین » یا « لاواز » یا « شکۆمەند بن » ، بەم شێوەیە بۆمان روندەبێتەوە کە تیگەی « ئێستیاتیکی » فراوانترینی ئەو سیَ تیگانەیە کە لێوەیان دەستمانپێکرد کە ئەوانەیش « هونەر » و « جوانی » و « ئێستیاتیکا » بوون ، چونکیَ کارە هونەریەکانی دەرکیان دەکەین بەهۆی بوونی ئەو نازەنینەی کە تێیان دایە - مەبەست بابەتە ئێستیاتیکیەکانن - کارە هونەریەکان و بابەتەکانی سروشت بەیەکەوە دەگرێتە خۆ ، واتە ئەوەی کە جوانە و ئەوەیش کە بابیدارە بەلایەنی دەرکردنی ئێستیاتیکی لەگەلیَ رووی ترەوە .

تا ئێستە ئەوەمان روون کردەوە کە پێویستە لەدەرکردنی ئێستیاتیکی بگەین پێش ئەوەی جیاوازی نێوان ئەو بابیانەی لەهونەردا هەن و مەبەستی بەکاربردنی ئێستیاتیکیان بکەین ، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بلێم : کە دەرك کردنی ئێستیاتیکی دەبیَ پێش دانوستاندنی جوانی بکەوێتەوە .

گریمان « جوان » ئاماژەی ئەوە دەکات کە بابیەکی ئێستیاتیکی بەشێوەیەك لەشێوەکان هەیە ، ئەو گریمانە بەگشتی دروستە ، لەگەل ئەوەشدا زاراوەی « جوان » وەك زۆربەی وشەکانی تری پێدا هەلدان لە زمانی ئێمەدا ، زۆربەی جار بەشێوەیەك بەکاردێت کە کەماسی لە سنورکردن و وردبینی پێوەدیارە . هەر ئەوەندە بوینە « رەخنە » گر لە شێوەی ئاخاوتن و بیرکردنەوەمان ، ئیدی بەباشی لەوە دەگەین و هۆشیاردەبینەوە . زۆربەیکات کەخەلکان دەلێن « جوان » لەبەر ئەوەیان نیيە کە شتەکە خۆی سەرنجراکێشەرە گەرێتو ئێستیاتیکانە لێوەی بنۆرین ، بەلکو لەبەر ئەوەی بۆشتی تریش بایی دارە - هەروەك دەلێن . یاریزانە کە شوتیکی جوانی لێدا - یاخود « رۆژانی گەشت چەنی جوانن » یاخود « کلیلیکی جوانە » . لێرەدا مانای وشەکە بەشیکی ئێستیاتیکیە و بەشیکی نا ئێستیاتیکییە، بەلاَم لەزۆرکاتدا وشەی « جوان » بەبیَ جیاکردنەوەی نێوان پیاهەلدان و چاك و باشی دا بەکاردێت. بەبێهیچ پێزانەیەکی ئێستیاتیکی ، بەمجۆرە دەشیَ ئەوەی لەسەبری یاری تۆپی پێیە ، هاوارکات « جوانە » گەرێتو گۆلچی گۆلیکی بۆ تیپەکەی گەراندەوە ، هەتا گەر لە سەرەتاوە بەچاکی دادوەری لەتۆپەکەدا نەکردبیَ ، بەشێوەیەك کە هیچ شۆخیێکی تێدا نیە بگاتە دەست گۆلچی ، یاخود کاتی هێندەی نەماوە لەدەستی بکەوێتە خوار و بروات . لەبەرامبەر ئەو دەربرینەدا « ژنیکی جوانە » کلایف بێل Clive Bell دەلیَ: ئێمە لەسەردەمیکی سەیردا دەژین لەلای پیاوانی پیادەرۆدا وشەی « جوان » لەزۆربەی کاتدا بەرابەر بە « پەسەند » بەکاردێت ، کەبەهیچ جۆرێك بەرسیڤیکی ئێستیاتیکی تێدا نیە » { کلایف بێل : هونەر - لەندەن ۱۹۷٤ لاپەرێ ۱۵ } پێویستە فێربین ماناکانی جوانی و لە ماناکانی ناجوانی ئەو وشانە جیابکەینەوە گەر بمانەویَ بگەینە رونی لەبیرکردنەوە و ئاخاوتنماندا ، بەبیَ ئەو رونیە باوەرِکانمان دەربارەی هونەر و ئەزمونی ئێستیاتیکی جیاواز و دەستخەرۆکاردەبن ، کەواتە پێویستە هەولدەین لەسروشتی ئەزمونی ئێستیاتیکی تێبگەین . بوەش بەشی داهاتوی دەرزەکردنی ئێستیاتیکا لەوەوە دەستپێدەکەین .

KAPNK
P.O.Box 533
00101 Helsinki
Finland
Fon : 3 0 8 0 4 5
Fax : 77 47 42 00
Helsinki - Finland

بیرەوەری سالرۆژی

# هەلەبجەی شەهید

لەرۆژی ۱۸ /۱۹۹۵/۳، لە هۆلی بارەگای « وێستگەی ئاشتی » هێلسنکی ، بەبۆنەی حەوتەمین سالرۆژی کارەساتی کیمیبارانی شاری هەلەبجە کۆریکی ماتەمی لەلایەن کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان سازکرا ، لەو کۆرەدا کۆمەلیك لە هاوولاتیانی کوردستان و دۆستانی فینلەندی ئامادەبون ، کۆرەکە لەکاژمێر دووی پاش نیوەرۆژەوە بەخولەکیك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپیکرد ، دوایی ئەوە تاوەکو کاژمێر پێنجی سەر لە ئێوارە کۆرەکە بەردەوام بوو، کەبەرنامەکەی بریتی بوو لەبەخێرهاتن کردن و خوێندنەوەی وتارێك بەبۆنەی کارەساتی هەلەبجەوە ، ئەوجا شاعیر کاك ئەنوەری رەشی عەولا ، هۆنراوەیەکی لەسیَ بەشدا بەناونیشانی « هەلەبجە لەسیَ وێنەدا » خوێندەوە ، دوای ئەمە پۆستاکارتێکی هەلەبجەکە ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان و سەرۆکانی ناوداری ولاتانی جیهان کرابوو لەلایەن ئامادەبووانەوە بەناونیشان پرکرایەوە و { دواتر پۆسترکرا } دوابەدوای ئەمە هاوولاتی کاك عەبدولقادر ئەحمەد چامەیەك و وتاریکی بەبۆنەی رۆژی هەلەبجەی شەهیدەوە پێشکەش کرد ، ئەوجا نامەیەك و پەخشانێك لەنوسینی مامۆستا پشکۆی شاعیر و لەباتی ئەو و لەلایەن برادەرێك خوێندرایەوە ، دواتر ئامادەبوان بەگفتوگۆ و وتوێژ لەسەر باردۆخی کوردستان بەردەوامیان بەکۆرەکەدا ، شایانی باسە پیشەنگەی فۆتوگرافی کارەساتی هەلەبجە لەهۆلەکەدا ئامادەکرابوو ، هەروەها دەیان مۆم بەو بۆنەیەوە داگیرسێندرابوون .

نەمرن !

شەهیدانی کورد و کوردستان

# خۆی خۆی ئه ناسی!

کۆمه ڵێك پارچه ی سیکراپ ، مونگاتیسێکی گه وره به یه که وه کێشیان کات ، خـه ویـش هه ر به م جۆره له شه ما ندو و شه که ته که ی به ره و جیهانی بیئاگایی راده کێشا ، لـه گه ڵ ئه وه ش زۆری له خۆی ده کرد خۆی به ده سته وه نه دا ..........
لێکدا لێکدا کوته کاغه زی ده پێچایه وه ، به چاوی خه واڵو له زه ر فه کانی ده ئاخنین ، ده مێکه وا به و کاره وه خه ریکه ، سه رقاڵی ناونیشان نوسینه و هه وڵ ده دات هه ڵه نه کات ، ناوناوه به وردی به ناونیشانه کاندا ده چێته وه نه وه ك له ژماره ی پۆسته کان هه ڵه یه کی کردبێ ، له و ته مه نه و له م رۆژگاره خۆ ئه و ئی وه ی نیبه کاری وا بکات به ڵام ئه م هه تیوه مێـر منداڵه زۆر بلێیه ئه وه تا ئه وه شی به ملدا هێناوه ، تۆ له وه ش گه رێ ناچار هه ر جاره له گه ڵی دانیشێ بێچاره ده بێ گوێ بۆ د رۆکانی شل کات ، چی بکات پاره ی بیره کانی له سه ر ئه وه ، هه رچه نده جگه ره کێشیش نیبه،به ڵام کاتێ بچنه بارێکه وه ده بێ پاکه تێ جگه ره بکرێت و لێکدا لێکدا دوکه ڵ به باکات ، ئه ویش به ئاره زووی خۆی درۆی بۆ ریـز ده کات ، درۆی بێ تام و شام ، تامی بیره که شی له زاریدا ده گۆرێ !!
- ئه گه ر ناونیشانه کانی له سه ر کاغه زی چه سپێن تایبه تی چاپ بکه یت کاره که زۆر هاسانتر ده بوو ، ئیمشه و زوو له کۆڵم ده کرده وه و به یانی پۆستم ده کردن !؟
بێ ئه وه ی وه ڵامی بداته وه په نجه ی له داتاکه ده گیرا ، ته ماشایه کی کرد ، له نۆرینه که یدا هه ر ئه وه ی بۆ خوێندرایه وه :
- تۆ له گه ڵ هیچ به کرێگیراوێك جیاوازیت نیه ، ئه گه ر که متر نه بی زیاتریش نی ، به دوای به رماوه دا ده گه رای! چیت ده وێ ئه وه ته ئاخورێکی نورت و نوێت له به ر ده مه کـاوێژی خۆت بکه و بێده نگ به !
چ هه تیوێکی چه په ڵه .......تازه ئه و قسانه به چی ده چن ، ئه و براده ره چاکه م لـه سه ر ئه و له خۆم تۆراند ، پار دوو به دوو دانیشتبوین باسی ئه وی بۆ ده کردم ، قسه مان لـه سـه ر ئه وه بوو مرۆڤ ده بێ پیاو بێ و پێ له ته خته ی چروك نه نێ . پێی وتم ده مێکه ده یناسی به ڵام که زانی بۆی هه یه له کداری بکات زوو خۆی لێدروستکرده وه ، وتیشی نه ك هه ر ئه و باوکیشی له سه ر ئه و کاره هیچ و پوچانه ی نامه یه کی بۆ ناردبوو .
باوکه کلۆڵه که ی دوای ته مه نێکی درێژی چیا کوتانه وه و به سه رکردنه وه ی پایته خته کان سوکه ناوێکی بۆخۆی په یدا کردبوو ، له کۆتایدا بێده ستمایه ، ناچار میدالیایی په نابه ری لـه به خه ی پاڵتۆ شڕه که ی داو بێده نگ لێی دانیشت ، سه ره رای ئه وه ش شه رمی به خۆی بوو.
« ئه ز هه موو عومری خۆم له چیاوچۆلاندا به سه ر برد تا ئه و ناوه م بۆخۆم په یـدا کرد ، ئێسته ش پیرو که نه فت له غه ریبی به سه ری ده به م ، گه ر واز له و کـاره نه نـگ و پـرو پوچانه ت نه هێنی ئه و تنۆکه ئابروه ی هه موو عه مرم له پێناودانا ئه ویشم لێده تکێتـه وه بۆیه پێش ئه وه ی بگاته ئه و راده یه ناچارم حاشات لێبکه م »
ده ست و په نجه کانی له خۆه کاریان ده کرد وه ك پارچه یه کی ده رچوو له کۆنترۆڵی مێشك و بیرکردنه وه ی ، کاغه ز ....... پێنوس ....... زه رف ............ ناونیشان .......... نـامه له سه ر نامه باڵای پۆسته که ی به رزتر ده بووه .
سنوری بیرکردنه وه و موگناتیسی خه و له گوریس کێشه کی دابوون ، یه ك ئـه وه دی راده کێشا ، که له سه ری له گۆره پانی گه رِه کی ده کرد پڕ تۆزو و خۆڵ و جۆره ها شـون پێڵاوی گه وره و گچکه .....
نیوه ی به ژنی کوته کاغه زی خستبووه زه رفه که وه نیوه شی هێشتا به ده ره وه بوو ، ده ت وت که روشکێکی سپیبه له ترسی راوکه ر خۆی به کونێکی ته نگبه ر داکردووه نیـوه ی به ده ره وه ماوه ، کاتێ راوچی پان و پۆڕی وێنه ته خته که ی و مێزه که ی لـه تاریکی پشت په نجه ره ی ئه م دره نگه شه وه سه ر نجه کانیان راوکرد ....... له خۆی ورد بوه وه ، چرکه یه ك یا دوو چرکه پتری نه کێشا ........... پێش ئه وه ی ئه و براده ره شی باسه که ی بۆ بگێرێته وه ، کورته چیرۆکێکی خوێندبوه وه ، دڵنیا قاره مانی ئـه و کورته چیرۆکه ش هه ر خۆی بوو .
قاچاخچیبه کی پیس ، ئه م پایته ختی به و پایته خت ده گۆریه وه ، که س نه مابوو قۆڵی نه برێ و ده گه یه کی لێ نـه دا ، هـی وا هه یـه دوای دوو سـێ سـاڵ په نابه ریش قه رزی ئه وی ده دایه وه ، قه رزیش چـی هه مووی درۆ و ده لسه ......... ئـــه و به سته زمانانه ی له دۆزه خه وه رایان ده کرد ده که وتنه به رده ستی ئه و شه یتانه ، به لێ شه یتان ئاسا هه ڵی ده فریواندن ، وای لێهات چاکه ت و پاڵتۆشی له به ر دا ده ما ڵین ؟؟
هه ر راست ئاوای نوسی بوو « ...... ده ی بردن بۆ گرانترین بازاره کانی شار و به ها ترین جلو به رگی پێده کرین . »
- ئای له منتان نه که وی چۆن تـان دڵ دێ ئه و منداڵه سورو سپیانه سه رماخورده گی بن . ئێره ئیدی بێخی دنیایه ، ئێوه نازانن چ سه رمایه که !!
دوای دوو سێ رۆژ له ناکاو وه ك جنۆکه لێیان په یدا ده بوو ده ی کرده هه را ، بـــه په له په ل له ماشێنی ده په ستان و به ره و فرۆکه خانه رایده پێچان ، له وێش چۆن چـل و هه شت سه عات پێش ئێسته جله کانی پێ له به ر کردبوون ئاواش پێی دا ده که ندنه وه . گه وره و گچکه ی روت و قوت ده کرده وه .
- مه گه ر شێت بوون من بۆ ئێوه مه ئێوه بۆ کێتانه ......... به م جل و بـــه رگانه وه به کسه ر ده تان گێرنه وه !! ده یتۆش، تۆش لێم ببه به کاك ........... مـارکـه کانی لێده که ینه وه ، ئێوه پۆلیسی ئه و ناوه ناناسن هه ر له دووره وه به ره نگ و شێوه ی جل و به رگ ده زان له کوێوه هاتوون ، په له که ن ، له وێ جلی چاك و هـه رزان زۆره ، زوو بن ده ی با فریـــا که ون له فرۆکه کـــه دوا نه که ون !!
منداڵه به سته زمانه کان زۆر جاربۆ جـله نوێ یه کانیان ده گریان و گوڕگوڕ فرمێسکیـان ده رشت ، یه ك دوو زله شیان ده خوارد ......
...... هه ستیان ده کرد له شوێنێکی پڕ مه ترسین و ناچار له تـرسان و لـــه بـه ر گه زه ی سه رما توند خۆیان به بـــاوه شی دایك و باوکیانه وه ده نوساند، له قاچاغه رێوه تا داڵان و ژێرزه مینه کانی فرۆکه خانه یـان ده برێ و ده گه یشتنه ریزی ئه و خه ڵکه ی تر ره ق ده بوونه وه ، کـه ده گه یشتنه نێـو فرۆکـــه که ، جـاری پێش هه موو شتێ ده سترێژێك تف و نه عله تیان بۆ ئـــه و ده نارد :
- ده ك خێری لێ نه بینی ، بـــه ژه قنت بێ بێناموس مه گه ر به عس ئاوا خوێڕی بـێ ، ئاوا سه گ و سه گباب بێ .........
جا چ گوێ له و جوێنانه یه ، دوێنی جـلـه کانی له کوێ پێ کریوون ، ئیمرۆش هه ر

بۆ ئەویێ دەباتەوە ، بیانو و درۆ دەلەسەی حازربەدەستی هێند زۆرن خـۆ نابڕێنەوە .
- ئەمەیان گەووە بوو !
- ئەمەیان گچکەیـە !
- ئەوەشیان خانم رای لەرەنگەی نەبوو ، پەشیمان بوەوە ، ئاخر تـــۆ نایان نـاسی ئەوانە خێزانیکی زۆر ناوداری وڵاتن ، لە بنەماڵەیەکی یەکجار بەناو بانگن ، بـاپیریان ............. تەوراتێك درۆ دەلەسەی هەڵدەرشت خاوەن ماڵی شەرمەزار و قەرزاریش دەکردەوە ، خوا خوای بو پارەکەی لێوەرگرێت و لەکۆلی بێتەوە .
بەو پارانە سەودایەکی باشی دەکرد ، دۆلاریکی زۆری بەسەریەکەوە دەنا .
یەکدویەکی تری پەیدا کرد لەوڵاتانەوە وردەواڵەو کەلوپەلیان دێناو دەبرد ، خۆیی لـە بەرکار و باری رامیاری کاتێ شتی وای نەبوو ، تەنیا گەر بـــۆ کۆنفراس و کۆبونەوە گەورەکان سەفەری کردبا لەو شتە وردەواڵانەی دێناو دەبرد ، ئەویش هەر بۆ دیـاری .
چەند ساڵ لەمەوبەر بەکوردیەکی زۆر خەراپ قسەی دەکرد ، سێ بەشی قسەکانی وشەی بێگانەبوون ، بەلام ماوەی ئەم چەند ساڵە هێندەی لەگەڵ ئەو خێزان و زوگورتیـە کوردانەی کە قاچاخی پێوەدەکردن وتبوو ، نەهەر کوردیەکەی پاك ببوەوە و بگرە وشەی جۆراوجۆری زارە جیاکانیشی تێکەوتبوو ، بۆیە هاتبووە سەر ئەو باوەرەی کە کاتی ئەوە هاتووە ئیدی بەتەواوی دەستبکاتە کاری رامیاری و ، رۆژنامەیەکیش لەپێناو خرۆشاندن و جۆشدانی هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی و کوردایەتی کاتییەتی لـەســەر دەستی ئەو لەدایك بێت !!
ئەمەش بۆ ئەو کاریکی تابلێی هاسان بوو ............ گواستیەوە پـایتەختیکی دی ، چەند هەفتەیەکی پێنەچوو سێ چـواریکی وەك خۆی لەدەوری خـۆی کۆکردەوە و داتایەکی کرێ و کەوتە جموجۆڵ ............
تۆش ئێستە هەرچەندە گەنج و ساویلکەنی بگرە زمان لوس و لەبلەبانی وەك خـــۆت کەمن ............ بەلام بەکێکی لەپیرەکەی ئەو ................
دوای خوێندنەوەی کورتە چیرۆکەکە زۆر چاك ئاشنایی سەرگوزشتەی ئەوبووی ، چەند کەسێکیش بەدلسۆزی قسەیان بۆ کردی گوێت لەکەسیان نەگرت .
ئێستە بەشیکی لەداستانە سوتاو و رەشەکەی ژیانی ئەو، واتە دەزانی لەپێناو ئامانجە بەرزەکانت ........... سەروەری ..........هتد ، دەتوانی هەموشتێ بکەیت ، هەموو شتێ قبوڵ بکەیت ، بەتایبەتی ئاخورێ نوێ، بەئاخورگۆرکێ فێربویت و فرچکت پێـوە گۆراوە .
چار چیە ....................
ئەووتا دەمێکە بەسەر مێزەکەوە سەری بەکوتەکاغەزو زەرفەکان کردوە و خەوی لـێکەوتووە .......... کاتێ بەهۆشخۆ هاتەوە و لەشە سیکراپ و شکستەکەی هەڵگرت و لەجێگاکەدا نقومی کرد ........... دەمەو بەیانی بوو ، تازە خۆر ئاقاری ترۆپکی بـاڵەخانە بەرزەکانی شاری دەئەنگاوت .......... پرخە پرخی لـەژورەکـەدا رۆژەرێـبەك دەرۆیی .
کابرای پۆستەچی نامەو کوتەکاغەزی لەکلاورۆژنەی دەرگاکانەوە دەخستە ئـەودیو و بەخشکە دەکەوتنە سەر زەوی ژورەوە .
پرخە پرخەکەت سەرنجراکیشا ، لەژیانیدا سەری بەهیچ کلاورۆژنەکەدا نەکردووە ، ئەم جارەیان نەبێ .......... سەری خوار کردەوە و تەماشایەکی کرد ......... ژوریکی پـر لە ئاژاوە و پەرش و بڵاوی دیت کوتەکاغەز و زەرفی دراو بەو ناوەدا بڵاوببونەوە .
پشتی راست کردەوە و لەبەرخۆیەوە وتی :
- تێ ناگەم کامان پۆستەچین ، من یاخۆ ئەو .............. هەرچۆنێ بێ هەرچەندە لەسەر زەرفەکان لەپێش ناو و نازناوەکەی هەردەم ( میستەر یاخود دکتۆر ) دەنوسن ، بەلام دیارە خۆی خۆی چاکتر دەناسی !!؟

بەبۆنەی مۆلەت وەرگرتنی رەسمی لقی کۆمیتەی ئاشتی و پشـگیری نیشتمانی کوردســـتان / فەرەنسـا ، گەرمترین پیرۆزبــــایی پێشکـەش بەهاورێیان و کارگێرانی لقی فەرەنسا دەکەین ، هیوادارین بەردەوام لـــە کاروباری بەرێوەبردن و راژەکردنی گرفتی نیشتمانی کوردستان سەرکەوتوو سەرفراز بن .

بەرێوەبەرایەتی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

## م . بەرزنجی

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێوەبەرانی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە ئێمستێردام

پرسیار: بەرێزان دەبێت بمان بەخشن کـە هەمیشە لە چاوپێکەوتندا ئـەم پرسـیارە ( تکایە خۆتان بەخوێنەرانی بەرێز بناسێنن ؟ دووبارە دەبێتەوە .
و. - ئەز ناوم رزگار عەلی قادرە ، نزیکەی سێزدە ساڵە ئاوارەی واتانی ئەوروپام ، لە شاری سلێمانی لـــە دایك بووم ، ئێستەش لێرە وەك سکرتێری مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی کاردەکەم .
و. - منیش ناوم عومەر عەبدوڵایە ، لـە هەمان شار لەدایك بووم نزیکەی حـەوت ساڵێك دەبێ لەهوڵەند گیرساومەتـەوە و ئێستەش وەك ئـەنـدامێکی دەستەی بەرێوەبردنی مەڵبەند کاردەکەم .
پرسیار: دەکرێ بۆمان رونبکەنەوە مەڵبەندی رۆشنبیری چییە و بەرنامە و پرۆگرامی چۆنە ؟
و .- لەراستیدا حەزدەکەم بڵێم مەڵبەندی رۆشنبیری بەرنامەو پرۆگرامی زۆرە بەلام ئەوەی لـە هەموو گرنگترە بـــەلامانەوە ، ئەوەیە کە کلتوری وڵاتەکەمان بەخەڵکی بێگانان بناسێنین ، هەموو ساڵێك بیرەوەری هەڵەبجەی شـەهید بکەینەوە ئـەمـەیەکێکە لە ئامانجەکان و تا ئێستە هەموو ساڵێك ئەو بیرەوەرییە ئەنجامدراوە ، مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کـە هەموو گـەلان لە نزیکەوە تراژیدیای کوردستان ببینن .
پرسیار : باشە کاك رزگار ئەو گیروگرفتانە چین رووبەرووی کلتورو زمانـــی کوردی دەبنەوە ، هەڵبەتە لە دەرەوەی وڵات ؟
و - کۆمەلێ گیرو گرفت هەن ، بەتایبەتـی لەبەردەم منالانی کورد لەئەوروپا ئەگەر وا بروات پێم وایە پاش چەند ساڵیکی تر کوردیان لەبیر دەچێتەوە چجای کلتور و فەرهەنگی نەتەوایەتیان .
ئەوکاتە باوانیشیان ناتوانن بەزمانی بێگانە لەگەڵیان بدوێن تا وەکو بەبەباشی لیکدی بگەن ، بەکوردی و کرمانجی نەزارویان لە

دایان و بابان ، نه‌بابان و دایان لـه‌ زارۆیان ده‌ گه‌ ن ، ئه‌ و كاته‌ ش ئه‌ و بۆشاییه‌ ده‌ بێته‌ خه‌ می هه‌ موو خێزانیكی كورد .

پرسیا ر : ده‌ ی ئه‌ دی چاره‌ سه‌ ری ئـه‌ م كێشه‌ چۆن ده‌ بینن ؟

و.- ئـێمـه‌ زۆرچاك چـاره‌ سه‌ ریه‌ كه‌ مـان ده‌ ستنیشان كردووه‌ ، چارمان بۆ داناوه‌ ، به‌ڵام به‌ داخه‌ وه‌ سه‌ رانی خێزانه‌ كان گـه‌ لێـك سستن ، به‌ ڵگه‌ ش ئه‌ وه‌ یه‌ فێرگه‌ یـه‌ كـی سه‌ ره‌ تایی زارۆیانمان دامه‌ زراند، كۆرسێكـی كوردیش به‌ پیتی لاتینی بۆ هه‌ مووان .
سه‌ ره‌ تا ٣٧ تا ٤٠ قوتابی له‌ خۆ گرتبوو ، به‌ڵام مانگێكی نه‌برد ماڵئاواییان كـرد ....... (كاك عومه‌ ر ووتی )

لێم پرسی : باشه‌ هۆكاری ئه‌ م ماڵئاوایی كردنه‌ یان چبوو ؟

و.- به‌ راستی نازانم چیبڵێم ،مرۆڤ شه‌ رم له‌ خۆ ده‌ كاته‌ وه‌ ، چونكێ كێشه‌ كان گه‌ لێك سه‌ ره‌ تای و وردبوون ، بیانوكان ئه‌ مانه‌ بوون ، یه‌ كێ ده‌ یوت نابێ رۆژی یـه‌ كشه‌ مه‌ فێرگه‌ كاربكات ده‌ بێ رۆژی شه‌ مه‌ بێ ،ئه‌ وه‌ ی تر ده‌ یوت نه‌ خێر ده‌ بێت كاژمێر سێێی پاشنیوه‌ رۆژ بێ نه‌ وه‌ ك كاژمێر یه‌ ك ، ئه‌ وه‌ ی راستی بێ خۆشیان ده‌ یانزانی كه‌ بیانوكانییان هیچ نین ، تاكو دوایی وایلێهات فێرگه‌ كه‌ مان داخست ، ئێمه‌ هه‌ میشه‌ ده‌ بێت بڵێین : به‌ داخه‌ وه‌ ین ، كۆرسی دووه‌ م تـاكو ئیمرۆ پێنج شه‌ ش قوتابی هۆڵه‌ ندی نـه‌ ك كـورد تێیدا ده‌ خوێنن و خه‌ ریكی زمانـی كوردین ! به‌ راستی جێگه‌ ی داخه‌ مناڵانی كـورد بێتاوانن بۆچ ده‌ بێ زمانی كوردی نه‌ زانن . !!

پرسیار : مه‌ ڵبه‌ ندی رۆشنبیری له‌ ئێمیستردام ده‌ توانی شتێ بۆ كوردستان ئه‌ نجامبدات ؟

و- ئاخری هه‌ ر ده‌ بێ سكاڵای دڵی خۆمان بكه‌ ین ، ئه‌ گه‌ ر وا نـه‌ بوایه‌ ده‌ مانتوانـی هه‌ ر نه‌ بێ كارێكی باش بكه‌ ین .

پرسیار : مه‌ به‌ ستان له‌ و كاره‌ باشه‌ چیه‌ ؟

و.- مه‌ به‌ ستم ئه‌ وه‌ یه‌ گه‌ ر هه‌ موو لایـه‌ ك به‌ یه‌ كه‌ وه‌ كارمان بكردایه‌ . رێـكخراوه‌ كان به‌ یه‌ كه‌ وه‌ كاری هاوبه‌ شیان بكردایه‌ ئـه‌ و كاته‌ ئه‌ و فیدراسیۆن و مه‌ ڵبه‌ ند و كۆمه‌ ڵـه‌ ....... هتد ، كه‌ ده‌ بوو ، ده‌ بێت وه‌ ك یه‌ ك رێكخراوی كوردی یه‌ ككرتوو كاریان بكردبایه‌ ، نه‌ ك هه‌ ر یه‌ كه‌ و به‌ كاری تـایبه‌ تـی و سه‌ ربه‌ خۆوه‌ خه‌ ریك بوایه‌ ، ئه‌ وكاته‌ ده‌ كرا شتێك بۆ كوردستان به‌ ده‌ ستبێ و ده‌ تـوانم بڵێم وه‌ كو خاچی سوری كوردستانمان لێده‌ هات زۆر هاسانتر بوو كاری زۆر باش و به‌ جێ و رێ ئه‌ نجامبده‌ ین .
به‌ڵام ئێسته‌ مه‌ ڵبه‌ ند به‌ ته‌ نیا ناتوانێ هیچ بكات له‌ وه‌ ی زێتر كه‌ پێی هه‌ ڵده‌ ستێ ، وه‌ ك ناساندنی كلتور ، خواستی ئه‌ وه‌ ده‌ كه‌ م هه‌ مـــوو كۆمیته‌ و كۆمه‌ لـه‌ كوردیه‌ كـان بیرێك له‌ و كێشه‌ یه‌ بكه‌ نه‌ وه‌ . تا هـه‌ موو وه‌ ك رێكخراوێكی یه‌ ككرتوو كاربكه‌ ن .

پرسیار : چالاكیه‌ كانی مه‌ ڵبه‌ ند كامانه‌ ن ؟

و.- چالاكیمان زۆره‌ به‌ڵام وا دیاره‌ خه‌ ڵكان لێی به‌ ئاگا نین ، وه‌ ك به‌ رنامه‌ ئـه‌ مانه‌ ن ١/ پیشه‌ نگه‌ ی كلتوری . ٢/ سـازدانـی سیمینار و پیشاندانی فلیمی كوردی . ٤/ یادی هه‌ ڵه‌ بجه‌ ی شه‌ هید .٥/ یـادی كردنه‌ وه‌ ی په‌ رله‌ مانی كوردی .٦/ئاهه‌ نگی نه‌ ورۆز . ٧/ شه‌ وی كوردی . ٨ / كۆڕ و كۆبونه‌ وه‌ بۆ شاعیران و ئـه‌ دیبـان . ٩/ كردنه‌ وه‌ ی كۆرسی فێربونی زمانی كوردی بۆ هاووڵاتیانی هۆڵه‌ ندی .

پرسیا ر: باشه‌ چالاكی ئه‌ م ساڵتان چیبوو ؟

و.- راستی له‌ به‌ ر بێده‌ رامه‌ تی ئـابوری ئه‌ مسال نـه‌ مانتوانی كارێكی ئـه‌ و تـۆ ئه‌ نجامبده‌ ین ، جگه‌ له‌ وانه‌ نه‌ بێ :
١/ بیره‌ وه‌ ری هه‌ ڵه‌ بجه‌ ، له‌ گۆره‌ پانی دام كه‌ ناوجه‌ رگه‌ ی شاری ئه‌ مستردامه‌ .
٢/ سیمینارێك بۆ فلیمی كوردی .
٣/ئاهه‌ نگێكی كوردی له‌ مانگی سپتێمبه‌ ری ئه‌ مساڵ .
٤/ ڤێستڤاڵی فلیمی كوردی كه‌ چه‌ ند رۆژ له‌ مه‌ وبه‌ ر له‌ هۆلی رۆشنبیری كورد به‌ فلیم پیشاندرایه‌ وه‌ كۆمه‌ ڵه‌ خـه‌ ڵكێكی زۆر به‌ شداریان تێدا كرد .
٥/ رۆژانی پشو مه‌ ڵه‌ به‌ ند ده‌ رگای واڵایه‌ و زۆر له‌ ئه‌ ندامان و دۆستان و براده‌ ران كۆده‌ بنه‌ وه‌ و تادره‌ نگی شه‌ و مۆسـیقـاو گۆرانی كوردی ده‌ بیسترێ و سه‌ رگوزشته‌ و به‌ سه‌ رهاتی سه‌ یرو سه‌ مه‌ ره‌ ده‌ گێرنه‌ وه‌ له‌ پاشانیش ئۆخه‌ ی ئۆخه‌ ی هـه‌ ر كه‌ س ده‌ گه‌ رێته‌ وه‌ ماڵی خۆیی .

پرسیا : بۆچی گۆڤارێك یا بڵاوكراوه‌ یـه‌ كی كوردی مه‌ ڵبه‌ ند چه‌ نگ ناكه‌ وێ ؟

و.- له‌ راستیدا مه‌ ڵبه‌ ند بڵاوكراوه‌ یه‌ كی خۆی هه‌ بوو ، به‌ ڵام به‌ داخه‌ وه‌ وه‌ ستا ، ئه‌ وه‌ ش ده‌ گه‌ رێته‌ وه‌ بـۆ كه‌ مته‌ رخه‌ می خۆمان و كۆمه‌ ڵێ براده‌ ر، مه‌ به‌ ستم ئه‌ وه‌ یـه‌ له‌ توانای هه‌ موو كه‌ سێك دانییه‌ گۆڤار و بڵاوكراوه‌ ده‌ ربكات ، پێویستمان به‌ كه‌ سانی شاره‌ زا و نوسه‌ ر و ئه‌ دیب هه‌ یه‌ ، بـه‌ڵام تا وه‌ كو ئێسته‌ كه‌ س خۆی تێناگه‌ یێنێ ، تا ئێمه‌ ش هه‌ وڵی بۆ بده‌ ین، پێرار گۆڤاریكمان هه‌ بوو واته‌ ١٩٩٣ ، به‌ ناوی « كه‌ شكۆڵ » چه‌ ند ژماره‌ یه‌ كی لێده‌ رچوو ، پا شـان وه‌ ستا ، ئه‌ وه‌ ش ده‌ گه‌ رێته‌ وه‌ بۆ ئـه‌ و براده‌ رانه‌ ی كه‌ یه‌ كه‌ م جار باسم كردن و له‌ ساڵی داهاتوودا به‌ شـداری هـه‌ ڵبژاردن نه‌ بوون به‌ داخه‌ وه‌ گۆڤاره‌ كه‌ هه‌ ر به‌ ساوایی له‌ ناوچوو !!

پرسیار : ئایا مه‌ ڵبه‌ ند سه‌ ر به‌ چ لایه‌ نێكی رامیاریه‌ ؟

و.- چاوه‌ رێی ئه‌ م پرسیاره‌ بووم ، زۆر له‌ جێیه‌ ، چونكێ گه‌ لێك كه‌ س هه‌ ن ، یـا بـڵێـم خه‌ ڵكانی وا هه‌ ن ، وا تێده‌ گه‌ ن كه‌ مه‌ ڵبه‌ ند سه‌ ر به‌ رێكخراوێكی رامیاریه‌ ، وه‌ لێ ئه‌ مه‌ بۆ دڵنیایی هه‌ موو ئه‌ و براده‌ رانه‌ ده‌ ڵێم كـه‌ مه‌ ڵبه‌ ند بێـلایـه‌ نه‌ و هه‌ ر بێـلایـه‌ نیش ده‌ مینێته‌ وه‌ و ئازادانه‌ كاری خۆی راده‌ په‌ رێنێ ، به‌ شێوه‌ یه‌ كی تر، هه‌ ر بێلایه‌ نانه‌ كار ده‌ كات ، دوو باره‌ بۆ هه‌ موو خوێنه‌ رێكی ئازیز دووپاته‌ له‌ سه‌ ر ئه‌ وه‌ ده‌ كه‌ مه‌ وه‌ ، كـه‌ مه‌ ڵبـه‌ ندی رۆشنبیری ئه‌ میستردام سه‌ ر به‌ چ پـارت و رێكخراو یكی رامیاری نییه‌ .

پرسیار : زۆر چاكه‌ ، دوا پرسیاری من ئه‌ وه‌ یه‌ ، به‌ رنامه‌ و پرۆژه‌ و پرۆگرامی مه‌ ڵبه‌ ند بـۆ ساڵی نوێی « ١٩٩٥ » چ ده‌ بێ ؟

و.- حه‌ زده‌ كه‌ م خوێنه‌ رانی ئـازیز بزانن كه‌ مه‌ ڵبه‌ ند حه‌ وت ئه‌ ندامی سه‌ ره‌ كی هه‌ یـه‌ ، پێنجیان هه‌ میشه‌ ین ، دوانیان یـه‌ ده‌ گه‌ ن ، زیاتر له‌ وه‌ ش دوو سه‌ د ئه‌ ندامی گرتۆته‌ خۆ جگه‌ له‌ لایه‌ نگران و دۆستان ، با له‌ باسه‌ كه‌ لا نه‌ ده‌ ین ، به‌ رنامه‌ ی ساڵی نوێمان ئه‌ وه‌ یه‌ : كۆبونه‌ وه‌ یه‌ كی گشتی له‌ گه‌ ڵ مه‌ ڵبه‌ نده‌ كانـی تری هۆڵه‌ ند كه‌ له‌ شاری دنهاخ ، رۆته‌ ردام و گه‌ لێ شاری تر هه‌ ن ، به‌ ئامانجی به‌ ره‌ و پێشه‌ وه‌ بردنی كاره‌ كانمان زیاتر بـۆ ئه‌ وه‌ ی وه‌ ك مه‌ ڵبه‌ ندێكی یه‌ ككرتوو كاربكه‌ ین ، با نێوی بنێین مه‌ ڵبه‌ ندی یه‌ ككرتووی كورد .

« له‌ وكاته‌ دا كاك شـوان خه‌ فاف ئـه‌ ندامی ده‌ سته‌ ی به‌ رێوه‌ به‌ ری مه‌ ڵبه‌ ند هاتـه‌ ژووره‌ وه‌ ، كاك شوان ده‌ ربـاره‌ ی فـلیمـی كوردی « كاروانێكی بێده‌ نگ » دوا ، ئه‌ و وتی :
ئه‌ م فلیمه‌ له‌ به‌ رهه‌ می هونه‌ رمه‌ نـدی كورد « ئیبراهیم سه‌ لمانه‌ » بۆ یه‌ كه‌ مجار له‌ سه‌ ر سكرینی سینه‌ مایی هۆڵه‌ ند پیشاندرا ، لـه‌ رۆژی ١٧ مانگی نۆڤیمبه‌ ر له‌ سـینـه‌ مـای « مۆڤیس » له‌ ئه‌ مسترادام پیشانـده‌ درێتـه‌ وه‌ ، له‌ راستیشدا ئه‌ و فلیمه‌ یه‌ كاویه‌ ك كێشـه‌ ی كوردی راگه‌ یاندووه‌ و نیشانی خۆی پێكاوه‌ .
كاك شوان كه‌ هاته‌ ژووره‌ وه‌ زۆر مـانـدوو دیاربوو ، ده‌ بێ چی به‌ سه‌ رهاتبێ ؟ لـه‌ كاتی هه‌ ڵواسینی ئه‌ فیشی فلیمه‌ كه‌ هه‌ موو كـلیله‌ كانی بزركردبوو ، ئه‌ ملا ئه‌ ولای ده‌ كردوو بۆی ده‌ گه‌ را، هیواداری‌ن كلیله‌ كانی دۆزیبێته‌ وه‌ !!!
، سوپاسی زۆریشمان بۆ كاك رزگا عه‌ لی و كاك عومه‌ ر عه‌ بدوڵا .


ناونیشانی دلانـــپار
P.O.Box 5 3 3
00101 HELSINKI
FINLAND

رالف . س . سۆلیکی

# گۆرانی و هەڵپەرکێی فۆلکلۆری کوردی

گۆڕینی لە ئینگلیزییە وە بۆ کوردی

زاریسۆرانی : رە هبە ر جــە لال

3

ئە م مۆسیقایە وە ك شێوە یە کی تایبە ت بە کلتور ، وە ك کارێکی ئێرکۆلۆژیکە ل لە نێوکوردستاندا و راستە خۆ لە سالی ١٩٥٣ دا تۆمارکراوە ، لە گە ل ئە وە شدا زۆرترین ئە و ستران و گۆرانیانە بە رهە می نە تە وە ین . ئە و گۆرانیانە ی کرێکارە بارزانییـە کان گوتویانن زۆربە یان لە وانە ن کە لە هە لکە ندن و پشکنین بە دوای دۆزینە وە ی کۆنینە دا کاریان دە کرد ، چە ند دانە یە کیان لـە بنکە ی پۆلیسی گوندی شانیدە ر کە کوردبوون وتراون ، دووگۆرانی هی شێخە کانی گوندی باتاس – ن کە لە سە روی ئە م ناوچە یە دان . ئە مە ش دە گە ڕێتە وە بـــۆ ئە وە ی ئە م کە سانە خۆیان ویستیان بوو دە نگیـان تۆماربکرێت هە روە ها ئە وانی دیش بـە شێویـە کی رێکوپێك کاك « فازیل جە مال » ئامادە یکردون و بە تە کنیکێکی پێشکە توو تر لە شـاری بە غدا تۆماریکردون ، بە راستی کارێکی ئاسان نـــە بوو بە بێیارمە تی کاك « بە کر دلێر » کە لە نوسینگە ی وڵاتە یە کگرتووە کاندا لە بە شی پـرسگە و راژە دا کاریدە کرد و گۆرانیە کانی وە رگێرا سـە ر زمانی ئینگلیزی ئە و بە ر هە مە روناکی ببینیٚ .

زۆربـــە ی گۆارنیە کوردیە کان هە روە ك گـــۆرانی خە لکی ئێمە ی چیاکانی „ئە پە لاشیان„وان ،هە مان هێز و توانا وە ك بە شێك لە خو و رە وشت ونە ریتی نە تە وە یی و تێشکێنراوە ی سـاتە کانی خۆشی و ناخۆشی و جە نگ رە نگرێژی کردون.

جۆری ئامیری مۆسیقاییان زۆر سادە یە، دانە یە کیان لە دوولولە پێکدێت و هە روە ك فلوت وایە ، پێدە وتریٚ « دووزە لە – جوزە لە » هە روە ها ئـامێرێکی تر، کە پێستێکە و لە پارچە یە کی تری لە سە ر شێوە ی چایە پە ست چە سپکراوە و پێیـدە وتریٚ « تە پڵ » . دووزە لە نزیکە ی ( دە ) گریٚ درێژە لە دوولولە ی کونکون کراو کە شانبە شانی یە کدی « تە ریب » چە سپکراون ، هە ر لوولە ی بە درێژایی دیـوی سە رە وە ی چە ند کونی تێکراوە کە پە نجە کانی دە ستی دە خرێتە سە ر . بە لام بۆ ئە وە ی دە نگی گە ورە تر و خۆشتربێت ، ئە و جۆرە ی کە کونی گە ورە ی تێدایە لە ئێسکی باڵدار دروستدە کرێت ، بە شـە کە ی کە بە دە مە وە دە ندرێت لە دوو پیکی بچوك پێکهاتووە سە رێکی ئە م پیکانە دە چێتە زارکی زە لە کانە وە ، لە بە شێکی ئە و پیکانە کە دە خرێنە دە مە وە فویان پیادە کرێت تلیشێك هە یە بە شێوە یە کی میکانیزمی دە جولیٚ ، لە کاتی ژە نینی دووزە لە ئە و بە شە ی کـە پیك-ی پێدە گوتریٚ بە تە واوی دە چێتە دە مە وە و گۆپە کانی دووزە لە ژە ن پڕ لە هە وا دە بێت ، ئاوازە کان چە شنی شە پۆل دێنە دە رە وە و بە هۆی جولاندنی پە نجە کانـــە وە دە گۆرڕێن ، دە نگی ئە و ئامێرە دە چێتە وە سە ر ئاواز و دە نـگی ئامێری مۆسـیقای سکۆتلە ندی کە پێدە وترێت « باگ پایپ » .

تە پڵ نزیکە ی دوانزدە گریٚ درێژە ، بە شێکی گرنگی خێزانی کلتوری کوردە ، کاتێك تە پڵلێدە ر دادە نیشیٚ و تە پڵە کە دە خاتە ژێر بازوویە وە و لە سە ر ڕانی چە سپیدە کات، ئە گە ر بە پێوە بێت ئە وا بە پە تێك بە ملیە وە ی هە لدە واسێت ، لێدانی تە پڵ بە پە نجـە و بە یارمە تی دوو شولك دە بێت ، لە بە رکە وتنی پە نجە یان شولکە کان ئە و دە نگە ی کە لە دواوە دە بیسترێت ئاوازی « بووم » دە دات .

لە گە ل دە ستپێکردنی دووزە لە و تە پڵ خە لکان دە ستدە گرن و دە کە ونە شـایی و هە لپە رکیٚ ، بۆ هە رکە سێك کە تە پڵی لە کاتی بە کارهێناندا دیبێت ، دە بینی تە پڵلێدە ر بە دوای هە موو جولانە وە یە کی شایکارانە وە یە و بە تە کنیکی پە نجە و شـولکە کـان هە ستی پڕهونە ری دیارە کە ئە و کارێکی « هونە ری » دە کات .

مۆسیقاو گۆرانی فۆلکلۆری کوردی وە ك هە موو فۆلکلۆری تری جیهان وە هایە ، ئە ویش دە ربڕینی تێشکێنراوە ی سروشتی کێو و نهال و شێو و دۆلە کانە .

گۆرانی کوردی نە ریت و خوورە وشتی ناوچە کە دە خاتە بە رچاو ، ئە وگۆرانیانە ی کە لـە م بە شە دان ، گۆرانی کلاسیکی کوردین کە بە ناوی لاوك یا حە یران ناسراون ، لە ناوچە یە کدا تۆمارکراون کە دوورە لە تێکهە لچوون ، کە وتۆتە بە شی سە روی عیراق ( مە بـە سـتی خواروی کوردستانە ، بە شە کوردستانی ئە وسای لکێندراو بە عیراقە وە / و) ، ئە م گۆرانیانە تە واو هی کوردە کان خۆیانن و مۆرکی نە گۆڕی ئە وانی پێوە .

گۆرانییە ئالیستۆکان کە شە قلی گە ڕۆکە کانی پێوە لە بە شێکی زۆری ناوچە کە بـاون هە روە ك بۆ« تکا ونزای ئاینی » یش دە وترێن ، بە شێوە یە کی پراکتیکی تۆمارکراون لـە کاتی شایی و هە لپە رکیٚ و ئە و ساتانە ی کە رە وانیان شادە و گە رموگوڕن، بە شێوە یە ك چە ند لە وانە بە شێوە ی تە قینە وە ی هێزێکن کە ئامێزی هە وا دە بن و دە ردە چن ، زۆر ئاشکرا دیارە کە گە روو « قورگ » رۆلێکی گرنگ لە یە کگرتنە وە ی دە نگە کـان و دە رچونیان دە بینیٚ ، شایکاران و خە لکە کە بە ردە وام لە هە لبە زوو دابە ز و هە لا لێدانن بە مانای دلخۆشییە وە ئە و دە نگانە ی دی کە دە بیسترێن « چە قە نە » ویـە لاپیتکە لێدانن ئە وانە یش دە ربڕینی هە ستی شادی و خۆشی بە شادارانن.

گۆرانییە تۆمارکراوە کان (١)


پە راوێزە کان :

پرات ، فردرێك : بنچینە ی ئۆرگانی کۆمە لایە تی لە خواروی کوردستان / ئۆسلۆ / ١٩٥٣ . لێکۆلینە وە یە کی ئینترۆپۆلیکی دە ربارە ی کوردە کان لـــە ناوچە ی سلێمانی . دۆگلاس ولیبە م : خاکێکی دژاورو خە لکێکی مرۆڤ دوست / نیۆیۆرك / ١٩٥١ / لێنۆڕینێك لـــە گرفتی کورد . فیشە ر ، و ، ب/ خۆرهە لاتا ناڤین / لە ندە ن / ١٩٥٠ / کورتـە یـە کـی جوگرافی و کلتوری خاکی کوردستان . های . و . ب / دووساڵ لـە کوردستان / لە ندە ن / ١٩٢١ ، راپۆرتێك لە مە ڕ ژیانی کوردە کان / ئە فسە ری رامیاری بە ریتانی . لیك / . ی . ف/ ئۆرگانی کۆمە لایە تی و ئابوری کوردە کانی رە واندز / لە ندە ن / ١٩٤٠ . مینۆرسـکی / کوردو کوردستان لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام / لە ندە ن ١٩١٣. سافراسیان ، ئە رشاك : کوردو کوردستان / لە ندە ن / ١٩٤٨ لیکۆلینە وە یکی رامیاری و مێژویی لە بارە ی کوردە کان ،. سۆن . ی.: بە رە و نێواندووزیٚ و کوردستان بە خۆە شێری .


(١) خوێنە رانی هێژا لە و بە شە دا هێژا سۆلیکی چە ند کۆپلە لە گۆرانیە کان کە بە یارمە تی کاك„بە کردلێر„تە رجمە ی ئینگلیزی کراون تۆماریکردون، بە پێویستمان نە زانی دووبارە بیـان کە ینە وە کوردی لە باتی ئە وە ئێمە گۆرانی و ئاوازە کانمان لە سە ر کاسێت تۆمارکردوە ، کـە زیندوترن و چێتر کە لکیان لێوە ردە گیریٚ ، لە گە ل ئە م ژمارە ی دلانپاردا چە ند دانە کاسێت بە دیاری بۆ ئە و هونە رمە ندە کوردانە ی لە بواری مۆسیقا کاردە کە ن بـە دیاری دە نێرین ، دیارە هە ر خوێنە رێکی کە دە زانی کە لك لە و بە رهە مە وە ردە گریٚ دە توانی پە یوە ندی بە ناونیشانی دلانپارە وە بکات. « وە رگێڕ »


Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket/Kurdish Library
Stockholm/Sweden

پە راوێزی دلانـــپار

# چرپـە!..


ئەم ماوەیە لە پەراوێزی کارەساتی دڵتەزێنی شەڕی خۆکوژی نێوان هێزەکانی یەکێتی + پارتی لە خوارووی کوردستاندا ، لە زۆرلاوە ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارە کوردەکانی ئـاوارەی دونیا بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی ، بەشێوەیەکی دڵخۆشکەرانە دەمی قفڵکراوی بەردەم ئەو هەموو نـاحەقیەی سەبارەت بە چارەنوسی کورد لە پارچەیەکی ئازادکراوی خاکی کوردستاندا دەکرێ ، بۆ وەستاندن و بەرگرتن لە بەردەوام بوون و بێهودەکردنی مایەی خەبات و قوربانی دەیان ساڵەی نەتەوەکەمـان کراوەتەوە .

بــەڵام داخی گرانم لە نـاو ئەو دەنـگانەدا ، چەنـد دەنگێکی نابەرپرسیار و رەدووکەوتووی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و مسۆگەرکردنی پارووی چەوری سەرمایەی خوێنی خەڵك لێرەو لەوێ زۆر بێشەرمانە بانگەشەی ئــەو شەڕەیان کردوە و بـگرە لــە بڵندگۆی ئێزگەو قسەکانی ئێرەو ئەوێ زۆربەی ڕۆشنبیرە بێلایەن و خاوەن هەڵوێستەی دژ بەم شەڕانەوە سوچدار دەکـەن ، لەوەی کە ئەوانیش تووتی ئاسا نەبون و نابنە مایکرۆفۆنی گوتنەوەی شەڕ هەڵگیرسێنەر و زیـاتر خۆشکردنی شانۆگەری بەفیرۆدانی پرۆسەی دیمکراتی و ئازادی لە کوردستاندا ..

من لێرەوە لەو زاتانە دەپرســم ، ئــەرێ ئێوە کێ تان لــە کوردستان کوژراوە و دەکوژرێ ؟ ئەرێ ئێوە کام شار و شارۆچکە و گوند و گەڕەك و ماڵی کەس و کاری خۆتان لــەم دۆزەخە تاڵان دەکرێ و بەر ئارپیجی و گوللە تۆپان دەدرێ و دەسوتێنرێ ؟ بۆ دەبێ وژدانتان بە درێژە پێـدانی ئەم شەڕە خۆکوژییە ، بەچەپڵە لێدان بۆ لایەك و تاوانبارکردنی تەنیا لایەك ئاسودەو شاگەشکە بێت........!؟؟؟

ئەی ئافەرین کوردی رۆشنبیرو وسیاسەتمەداری شارەزای چەرخی فەلەکی کوردان کەوا سەرباری ئەوەی لە وڵاتی ئەورووپی خاوەن شارستانیەت و بەر سێبەری دیمکراتییەت دەژی و لەم چاو پەنایەشەوە سگ و نەوستان تێرەو لە سەری دەڕژێتەوە ، کەچی ئەو جاش ئەم شــەڕەتـان پێخۆشە ............... بێگومان دیارە ئەم پێخۆش بوونە و چەپڵە لێدانە پارووی چەوری پێوەیە !

کــاکە بــاس



# DLANPAR

- Cultural magazine publish In Sorany (south-kurdish)

BY- Kurdistan National Peace & Solidarity Committee

Editoral board - R.Mamash. R.Muhedin. A.Mustafa. H.Akram.

Address - KNPSC. P.O.BOX 533 . 00101 HELSINKI . FINLAND
Bank No- PSP-800024-12855719 Helsinki.Finland
1.Cover - Poster for Halabja .By R.Rasul.
2. Cover- Foto From Kurdistan.